RÛDAW
ژمارە (555) دووشەممە 2019/5/20 – 30ی گوڵان 2719 (750) دینار

## دادوەرێک لەسەر پۆستێکی فەیسبووک سزادەدرێ

**رووداو- هەولێر**

سەرۆکی داواکاری گشتیی هەرێمی کوردستان رەتیکردەوە هیچ دادوەرێکیان بەهۆی تۆمارکردنی سکاڵا لەسەر وەزیری دارایی گواستبێتەوە و گوتی "ئەو دادوەرە لەسەر بڵاوکردنەوەی تۆمەتی نەشیاو و بێ بنەما، بڕیاری ئینتیدابی بۆ دەرچووە بۆ قەزای خەبات".

رۆژی 2019/5/5 ئەبوبەکر حامید عەبدوڵڵا، ئەندامی داواکاری گشتی لە دەستەی دەستپاکی سکاڵای یاسایی لەدژی رێباز حەملان، وەزیری دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان تۆمار کرد. لە هەمان رۆژدا، بە بڕیارێکی سەرۆکایەتی داواکاری گشتی، ئەبوبەکر حامید بڕیاری ئینتیدابکردنی بۆ قەزای خەبات بۆ دەرچوو، واش بڵاوکرایەوە کە بڕیارەکەی داواکاری گشتی سزادانی ئەندامەکەی داواکاری گشتیی بووە لە بەرامبەر تۆمارکردنی سکاڵاکەی لەسەر حکومەت.

بەڵام حاکم ئازاد ئەحمەد، سەرۆکی داواکاری گشتی لە هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند: "بڕیاری ئینتیدابکردنی ئەبوبەکر حامید لەسەر نووسینەکانی بووە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەندێک وشەی نەشیاوی بە دادوەرانی داواکاری گشتی گوتووە و تۆمەتی ئەخلاقی خستووەتە پاڵیان.... بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگە و بنەمایەکی هەبێت". گوتیشی سەرەتا ئاگاداریان کردووەتەوە، بەڵام گوێی بە ئاگادارکردنەوەکە نەداوە، بۆیە سەرۆکایەتی داواکاری گشتی "لەپێناو بەرژەوەندی گشتی" ئینتیدابی کردووە بۆ قەزای خەبات

«2



**دلاوەر عەلائەددین:**
ئەمریکا و ئێران و شەبەحی شەڕ
14

سەرۆکوەزیرانی سوید پشتگیری خانمە بەربژێرێکی کورد دەکات
11

ئێران هەناردەکردنی کەلوپەل و خۆراک بۆ کوردستان کەمتر دەکاتەوە
5

# پارتی و یەکێتی لیژنەی هاوبەش بۆ کەرکووک دروستدەکەن

**رووداو — سلێمانی**

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەڵێ، ئەگەر یەکێک لەو ناوانەی یەکێتی پێشنیازی کردوون وەک پارێزگاری کەرکووک پەسەند نەکرێت "ئاسان نییە بچینە نێو حکومەتەوە، ئەگەرچی رێککەوتننامەی واژۆکراویشمان هەبێت".

بەرپرسێکی پارتیش دەڵێ، لەگەڵ یەکێتی لە بەغدا سەرقاڵی گفتوگۆن لەسەر پرسی کەرکووک "دوای پێکهێنانی حکومەت هەردوولا لیژنەی هاوبەش دروستدەکەن بۆ چارەسەری دۆخی کەرکووک".

زیاد جەبار، ئەندامی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان، ئەو دەنگۆیانە رەتدەکاتەوە کە باس لە ناکۆکی دەکەن لە رێککەوتننامەی نێوان پارتی و یەکێتی سەبارەت بە کەرکووک: "ئێمە وەک فراکسیۆنی یەکێتی پابەندین بە رێککەوتننامەکەمان لەگەڵ پارتی و لای ئێمەوە رێککەوتنەکە وەک خۆی جێبەجێ دەکرێت و گرفتێکی نییە".

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، باسی رێککەوتنە سیاسییەکەی سەرەتای مانگی نیسانی رابردوو، هەروەها رێککەوتنەکەی ئەمدواییە دەکات کە بۆ دابەشکردنی پۆستەکانی حکومەت واژۆیان کرد و دەڵێ "کاک کۆسرەت و کاک مەسعود، بۆ خۆیان دوو قۆڵی رێککەوتوون لەسەر ئەوەی پارێزگارێک بۆ کەرکووک دیاری بکەن، ئالیەتەکەش تەنیا ئەو دوو کەسە دەیزانن و وردەکارییەکەی بە سەرکردایەتی هەردوولا نەگەیشتووە هێشتا".



بەپێی ئەو زانیاریانەی (رووداو) لەسەرچاوەیەکی ئاگادارەوە دەستی کەوتوون، لە زۆربەی کۆبوونەوەکانی پارتی و یەکێتی باسی کەرکووک کراوە، هەرجارە و جۆرە بۆچوونێک زاڵبووە بەسەر کەشی کۆبوونەوەکاندا. بەڵام دواجار لەسەر ئەوە رێککەوتوون کە دوای هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم و پێکهێنانی کابینەی حکومەت لیژنەیەک بۆ چارەسەری پرسی کەرکووک پێکبهێنرێ.

بەپێی رێککەوتنەکە، ئەو لیژنەیەی سەردانی بەغدا دەکات بۆ دانوستاندن لەسەر کەرکووک، ئەگەر لەگەڵ بەغدا و هەرێم لەسەر ئەو پرسانە گەیشتنە رێککەوتن، ئەوکات بارزانی و کۆسرەت رەسوڵ لە کۆبوونەوەیەکی دووقۆڵیدا، پارێزگاری شارەکە یەکلایی دەکەنەوە، بەو مەرجەی بۆ یەکێتی بێت، بەڵام ئێستا بەرپرسە کەرکووکییەکانی نێو یەکێتی گوشار لە حیزبەکەیان دەکەن پرسی کەرکووک هاوتەریب لەگەڵ هەنگاوەکانی پێکهێنانی حکومەت یەکلایی بکرێتەوە.

شاندێکی پارتی و یەکێتی، بە جیا لە بەغدان و سەرقاڵی دانوستاندنن لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان و بەرپرسانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دۆخی کەرکووک و ناوچەکانی دەوروبەری. ئەندامێکی ئەو شاندە کە داوای کرد ناوی بڵاو نەکرێتەوە، بە (رووداو)ی گوت: "هێشتا لیژنەی هاوبەشی پارتی و یەکێتی بۆ پرسی کەرکووک پێکنەهاتووە و دروستکردنی ئەو لیژنە هاوبەشە دەکەوێتە دوای دروستکردنی کابینەی نوێ".

گوتیشی: "رێککەوتنی سەرۆک بارزانی و کاک کۆسرەت رەسوڵ، تەنیا بۆ دانانی پارێزگاری کەرکووکە، بۆ پرسی ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک، شاندی حکومی کە پارتی و یەکێتی تێدان دەچنە بەغدا، لەو کۆبوونەوانەش کە لەماوەی رابردوو ئێمە و یەکێتی لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان کردوومانە، یەک بۆچوونمان هەیە لە بارەی کەرکووکەوە".

«3

# (رووداو) ناوی بەربژێرە یەکلابووەوەکان بڵاو دەکاتەوە

**رووداو — سلێمانی**

حیزبەکان سەرقاڵی پوختکردنەوەی ناوی بەربژێرەکانیانن بۆ ئەوەی کاتێک بەربژێری سەرۆکی حکومەتی داهاتوو بۆ پێکهێنانی کابینەکەی رادەسپێردرێت، بتوانن لەوادەی یاسایی خۆیدا ناوەکانی رادەست بکەن.

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی بە (رووداو)ی راگەیاند، راستە دوو کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی بەڕێوەچووە، بەڵام لەو کۆبوونەوانەدا هیچ ناوێک ساخ نەکراوەتەوە و باسی ئەوە کراوە پێویستە بەربژێرەکان کەمتر بکرێنەوە بۆ ئەوەی رێککەوتن لەسەریان ئاسانتر بێت.

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی، ئاگاداری وردەکارییەکانە دەڵێ: "بۆچوونێک هەیە سەرەتا پۆستی سەرۆکایەتییەکان کە یەکێتی سەرۆکی پەرلەمان و جێگری سەرۆکی هەرێم و جێگری سەرۆکی حکومەتی هەیە، بە پاکێجێک یەکلایی بکرێنەوە و دواتر وەزارەتەکان. بەڵام بۆچوونێکی دیکە پێیوایە هەموو پۆستەکان بکرێنە یەک پاکێج".

بەربژێرانی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێکهاتبوون لە قادر حەمەجان، عیماد ئەحمەد، عومەر فەتاح، ئەرسەلان بایز، جەعفەر مستەفا، بەڵام ئێستا تەنیا عومەر فەتاح و شێخ جەعفەر مستەفا ماونەتەوە. بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) لە کۆبوونەوەی سەرەتای ئەم هەفتەیەی مەکتەبی سیاسی ئەو حیزبەدا، بڕیاردراوە ئەوانەی بەربژێرن نابێت ناویان لە نێو لیژنە 11 کەسییەکەدا هەبێت کە بەربژێرەکان یەکلایی دەکاتەوە. ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی گوتی "کاک عومەر فەتاح لەبەر ئەوەی نەکشاوەتەوە لە بەربژێری جێگری سەرۆکی هەرێم، لە سەرۆکایەتی لیژنەی هەڵسەنگاندنی سیڤییەکان نامێنێ".

سەبارەت بەو پۆستانەی یەکلایی بوونەتەوە "قوباد تاڵەبانی و دەرباز کۆسرەت رەسوڵ. ئەو دووانە بۆ جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزارەتی پلاندانان. هەروەها جەعفەر مستەفا بۆ جێگری سەرۆکی هەرێم و حەمەی حەمەسەعید بۆ وەزارەتی رۆشنبیری، یەکلایی بوونەتەوە".

بەپێی قسەی ئەندامێکی جڤاتی نیشتیمانی بزووتنەوەی گۆڕان، ئەو ناوانەی لەنێو بزووتنەوەکەدا دەتوانرێ وەک ناوی یەکلابووەوە ناویان بهێندرێ، پێکدێن لە مستەفای سەید قادر بۆ جێگری سەرۆکی هەرێم، جەلال جەوهەر، بۆ یاریدەدەری سەرۆکی حکومەت بۆ کاروباری چاکسازی. کوێستان محەممەد، بۆ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.

هەرچی سەبارەت بە پارتییە، ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی دەڵێ هێشتا پارتی ناوی هەموو وەزیرەکانی خۆی یەکلانەکردووەتەوە "یەکلابوونەوەی بەشێک لە وەزیرەکانی پارتی دەکەوێتە دوای دەستبەکاربوونی سەرۆکی هەرێم، ناو زۆرن و هەڵسەنگاندن بەردەوامن، بێگومان هەوڵدەدرێ زۆرینەی وەزیرەکان روخساری نوێ بن".

«3

# نێچیرڤان بارزانی نامەیەک بۆ یوئێن و ئەنجوومەنی ئاسایش دەنێرێ

**رووداو- نیویۆرک**

لە نامەیەکدا بۆ سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێنج خاڵی داوا لە یونامی دەکات لە جێبەجێکردنی مادەی 140دا رۆڵی هەبێت.

نامەکە کە کۆپییەکەی دەست (رووداو) کەوتووە، پێش سێ هەفتە دێت لە دەنگدانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لەسەر پرۆژە بڕیارێک بۆ درێژکردنەوەی وادەی کاری یۆنامی لە عێراق بۆ یەک ساڵی دیکە.

یەکەمین داواکاری بارزانی بۆ ئەنتۆنیۆ گوتێرێش دەربارەی کەرکووک و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانە. بارزانی لە نامەکەدا دەڵێت نێردەی تایبەتی سکرتێری گشتی یوئێن لە عێراق دەتوانێت "رۆڵێکی سەرەکی بگێڕێت" وەکو ناوبژیکار و دەستپێکردنی "دایەلۆگێکی چڕ" لە نێوان هەولێر و بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، لەوانەش: "جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستووری عێراق".

ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی هەموو ساڵێک بە پرۆژە بڕیارێک وادەی کاری بەرنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق درێژ دەکاتەوە و ئەرک و کارە لەپێشینەکانی دیاری دەکات. لە ساڵانی رابردوودا بەهۆی ناڕەزایی بەغدا، بابەتی کەرکووک و ماددەی 140 نەکراوەتە ئەولەویەتی یۆنامی لە عێراق.

بەگوێرەی سەرچاوەیەکی دیپلۆماسی، رەشنووسی پرۆژە بڕیاری ئەمساڵیش دەربارەی یۆنامی کە چاوەڕوان دەکرێت لە رۆژی 31ی ئایار دەنگی لەسەر بدرێت، ئەو خاڵەی تێدا نییە. تاوەکو ئێستاش وڵاتانی ئەندام لە ئەنجوومەنەکە وەڵامی فەرمی نامەکەی نێچیرڤان بارزانییان نەداوەتەوە.

لە خاڵێکی دیکەی نامەکەدا، بارزانی داوای بەرزکردنەوەی ئاستی نوێنەرایەتی نەتەوەیەکگرتووەکان دەکات لە هەرێمی کوردستان کە لانیکەم بەرپرسێکی نەتەوەیەکگرتووەکان دابنرێت لە هەولێر لە ئاستی جێگری نێردەی سکرتێری گشتی بێت. هەروەها داواش دەکات بنکەی سەرەکی بەرنامەی مرۆیی نەتەوەیەکگرتووەکان لە بەغداوە بگوازرێتەوە هەولێر چونکە "90%ی ئاوارەکانی سووریا لە عێراق و 60%ی هەموو ئاوارەکانی عێراق لە هەرێمی کوردستانن".

«4

راپۆرت 5

کارمەندێکی پێشووی ئاسایشی پارتی 20 رۆژە دیار نەماوە



راپۆرت 6

زبڵی رانیە گەندەڵی تێدەکەوێ

ئابووری 8

هەرێمی کوردستان رۆژانە 25 هەزار تۆن چیمەنتۆ بە عێراق دەفرۆشێ



ژنان 12

ژنێکی دووگیان بە توندی ئەشکەنجە دەدرێ





## لە بەغدا دووکانەکانی فرۆشتنی ماددە کحوولییەکان دادەخرێن

**رووداو– هەولێر**

فەرماندەیی پۆلیسی بەغدا دەستپێکردنی هەڵمەتێکی داخستنی شوێنەکانی فرۆشتنی خواردنەوە کحولییەکانی لە شاری بەغدا ڕاگەیاند. فەرماندەیی پۆلیسی بەغدا لە بەیاننامەیەکدا رۆژی 19-5-2019 کۆپییەکی بۆ تۆڕی میدیایی رووداو نێردراوە رایگەیاند "فەرماندەیی پۆلیسی بەغدا هەڵمەتێکی داخستنی شوێنەکانی فرۆشتنی خواردنەوە کحولییەکانی لە شاری بەغدا ئەنجامدا، هاوکات چاودێریشیان توندکردووە و ڕێکاری یاساییشیان لەبەرامبەر سەرپێچیکاران و ئەوانەی بە ئاشکرایی دەخۆن و دەخۆنەوە گرتووەتەبەر". بەپێی بەیاننامەکە "بەو پێیەی ئەو دیاردانە پێچەوانەی ڕێزگرتن و پیرۆزی مانگی رەمەزانن، بۆیە ئەو هەڵمەتەیان دەستپێکردووە

# دادوەرێک لەسەر پۆستێکی فەیسبووک دەگوازرێتەوە


هەرێمی کوردستان–عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی داد
سەرۆکایەتی داواکاری گشتی
خامەی نهێنی
اقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة العدل
رئاسة الادعاء العام
القلم السري
Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
No:
Date: ٥ / ٥ / ٢٠١٩
فەرمانی کارگێری
لەبەر بەرژەوەندی گشتی و باشترکردنی و کارەکان و دابەشکردنی کارەکانی ئەندامانی داواکاری گشتی و پاڵپشت بە ماددەی (٥٠) برگەی (شەشەم) لە یاسای داواکاری گشتی ژمارە (١٥٩)ی ساڵی (١٩٧٩)ی هەموارکراو، بڕیارماندا بە ئینتیدابکردنی ئەم بەڕێزەی کە ئەندامی داواکاری گشتی یە ناو و شوێنی کارکردنی لە خوارەوەدا هاتووە بە رامبەر ئەو شوێنەی کە بۆی دیاری کراوە. ئەم فەرمانە جێ بە جێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە.

| ژمارە | ناوی سیانی | شوێنی کارکردنی پێشوو | شوێنی کارکردنی ئێستای |
|---|---|---|---|
| ١ | ابوبكر حامد عبدالله | فەرمانگەی داواکاری گشتی هەولێر | جێگرایەتی داواکاری گشتی خەبات |

دادوەر
ئازاد حسن أحمد
سەرۆکی داواکاری گشتی
٢٠١٩/٥/٥

العدد/ ١ / تحريك / ٢٠١٩
التاريخ / ٥ / ٥ / ٢٠١٩
الادعاء العام في
محكمة استئناف منطقة اربيل
السيد /قاضي محكمة تحقيق /هيئة النزاهة في اقليم كوردستان – العراق . الموقر
م/ تحريك الدعوى الجزائية بموجب المادة (٢ /اولا) من قانون الادعاء العام النافذ.
المدعي العام
ابوبكر حامد عبدالله

**شکار ئەحمەد**
**رووداو – هەولێر**

سەرۆکی داواکاری گشتیی هەرێمی کوردستان ڕەتیکردەوە هیچ دادوەرێکیان بەهۆی تۆمارکردنی سکاڵا لەسەر وەزیری دارایی گواستبێتەوە و گوتی "ئەو دادوەرە لەسەر بڵاوکردنەوەی تۆمەتی نەشیاو و بێ بنەما، بڕیاری ئینتیدابی بۆ دەرچووە بۆ قەزای خەبات".

ڕۆژی 2019/5/5 ئەبوبەکر حامید عەبدوڵڵا، ئەندامی داواکاری گشتی لە دەستەی دەستپاکی سکاڵای یاسایی لەدژی ڕێباز حەملان، وەزیری دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان تۆمار کرد، لە سکاڵاکەیدا ئاماژەی بەوە کردووە کە ڕێباز حەملان لە ماڵپەڕی فەرمی وەزارەتی دارایی و چەند کەناڵێکی میدیا باسی لەوە کردووە حکومەتی عێراق مووچەی چوار مانگی پێشمەرگە و فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانی داوە، بەڵام دابەش نەکراوە، بۆیە وەزیر و فەرمانبەرانی وەزارەتی دارایی بە "گەندەڵی و بەهەدەردانی سامانی گشتی" تۆمەتبار کردووە.

لە هەمان ڕۆژدا، بە بڕیارێکی سەرۆکایەتی داواکاری گشتی، ئەبوبەکر حامید بڕیاری ئینتیدابکردنی بۆ قەزای خەبات بۆ دەرچوو، واش بڵاوکرایەوە کە بڕیارەکەی داواکاری گشتی سزادانی ئەندامەکەی داواکاری گشتیی بووە لە بەرامبەر تۆمارکردنی سکاڵاکەی لەسەر حکومەت.

بەڵام حاکم ئازاد ئەحمەد، سەرۆکی داواکاری گشتی لە هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی ڕاگەیاند: "بڕیاری ئینتیدابکردنی ئەبوبەکر حامید لەسەر نووسینەکانی بووە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نەک ئەو سکاڵایەی کە لە دەستەی دەستپاکی لەسەر وەزیری دارایی تۆماری کردووە. لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەندێک وشەی نەشیاوی بە دادوەرانی داواکاری گشتی گوتووە و تۆمەتی ئەخلاقی خستووەتە پاڵیان، تۆمەتی گەندەڵیشی خستووەتە پاڵ داواکاری گشتی، دەستەی دەستپاکی، دیوانی چاودێری دارایی، بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگە و بنەمایەکی هەبێت".

سەرۆکی داواکاری گشتی گوتیشی: "سەرەتا بڕیاری ئاگادارکردنەوەمان بۆ دەرکرد و پێمانگوت ئاگادارت دەکەینەوە زانیاری نادروست لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاونەکەیەوە، ئەوە دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە داواکاری گشتی و بەلاڕێدابردنی ڕاستییەکان، بۆیە پاڵپشت بە ماددەی 61، بڕگەی 2 لە یاسای داواکاری گشتی ژمارە 159ی ساڵی 1979ی هەموارکراو، پێت ڕادەگەیەنین ئەم کارە دووبارە نەبێتەوە".

بەڵام بە گوتەی سەرۆکی داواکاری گشتی، ئەو دادوەرە گوێی بەو ئاگادارکردنەوەیە نەداوە و بەردەوام بووە لە نووسینەکانی لە دژی ئەو دامەزراوەیە. حاکم ئازاد ئەحمەد دەڵێت: "دواتر هەر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نووسینێکی دیکەی بڵاوکردووەتەوە و لەبری ئەندامانی داواکاری گشتی، نووسیویەتی ئەندامانی داواکاری (قشتی)، ئەمەشی وەکو ئیهانەیەک بە دامەزراوەی داواکاری گشتی و ئەندامەکانی نووسیوە، بۆیە ڕۆژی 2019/5/5 سەرۆکایەتی داواکاری گشتی لەپێناو بەرژەوەندی گشتی ئینتیدابی کردووە بۆ قەزای خەبات، کە ئەمەش ڕێکارێکی یاساییە نەک سزادان، ئێمە کەمترین ئیجرائاتمان لەگەڵی کردووە".

سەبارەت بە سکاڵاکەی ئەبوبەکر حامید لەسەر وەزیری دارایی لە دەستەی دەستپاکی، سەرۆکی داواکاری گشتی گوتی: "ئەو لە دادگای باری کەسێتی دەوامی دەکرد و مافی ئەوەی نییە لە دادگای لێکۆڵینەوەی دەستەی دەستپاکی سکاڵا تۆمار بکات، چونکە بەپێی ماددەی 27 لە یاسای داواکاری گشتی، سەرۆکی داواکاری گشتی بڕیار لە دابەشکردنی کارەکان دەدات و ئەوانی دیکەش پێوەی پابەند دەبن، بۆیە هەموو سکاڵایەک لەڕێگەی لیژنەی مافی گشتییەوە تۆمار دەکرێت و ئەو مافی ئەوەی نییە سکاڵا تۆمار بکات، بەبێ ئاگاداری ئێمەش سکاڵاکەی تۆمار کردووە".

سەرۆکی داواکاری گشتی تێبینی دیکەشی لەسەر سکاڵاکەی ئەبوبەکر حامید لە دەستەی دەستپاکی هەیە و دەڵێت: "لە سکاڵاکەیدا نووسیویەتی وێنەیەک بۆ داواکاری گشتی حکومەتی عێراق کە ئەمەش دەبێت لەڕێگەی ئێمەوە بێت، هەروەها کاتێک خۆی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەستەی دەستپاکی بە دامەزراوەیەکی گەندەڵ ناوبردووە، چۆن متمانەی پێکردووە و سکاڵای لەلای ئەوان تۆمار کردووە؟ تاوەکو ئێستاش دادگای لێکۆڵینەوە سێ جار داوایان لێکردووە بەڵگەکانی بێنێت، بەڵام نەیبردووە، چونکە نیەتی، وەزیری داراییش پێیگوتم هەر بەڵگەیەکی هەیە با بیخاتەڕوو".

سەرۆکی داواکاری گشتی ڕەتیدەکاتەوە هیچ ڕێکارێکی یاسایی لە دژی ئەبوبەکر حامید لەسەر سکاڵاکەی گرتبێتەبەر و گوتی: "ئەمە سەرپێچییەکی زۆر گەورەیە، هێشتا ئەو کەیسەم لەدژی نەوروژاندووە، چاوەڕێم بەڵگەکانی بخاتەڕوو، ئەگەر بەڵگەی نەبوو لەسەر ئەو تۆمەتانەی بەرامبەر حکومەت و وەزیری دارایی باسی کردووە، لەگەڵ لیژنەکانی خۆمان کۆدەبینەوە و بڕیار دەدەین چ ڕێکارێکی بەرامبەر بگرینەبەر".

(رووداو) پەیوەندی بە ئەبوبەکر حامید، ئەندامی داواکاری گشتییەوە کرد، بەڵام ئەو ئامادە نەبوو بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی لە سەرۆکی داواکاری گشتی هیچ لێدوانێک بدات، سەرۆکی داواکاری گشتیش ڕەزامەندی نەدا قسە بکات.

## دانیشتووانی گەڕەکەکە سکاڵایان لەسەر پزیشکەکە تۆمار کردووە

# بە ڕێپێدانی خانوو نەخۆشخانەیەک لەنێو ماڵان دروست دەکات

**شکار ئەحمەد**
**رووداو – هەولێر**

لە گەڕەکی وەزیران لە شاری هەولێر، پزیشکێک نەخۆشخانەیەک لەسەر دوو زەویی نیشتەجێبوون لەنێو ماڵان دروست دەکات، خەڵکی گەڕەکەکە بەهۆی هەراسانبوونیان سکاڵا لەسەر پزیشکەکە تۆمار دەکەن، بەرپرسانی شارەوانیش دەڵێن نەخۆشخانەکە بەشێوەیەکی نایاسایی لەسەر زەوی نیشتەجێبوون دروستکراوە.

حاجی موسڵیح ئیسماعیل، دەڵێ چەند ساڵێکە بەهۆی نەخۆشخانەکە ژیانیان تاڵ بووە و ئەگەر چارەسەرێکی بۆ نەدۆزرێتەوە بار دەکات: "زیاتر لە حەوت ساڵە ئەو نەخۆشخانە ئەهلییە بەرامبەر ماڵی منە. ڕۆژ و شەو بەدەست قەرەباڵغی و هاتوچۆی بەردەوامی ئۆتۆمبێل و نەخۆش و سەردانکەرانی نەخۆشخانەکەوە بێزار بووین".

حاجی موسڵیح گوتیشی: "پزیشکێکی عەرەب بەناوی دکتۆر محەممەد زوهێر بینایەکی بەرزی لەنێو ماڵان دروستکردووە. سەرەتا بەناوی نەخۆشخانەی بەریتانی و ئێستاش بەناوی سەنتەری بەریتانی کاردەکات، نهۆمی سەرەوەی نەخۆشخانەکە تەختی نەخۆشی لێیە و بەسەر ماڵەکاندا دەڕوانێت. من خۆم سێ کچی گەنجم هەیە و تەنانەت ناتوانن بێنە حەوشەش".

بەگوتەی حاجی موسڵیح، ساڵی 2011 ئەو شوێنە خانوو بووە، پزیشکە عەرەبەکە سەرەتا ڕێپێدانی خانووی وەرگرتووە، بەڵام دواتر کردی بە باڵەخانەی بازرگانی: "شوێنەکە بەپێی یاسا بۆ نیشتەجێبوونە و مۆڵەتی زەوییەکانیش بۆ خانووە نەک باڵەخانە. ئەویش سەرەتا مۆڵەتی خانووی وەرگرتووە، بەڵام کردوویەتی بە نەخۆشخانە. نزیکەی دوو هەفتەشە نەخۆشخانەکەی گۆڕیوە و کردوویەتی بە سەنتەر. لەکاتێکدا بەپێی یاسا بەهیچ شێوەیەک نابێت سەنتەر و نەخۆشخانە و شوێنی بازرگانی لە نێو ماڵان بن".

نەخۆشخانەکە لە کەرتی 9ـی گەڕەکی وەزیرانی هەولێرە، ئێستا پزیشکەکە دەیەوێت شوێنەکەی فراوانتر بکات. حاجی موسڵیح دەڵێ: "ماوەیەکە پزیشکە عەرەبەکە زەوییەکی 300 مەتری لە تەنیشت سەنتەرەکە کڕیوە و دەیەوێت ئەویش بکاتە باڵەخانە و بۆ سەنتەرەکەی زیاد بکات، چەندین جار واژۆمان کۆکردووەتەوە و داوامان لە شارەوانی کردووە ڕێگە نەدرێت ئەو باڵەخانەیە لەنێو ماڵاندا بێت، بەڵام کەس گوێمان لێناگرێت".

بەڕێوەبەری شارەوانی دوو پێیوایە لە سەرەتاوە نەدەبوو ڕێگە بدرێت ئەو شوێنە بکرێتە نەخۆشخانە. مازن ئەحمەد، بەڕێوەبەری

> **ئەو شوێنە بۆ یەکەی نیشتەجێبوونە نەک دروستکردنی باڵەخانەی بازرگانی و نەخۆشخانە**
>
> ئامۆزایەکی مامەش

شارەوانیی دووی هەولێر بە (رووداو)ی ڕاگەیاند: "نزیکەی حەوت ساڵە ئەو نەخۆشخانەیە لەنێو ماڵاندا دروستکراوە، دەبوو هەر ئەوکاتە ڕێگە بە دروستکردنی نەدرێت، بەڵام شارەوانی مۆڵەتی بە خاوەنەکەی دا کە پزیشکێکی عەرەبە و باڵەخانەی نەخۆشخانەکەی لەسەر دروستکرد".

بەڕێوەبەری شارەوانیی دووی هەولێر گوتیشی: "دوای حەوت ساڵ پزیشکە عەرەبەکە زەوییەکی 300 مەتری دیکەی لەتەنیشت نەخۆشخانەکە کڕیوە و دەیەوێت ئەویش بکات بە باڵەخانە و لەگەڵ نەخۆشخانەکە تێکەڵی بکاتەوە. دەستی بە کارکردن کردووە لە سەرۆکایەتی شارەوانی و ئەنجوومەنی شارەوانی هەولێریش مۆڵەتی درووستکردنی باڵەخانەکەی وەرگرتووە".

ئێستا دانیشتووانی گەڕەکەکە سکاڵایان لەسەر پزیشکەکە تۆمار کردووە. مازن ئەحمەد دەڵێ: "دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی لە شارەوانی هەولێر و ئەنجوومەنی شارەوانی، پزیشکەکە دەستی بە دروستکردنی باڵەخانەی دووەم کرد، بەڵام دانیشتووانی گەڕەکەکە سکاڵایان لەسەر پزیشکەکە تۆمارکرد و ئێمەش سکاڵاکەمان ناردووە بۆ ئەنجوومەنی شارەوانی هەولێر و چاوەڕوانی بڕیاری ئەنجوومەنەکە دەکەین".

عەبدوڵڵا عەبدولغەنی، سکرتێری ئەنجوومەنی شارەوانی هەولێر بە (رووداو)ی ڕاگەیاند: "هەرچەندە هەموو شەقامێکی 30ی مەتری لە هەولێر دەبێتە شوێنی بازرگانی، بەڵام تەنیا لە نەخشەی کەرتی 9ی گەڕەکی وەزیراندا ئەگەرچی شەقامەکەش 30 مەترییە، بەڵام مۆڵەتی زەوییەکان وەکو یەکەی نیشتەجێبوون دراون و شوێنەکە بۆ خانوو و یەکەی نیشتەجێبوونە نەک دروستکردنی باڵەخانەی بازرگانی و نەخۆشخانە، بۆیە دروستکردنی نەخۆشخانەیە لەنێو ئەو هەموو ماڵانە نایاساییە".

دوای بەدواداچوونی (رووداو) بۆ کەیسەکە، ئەنجوومەنی شارەوانی بەشێوەیەکی کاتی بڕیاری ڕاگرتنی دروستکردنی باڵەخانەکەی داوە و لە چەند ڕۆژی داهاتووش بڕیاری کۆتایی لەسەر دەدەن. سەرۆکی ئەنجوومەنی شارەوانیی هەولێر دەڵێ: "ئێمە ڕەزامەندیمان نەداوە لەسەر دروستکردنی نەخۆشخانەکە، چونکە زەوییەکە بازرگانی نییە. کێشەی ئەم نەخۆشخانەیە چەند جارێک هاتووەتە ئەنجوومەنی شارەوانی، بەڵام هێشتا یەکلایی نەکراوەتەوە. بۆیە دروستکردنی باڵەخانەکە بەشێوەیەکی کاتی ڕاگیراوە و لە چەند ڕۆژی داهاتوودا بڕیاری کۆتایی لەسەر دەدەین".



بەهۆی بەدواداچوونی (رووداو) ئەنجوومەنی شارەوانی کاری دروستکردنی نەخۆشخانەکە رادەگرێت

## دۆسیەکە دراوەتە دەستەی دەستپاکی

# لە ڕانیە هەوڵدەدرێ باڵەخانەیەکی حکومی بە"نایاسایی" بدرێتە کەسێک



**شکار ئەحمەد**
**رووداو– هەولێر**

پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی گۆڕان دەڵێت خەریکە باڵەخانەی ڤێترنەریی ڕانیە "بە نایاسایی" دەدرێتە کەسێک، بۆیە نووسراوی بۆ دەستەی دەستپاکی کردووە کە ڕێگری لەو کارە بکەن.

یاسین خدر، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان بە (رووداو)ی ڕاگەیاند: "بەپێی بەڵگەیەک کە لای منە، لە 2018/12/18 هۆبەی ڤێترنەریی ڕانیە بە نووسراوی ژمارە 130 کە بۆ قائیمقامیەتی قەزاکەی کردووە و واژۆی لێپرسراوی هۆبەی ڤێترنەری لەسەرە، لارینەبوونی خۆیان دەبڕیوە سەبارەت بە پێدانی شوێنی بینای ڤێترنەری قەزاکە بە کەسێک بەناوی (ڕەوەند مەولوود خدر). قائیمقامیەتی ڕانیەش پشتگیری داواکەیان کردووە، داواش لە بەشی کارگێڕی قایمقامیەت کراوە نووسراو بۆ ئیدارەی ڕاپەڕین بکرێت".

باڵەخانەی ڤێترنەری ڕانیە یەکێکە لە کۆنترین باڵەخانەکانی قەزاکە کە مێژووی دروستکردنەکەی بۆ ساڵانی پەنجاکان دەگەڕێتەوە، بەڵام یاسین خدر دەڵێت: "باڵەخانەکە دەکەوێتە نێو بازاڕی ڕانیە و شوێنێکی بازرگانییە. تەنیا بەهای زەوییەکە نزیکەی ملیۆنێک دۆلار دەبێت، ئێستا هەوڵ دەدرێت بەشێوەیەکی نایاسایی و بەبێ تەندەرین و کێبڕکێی ئاشکرا لە حکومەت وەربگیرێ و بدرێتە برای سکرتێری بەرپرسێکی حیزبی لە ڕانیە".

یاسین خدر پێیوایە: "ئەم جۆرە نووسراو و مامەڵانە بە باڵەخانەی میری دەچنە خانەی هەوڵدان بۆ بەهەدەردانی موڵک و ماڵی گشتی بەشێوەیەکی نایاسایی، بۆیە ڕۆژی 14ـی ئەم مانگە بە نووسراوێک دەستەی دەستپاکیم لێ ئاگادار کردووەتەوە، بەڵگەشم لەدژی ئەو هەوڵە پێیە و لە کات و ساتی خۆیدا دەیانجوڵێنم".

بەڕێوەبەری ڤێترنەری ڕانیە دەڵێ پاساوی خۆیان هەیە کە پشتگیرییان لەو کەسە کردووە باڵەخانەکەی بدرێتێ. دکتۆر موحسین عەبدوڵڵا بە (رووداو)ی گوت: "باڵەخانەکە کۆنە و شوێنەکەی بۆ ڤێترنەری شیاو نییە. ئەو کەسە وەکو وەبەرهێنەر خۆی ناساند، داوای باڵەخانەکەی کرد، ئێمەش لەسەر داوای خۆی نووسراومان بۆ قایمقامیەت کردووە کە شوێنی باڵەخانەکەی بدرێتێ".

دکتۆر موحسین عەبدوڵڵا نەیشاردەوە کە حکومەت دەیەوێت بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان و لەڕێگەی زیادکردنی ئاشکراوە باڵەخانەکە بفرۆشرێت، بەڵام وەبەرهێنەرەکە دەیەوێت لەڕێگەی قایمقامیەت و ئیدارەی ڕاپەڕین وەریگرێ".

بەڵام ئەو کەسەی داوای باڵەخانەکەی کردووە دەڵێ کە دەیەوێت باڵەخانەیەکی مۆدێرن بۆ ڤێترنەری لە دەرەوەی قەزاکە دروست بکات. ڕەوەند مەولوود کە خاوەنی کۆمپانیایەکە، دەڵێت: "داوای باڵەخانەکەم کردووە، لەبری ئەوەش دەمەوێت باڵەخانەیەکی مۆدێرن بۆ ڤێترنەری لە دەرەوەی شار لەسەر ئەرکی خۆم دروستبکەم".

ڕەوەند پێشتریش لە ڕێگەی ڤێترنەری سلێمانییەوە داواکاری وەرگرتنی باڵەخانەکەی پێشکەشی وەزارەتی کشتوکاڵ کردبوو، بەڵام دەڵێت: "لەوێ داوای بەرتیلیان لێکردم، منیش نەکەوتمە ژێر ئەو بارە، بۆیە ڕەزامەندییان نەدا".

ڕەوەند ڕەتیدەکاتەوە بەرپرسێکی یەکێتی لەپشتی بێت بۆ وەرگرتنی باڵەخانەکە و دەڵێت: "من وەبەرهێنەرم و هیچ پەیوەندییەکم بە براکەم و ئەو بەرپرسەشەوە نییە کە براکەم لەگەڵیەتی".

وەبەرهێنەرەکە دووەم هەوڵی خۆی لەڕێگەیەکی دیکەوە داوە و چاوەڕێی وەڵامە. لەوبارەوە دەڵێ: "بیرۆکەکەم بۆ ئەنجوومەنی وەزیران ناردووە. ئەوانیش داویانە بە پێنج ڕاوێژکاری خۆیان، ڕاوێژکارەکان بیرۆکەکەیان قبوڵ کردووە و واژۆیان لەسەر کردووە، بەڵام پێنج مانگە لە وەزارەتی کشتوکاڵ ڕاگیراوە و وەڵام نەدراوەتەوە".

حوسێن بەردەشانی، قایمقامی قەزای ڕانیە لەوبارەیەوە گوتی: "ئەم نووسراوەی ڤێترنەری ڕانیە تەنیا وەکو پشتگیرییەکە بۆ وەبەرهێنەرەکە، ئەگەرنا بڕیاردان لەسەر پێدانی باڵەخانەیەکی حکومی بە کەسێک لە دەسەڵاتی بەڕێوەبەری ڤێترنەری و قایمقام و سەرپەرشتیاری ئیدارەی ڕاپەڕینیشدا نییە".

دکتۆر میقداد ئیبراهیم، بەڕێوەبەری تەندروستیی ئاژەڵیش لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی سامانی ئاژەڵ و ڤێترنەری دەڵێت: "ئەو ڕێگەیەی وەبەرهێنەرەکە گرتوویەتیەبەر بە نووسراوکردن لەڕێگەی قایمقامیەت و پەنابردن بۆ بەرپرسانی حیزبی ڕێگایەکی یاسایی نییە، چونکە ئەو باڵەخانەیە موڵکی گشتییە و دەبێت بە ڕێڕەوی یاسایی خۆیدا بڕوات، لەڕێگەی پارێزگای سلێمانییەوە داواکاری پیشکەش بکات، ئەوانیش بۆ ئێمەی بنێرن".

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) لە ساڵی 2013 وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بڕی 800 ملیۆن دیناری لە بودجەی وەبەرهێنان تەرخان کردووە بۆ بینایەکی نوێ بۆ ڤێترنەرییەکە، بەڵام دروستنەکراوە. ساڵی 2018ـش بەڕێوەبەرایەتی ڤێترنەری سلێمانی داوای لە وەزارەتی کشتوکاڵ کردووە ڕێگە بدرێت بینای ڤێترنەری ڕانیە بفرۆشرێت و بە پارەکەی بینایەکی نوێ دروست بکرێ، بەڵام وەزارەتی کشتوکاڵ ڕەزامەندی لەسەر نەداوە و پێیانگوتراوە دەتوانن داوای نۆژەنکردنەوەی باڵەخانەکە بکەن.

ڕووداو ڕاپۆرت
ژمارە ( 555 ) - دووشەممە 2019/5/20

## پێنج کەس بەربژێرن بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان

**ڕووداو- هەولێر**

دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لە بەیاننێکدا ناوی پێنج کەسی وەک بەربژێری پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند.

وەک لە بەیانەکەدا هاتووە: "دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بەپێی برگە (3)ی ماددەی (4) لە یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان — عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک تا پەسەندکردنی دەستوور ژمارە (1)ی ساڵی 2019، ناوی ئەو پاڵێوراوانەی کە مەرجی یاساییان تێدایە و خۆیان پاڵاوتبوو بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان — عێراق ڕادەگەیەنێ. پاڵێوراوەکانیش بریتین لە-1 نێچیرڤان بارزانی.-2 ئومێد عەبدولسەلام قادر-3 محەممەد حەمەساڵح قادر.-4 ڕێبوار عەزیز مستەفا.
-5 هیوا عەبدوڵڵا خدر.

# پارتی و یەکێتی دوای پێکهێنانی حکومەت لیژنەی هاوبەش بۆ کەرکووک دروستدەکەن

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

ڕێککەوتنە دوو قۆڵییەکەی بارزانی و کۆسرەت ڕەسوڵ تەنیا بۆ دانانی پارێزگاری کەرکووکە

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەڵێ، ئەگەر یەکێک لەو ناوانەی یەکێتی پێشنیازی کردوون وەک پارێزگاری کەرکووک پەسەند نەکرێت "ئاسان نییە بچینە نێو حکومەتەوە، ئەگەرچی ڕێککەوتننامەی واژۆکراویشمان هەبێت". بەرپرسێکی پارتیش دەڵێ، لەگەڵ یەکێتی لە بەغدا سەرقاڵی گفتوگۆن لەسەر پرسی کەرکووک "دوای پێکهێنانی حکومەت هەردوولا لیژنەی هاوبەش دروستدەکەن بۆ چارەسەری دۆخی کەرکووک".

ئەندامێکی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان، ئەو دەنگۆیانە ڕەتدەکاتەوە کە باس لە ناکۆکی دەکەن لە ڕێککەوتننامەی نێوان پارتی و یەکێتی سەبارەت بە کەرکووک: "ئێمە وەک فراکسیۆنی یەکێتی پابەندین بە ڕێککەوتننامەکەمان لەگەڵ پارتی و لای ئێمەوە ڕێککەوتنەکە وەک خۆی جێبەجێ دەکرێت و گرفتێکی نییە". زیاد جەبار، ناوەڕۆکی ڕێککەوتننامەکەشیان ڕۆشن دەکاتەوە کە هەنگاونانە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان هەردوو حیزب لەبارەی کەرکووک پێ بەپێ لەگەڵ هەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەی حکومەت "ئێمە بەو ڕێککەوتنەوە پابەندین و بڕیارە کاک مەسعود و کاک کۆسرەت، بە دوو قۆڵی پارێزگارێک بۆ شارەکە یەکلابکەنەوە".

گوتیشی: "ئەگەر پارتی کێشەیەکی لەگەڵ ئەو ڕێککەوتننامەیە هەبێت، ئەوە قسەیەکی دیکەیە، بەڵام ئێمە وەک یەکێتی بەدەم جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکەوە دەچین".

سەرەتای ئەم مانگە ڕزگار عەلی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بە لێدوانێک بۆ دەنگی ئەمریکا، ڕای بێ چەندوچوونی حیزبەکەی لەوەدا کورت کردەوە کە ئەو پارێزگارەی بڕیارە بارزانی و کۆسرەت ڕەسوڵ دیاری بکەن "دەبێ یەکێتی بێت" چونکە وەک ئەو باسی دەکات "تا ئێستا لە دانیشتنە دوو قۆڵییەکان، یان ئەو ڕێککەوتنەی لەسەر کەرکووک کراوە، باسی ئەوە نەکراوە پارێزگار لایەنداربێت یان بێلایەن، بەڵام ڕای یەکلاکەرەوەی یەکێتی ئەوەیە پۆستی پارێزگاری کەرکووک دەبێت بۆ یەکێتی بێت".

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، باسی ڕێککەوتنە سیاسییەکەی سەرەتای مانگی نیسانی ڕابردوو، هەروەها ڕێککەوتنەکەی ئەمدواییە دەکات کە بۆ دابەشکردنی پۆستەکانی حکومەت واژۆیان کرد و دەڵێ "کاک کۆسرەت و کاک مەسعود، بۆ خۆیان دوو قۆڵی ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی پارێزگارێک بۆ کەرکووک دیاری بکەن، ئالیەتەکەش تەنیا ئەو دوو کەسە دەیزانن و وردەکارییەکەی بە سەرکردایەتی هەردوولا نەگەیشتووە هێشتا".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی، پێیوایە لە دۆخێکدا کە وردەکاریی ئەو ڕێککەوتنە لای ئەو دوو سەرکردەیە بێت، بەشێک لە بەرپرسانی هەردوو حیزب بۆچوونی خۆیان لەوبارەیەوە باسدەکەن "هەرکاتێک حکومەت پێکهێنرا، هەردوولا بەکردەیی شاندی هاوبەشیان دەستبەکار دەبن، هەرچەندە چارەسەری دۆخی کەرکووک وەک قۆناغی یەکەم لای پارتی و یەکێتییە، ئینجا کورد لەگەڵ بەغدا".

بەپێی ئەو زانیاریانەی (ڕووداو) لەسەرچاوەیەکی ئاگادارەوە دەستی کەوتوون، لە زۆربەی کۆبوونەوەکانی پارتی و یەکێتی باسی کەرکووک کراوە، هەرجارە و جۆرە بۆچوونێک زاڵبووە بەسەر کەشی کۆبوونەوەکاندا. بەڵام دواجار لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کە دوای هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم و پێکهێنانی کابینەی حکومەت لیژنەیەک بۆ چارەسەری پرسی کەرکووک پێکبهێنرێ.

بەپێی ڕێککەوتنەکە، ئەو لیژنەیەی سەردانی بەغدا دەکات بۆ دانوستاندن لەسەر ئاساییکردنەوەی دۆخی ئەمنی و گەڕانەوەی ئاوارەکان و چوونەدەرەوەی هێزە سەربازییەکان و ڕێگەدان بە بەشداریی کورد لە پاراستن و بەڕێوەبردنی شارەکە، ئەگەر بەغدا و هەرێم لەسەر ئەو پرسانە گەیشتنە ڕێککەوتن، ئەوکات بارزانی و کۆسرەت ڕەسوڵ لە کۆبوونەوەیەکی دووقۆڵیدا، پارێزگاری شارەکە یەکلایی دەکەنەوە، بەو مەرجەی بۆ یەکێتی بێت، بەڵام ئێستا بەرپرسە کەرکووکییەکانی نێو یەکێتی گوشار لە حیزبەکەیان دەکەن پرسی کەرکووک هاوتەریب لەگەڵ هەنگاوەکانی پێکهێنانی حکومەت یەکلایی بکرێتەوە.

نووری حەمەعەلی، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی، پابەندبوونی حیزبەکەی بەو ڕێککەوتنە دووپات دەکاتەوە و دەڵێ: "دوای کابینەی نوێ سەرۆک بارزانی و کاک کۆسرەت کۆدەبنەوە و قسەی لێدەکەن، بەڵام لەم دۆخەدا پارێزگار لە کەرکووک چی پێدەکرێت؟ ئێمە کە دەڵێین دۆخی کەرکووک ئاسایی بکرێتەوە، مەبەستمان ئەوەیە پارێزگار بتوانێ کاری خۆی بکات و بتوانی لە شارەکەدا هەست بە بوونی خۆت بکەی".

شاندێکی پارتی و یەکێتی، بە جیا لە بەغدان و سەرقاڵی دانوستاندنن لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان و بەرپرسانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دۆخی کەرکووک و ناوچەکانی دەوروبەری. ئەندامێکی ئەو شاندە کە داوای کرد ناوی بڵاو نەکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت: "هێشتا لیژنەی هاوبەشی پارتی و یەکێتی بۆ پرسی کەرکووک پێکنەهاتووە و دروستکردنی ئەو لیژنە هاوبەشە دەکەوێتە دوای دروستکردنی کابینەی نوێ".

گوتیشی: "ڕێککەوتنی سەرۆک بارزانی و کاک کۆسرەت ڕەسوڵ، تەنیا بۆ دانانی پارێزگاری کەرکووکە، بۆ پرسی ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک، شاندی حکومی کە پارتی و یەکێتی تێدان دەچنە بەغدا، لەو کۆبوونەوانەش کە لەماوەی ڕابردوو ئێمە و یەکێتی لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان کردوومانن، یەک بۆچوونمان هەیە لە بارەی کەرکووکەوە".

گوتیشی: "هەردوولا پێمانوایە دەبێت دۆخی شارەکە ئاسایی بکرێتەوە و ئەو هێزانە بچنە دەرەوە و لەچەک دابماڵرێ. شارەکە لە ڕووی ئیداری و سەربازییەوە بە هاوبەشی بەڕێوەببرێت".

ڕۆژی 2019/9/18 بەڵگەنامەیەک بڵاوبووەوە دەربارەی ڕێککەوتنی فراکسیۆنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بۆ مانەوەی ڕاکان جبووری، پارێزگاری بە وەکالەتی ئێستای کەرکووک. کاکە ڕەش سدیق، ئەندامی فراکسیۆنی برایەتی وەک نوێنەری فراکسیۆنی برایەتی واژۆی کردووە. لە خاڵی یەکەمی ڕێککەوتنەکەدا داوا کراوە، ڕاکان سەعید جبووری، وەک پارێزگای کەرکووک بە وەکالەت، تا ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەن لە پۆستەکەی بمێنێتەوە.

ئاوات محەممەد ئەمین، ئەندامی فراکسیۆنی برایەتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دەڵێ: "نە من و نە هیچ ئەندامێکی دیکەی ئەنجوومەن ئاگامان لەو نووسراوە نییە". کاکەڕەش سدیق وەک سەرۆکی فراکسیۆن واژۆی لەسەر کردووە، لەکاتێکدا محەممەد کەمال سەرۆکی فراکسیۆنی برایەتییە.

کامەران محەممەد، ئەندامی پارتی لە فراکسیۆنی برایەتی دەڵێت "دانانەوەی ڕاکان جبووری وەک پارێزگار یاسایی نییە و ئەو ڕێککەوتنە بەهیچ شێوەیەک ئاسایی نییە. کاکە ڕەش سدیق ناتوانێ بەناوی فراکسیۆنی برایەتییەوە بەشداریی کۆبوونەوەی لەو شێوەیە بکات".

کاکەڕەش سدیق ڕەتینەکردەوە کە ئەو ڕێککەوتنەی واژۆ کردووە، بەڵام گوتی :"داوا کراوە ڕاکان جبووری وەکو جێگری پارێزگاری کەرکووک بمێنێتەوە، نەک پارێزگاری کەرکووک بە وەکالەت".



بەرپرسە کەرکووکییەکانی یەکێتی دەیانەوێ پرسی کەرکووک لەگەڵ پێکهێنانی حکومەت یەکلابکرێتەوە

## دەستبەکاربوونی نێچیرڤان بارزانی دەکەوێتە دوای جەژنی ڕەمەزان

# (ڕووداو) ناوی بەربژێرە یەکلابووەکان بڵاو دەکاتەوە

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

بەهۆی دواکەوتنی مەراسیمی دەستبەکاربوونی سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە، لایەنە بەشداربووەکانی حکومەت دەستیان لە ساخکردنەوەی بەربژێرەکانیان شل کردووە. ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێ، لەبەر ئەو ئامادەکارییانەی بۆ مەراسیمی دەستبەکاربوونی سەرۆکی نوێی هەرێمی کوردستان دەکرێ، پرۆسەکە دەکەوێتە دوای جەژنی ڕەمەزان و چاوەڕوان دەکرێ هەفتەی یەکەمی دوای جەژن، هەنگاوەکانی پێکهێنانی حکومەت بە خێرایی دەستپێبکەن.

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتیش باس لە دوایین کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی حیزبەکەی دەکات و دەڵێ: "ڕاپۆرتی کۆتایی لیژنە 11 کەسییەکە بە مەکتەبی سیاسی گەیشتووە و بڕیار دراوە هەر کەسێک بەربژێر بێت، نابێت لەنێو لیژنەی یەکلاکردنەوەی سیڤییەکاندا بێت".

حیزبەکان سەرقاڵی پوختکردنەوەی ناوی بەربژێرەکانیانن بۆ ئەوەی کاتێک بەربژێری سەرۆکی حکومەتی داهاتوو بۆ پێکهێنانی کابینەکەی ڕادەسپێردرێت، بتوانن لەوادەی یاسایی خۆیدا ناوەکانی ڕادەست بکەن.

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ڕاستە دوو کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی بەڕێوەچووە، بەڵام لەو کۆبوونەوانەدا هیچ ناوێک ساخ نەکراوەتەوە و باسی ئەوە کراوە پێویستە بەربژێرەکان کەمتر بکرێنەوە بۆ ئەوەی ڕێککەوتن لەسەریان ئاسانتر بێت :"هەموو هەوڵەکان بۆ ئەوەن پرۆسەکە پێویستی بە دەنگدانی سەرکردایەتی نەبێت و سەرکردەکانی یەکێتی لەسەر دابەشکردنی پۆستەکان ڕێکبکەون".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی، ئاگاداری وردەکارییەکانە و لە پۆستی سەرۆکی پەرلەمانەوە دۆخەکە ڕوون دەکاتەوە کە بەرکەوتەی حیزبەکەیەتی و دەڵێ: "بۆچوونێک هەیە سەرەتا پۆستی سەرۆکایەتییەکان کە یەکێتی سەرۆکی پەرلەمان و جێگری سەرۆکی هەرێم و جێگری سەرۆکی حکومەتی هەیە، بە پاکێجێک یەکلایی بکرێنەوە و دواتر وەزارەتەکان. بەڵام بۆچوونێکی دیکە پێیوایە هەموو پۆستەکان بکرێنە یەک پاکێج، دیسان بەشێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی میکانیزمی دوو ساڵ بە دوو ساڵ بە گونجاو دەزانن، بەشەکەی دیکەی سەرکردایەتیش، ئەوە پەسەند ناکەن".

بێگەرد تاڵەبانی و ڕێواس فایەق، بەربژێری یەکێتین بۆ پۆستی سەرۆکی پەرلەمان. (ڕووداو) لە بەرپرسانی یەکێتییەوە زانیویەتی لە ئەگەری ڕەتکردنەوەی دوو ساڵ بە دوو ساڵ، پێشنیازی وەرگرتنی وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ یەکێک لە بەربژێرەکانی سەرۆکی پەرلەمان کراوە، بەڵام ڕێواس فایەق، ڕەتیکردووەتەوە و دەیەوێ سەرۆکایەتی پەرلەمان وەربگرێت "تەنانەت ڕەتیکردووەتەوە دوو ساڵی دووەم وەربگرێت لە ئەگەری سەرگرتنی ئەو بژاردەیە".

لەتیف نێروەیی، گوتەبێژی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی ڕەتیدەکاتەوە حیزبەکەی کێشەی یەکلاکردنەوەی پۆستەکانی هەبێت و ئاماژە بۆ ئەو لیژنە 11 کەسییە دەکات کە ئەرکی یەکلاکردنەوەی سیڤییەکانیان پێ سپێردراوە "هێشتا هیچ لایەنێک ناوی کاندیدەکانی خۆی ساخ نەکردووەتەوە، بێگومان هەرچی هەبێت ئەو لیژنەیە ڕاپۆرتی خۆی دەداتە مەکتەبی سیاسی و دواتر ئەوە یەکلادەبێتەوە".

یەکێتی عومەر فەتاح لە لیژنەی یەکلاکردنەوەی بەربژێرەکان لادەبات

بەربژێرانی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێکهاتبوون لە قادر حەمەجان، عیماد ئەحمەد، عومەر فەتاح، ئەرسەلان بایز، جەعفەر مستەفا، بەڵام ئێستا تەنیا عومەر فەتاح و شێخ جەعفەر مستەفا ماونەتەوە. بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) لە کۆبوونەوەی سەرەتای ئەم هەفتەیەی مەکتەبی سیاسی ئەو حیزبەدا، بڕیار دراوە ئەوانەی بەربژێرن نابێت ناویان لە نێو لیژنە 11 کەسییەکەدا هەبێت: "بەڵام کاک عومەر فەتاح لەبەر ئەوەی نەکشاوەتەوە لە بەربژێری جێگری سەرۆکی هەرێم، لە سەرۆکایەتی لیژنەی هەڵسەنگاندنی سیڤییەکان نامێنێ". ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی وایگوت.

زیاتر لە 30 کەس، لە مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و سکرتاریەتی ئەنجوومەنی ناوەندی، یان کەسانی نزیک لە بەرپرسان، خۆیان بەربژێر کردووە بۆ ئەو پۆستانە. لە نوێترین پێشهاتیشدا، کوڕی گەورەی مەحموود سەنگاوی ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بۆ وەرگرتنی یەکێک لە پۆستەکانی بەرکەوتەی یەکێتی بەدیارکەوت.

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ، تاوەکو ئێستا هیچ بەربژێرێکی یەکێتی "وەک قوباد تاڵەبانی و دەرباز کۆسرەت ڕەسوڵ بێکێشە نین. ئەو دووانە بۆ جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزارەتی پلاندانان. هەروەها جەعفەر مستەفا بۆ جێگری سەرۆکی هەرێم و حەمەی حەمەسەعید بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری، لەو بەربژێرانەن کە یەکلایی بوونەتەوە، ئەوانی دیکە ڕکابەریی زۆریان تێدایە".

هەرچی بزووتنەوەی گۆڕانە، هێشتا تەتەڵەکردنی ناوەکان و هەڵسەنگاندنی کۆتایی لیستەکە تەواو نەبووە. بەڵام ئەوەی سەرکردەکانی بزووتنەوەکەی بێخەم کردووە لەوبارەیەوە، درێژبوونەوەی وادەی دەستبەکاربوونی سەرۆکی هەرێم و ڕاسپاردنی سەرۆکوەزیرانی نوێیە.

شوناس شێرکۆ، ئەندامی ژووری پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی بزووتنەوەی گۆڕان، دەڵێ ئەوانیش سەرقاڵی پرۆسەی هەڵسەنگاندن و تاوتوێکردنی سیڤییەکانن: "ئێمە کێشەمان نییە لەوبارەیەوە و هەرکات بەربژێری سەرۆکوەزیران ڕاسپێردرا، دەکرێ بڵێین لەماوەی کەمتر لە 10 ڕۆژدا ناوی بەربژێرەکانی خۆمان ئامادە دەکەین".

بەپێی قسەی ئەندامێکی جڤاتی نیشتیمانی بزووتنەوەی گۆڕان، هێشتا ڕکابەری لەنێو بەربژێرەکاندا هەیە، بەڵام ئەو ناوانەی لەنێو بزووتنەوەکەدا دەتوانرێ وەک ناوی یەکلابووەوە بخرێنە سەر لیستی کۆتایی، پێکدێن لە مستەفای سەید قادر بۆ جێگری سەرۆکی هەرێم و جەلال جەوهەر، بۆ یاریدەدەری سەرۆکی حکومەت بۆ کاروباری چاکسازی. کوێستان محەممەد، بۆ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.

پەرلەمانی کوردستان، ڕۆژی یەکشەممە ناوی بەربژێرەکانی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند، بەڵام هەر لەوکاتەوەی پارتی ناوی بەربژێرەکانی خۆی ئاشکرا کردووە، ڕوونە کە نێچیرڤان بارزانی ئەو بەربژێرەیە لە چوار ساڵی داهاتوودا ئەو پۆستە وەردەگرێ.

ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، دەڵێ هێشتا پارتی ناوی هەموو وەزیرەکانی خۆی یەکلانەکردووەتەوە "یەکلابوونەوەی بەشێک لە وەزیرەکانی پارتی دەکەوێتە دوای دەستبەکاربوونی سەرۆکی هەرێم، ناو زۆرن و هەڵسەنگاندن بەردەوامن، بێگومان هەوڵدەدرێ زۆرینەی وەزیرەکان ڕوخساری نوێ بن". هەرچەندە ڕۆژی سێشەممەی داهاتوو، پەرلەمانی کوردستان سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵدەبژێرێت و سوێندی یاسایی دەخوات، بەڵام دەستبەکاربوونی دەکەوێتە دوای جەژن. ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی پارتی هۆکارەکە ڕووندەکاتەوە و دەڵێ :"ئامادەکاری بۆ مەراسیمی دەستبەکاربوونی دەکرێت، لەو مەراسیمەدا میوانی بیانی زۆر داوەت دەکرێن لەسەر ئاستی بەرز، ئەوەش لە ڕەمەزاندا ئاسان نییە و دەکەوێتە دوای جەژن".



دوایین کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی ناوی بەربژێرەکانی یەکلانەکردەوە

داوا لە یونامی دەکات لە جێبەجێکردنی ماددەی 140دا ڕۆڵی هەبێت

# نێچیرڤان بارزانی نامەیەک بۆ یوئێن و ئەنجوومەنی ئاسایش دەنێرێ



(فۆتۆ: ڕووداو)

نێچیرڤان بارزانی داوا دەکات بنکەی سەرەکی بەرنامەی مرۆیی یوئێن لە بەغداوە بگوازرێتەوە هەولێر

**مەجید نیزامەدین گلی**
**ڕووداو- نیویۆرک**

لە نامەیەکدا بۆ سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێنج خاڵی سەرەکی پێشنیاز دەکات دەربارەی کاری بەرنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق کە بە "یۆنامی" ناسراوە.

نامەکە کە کۆپییەکەی دەست (ڕووداو) کەوتووە، پێش سێ هەفتە دێت لە دەنگدانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لەسەر پرۆژە بڕیارێک بۆ درێژکردنەوەی وادەی کاری یۆنامی لە عێراق بۆ یەک ساڵی دیکە.

ئەم نامەیە لە کاتێکدایە کە حکومەتی عێراق خەریکی ئامادەکردنی پلانێکە بۆ کەمکردنەوەی بەرنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق.

یەکەمین داواکاری بارزانی بۆ ئەنتۆنیۆ گوتێرێش دەربارەی کەرکووک و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانە. بارزانی لە نامەکەدا دەڵێت نێردەی تایبەتی سکرتێری گشتی یوئێن لە عێراق دەتوانێت "ڕۆڵێکی سەرەکی بگێڕێت" وەکو ناوبژیکار و دەستپێکردنی "دایەلۆگێکی چڕ" لە نێوان هەولێر و بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، لەوانەش: "جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستووری عێراق".

ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی هەموو ساڵێک بە پرۆژە بڕیارێک وادەی کاری بەرنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق درێژ دەکاتەوە و ئەرک و کارە لەپێشینەکانی دیاری دەکات. لە ساڵانی ڕابردوودا بەهۆی نارەزایی بەغدا، بابەتی کەرکووک و ماددەی 140 نەکراوەتە ئەولەویەتی یۆنامی لە عێراق.

ساڵی ڕابردوو لە نامەیەکی هاوشێوەدا بۆ سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان و ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای کردبوو لە پرۆژە بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشدا فراوانکردنی ڕۆڵی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکانی تێدا بێت و یۆنامی ئەو ڕۆڵە سەرەکییەی هەبێت. سەرەڕای پشتگیریی ئەمریکا بۆ ئەو داواکارییە، بەڵام بەریتانیا کە بەرپرسیاری سەرەکی فایلی عێراقە لە ئەنجوومەنی ئاسایش، ئەو داواکارییەی هەولێری پشتگوێخست.

بەگوێرەی سەرچاوەیەکی دیپلۆماسی، ڕەشنووسی پرۆژە بڕیاری ئەمساڵیش دەربارەی یۆنامی کە چاوەڕوان دەکرێت لە ڕۆژی 31ی ئایار دەنگی لەسەر بدرێت، ئەو خاڵەی تێدا نییە. تاوەکو ئێستاش وڵاتانی ئەندام لە ئەنجوومەنەکە وەڵامی فەرمی نامەکەی نێچیرڤان بارزانییان نەداوەتەوە.

## پێشنیازی بارزانی دەربارەی ڕەوشی مرۆیی لە کوردستان

لە خاڵێکی دیکەی نامەکەدا، بارزانی داوای بەرزکردنەوەی ئاستی نوێنەرایەتی نەتەوەیەکگرتووەکان دەکات لە هەرێمی کوردستان کە لانیکەم بەرپرسێکی نەتەوەیەکگرتووەکان دابنرێت لە هەولێر لە ئاستی جێگری نێردەی سکرتێری گشتی بێت. هەروەها داوا دەکات کەسێک وەکو بەرپرسی کاروباری مرۆیی نەتەوەیەکگرتووەکان دیاری بکرێت، چونکە ئەو پۆستە لە ساڵی 2015 وە بە بەتاڵی ماوەتەوە. داواش دەکات بنکەی سەرەکی بەرنامەی مرۆیی نەتەوەیەکگرتووەکان لە بەغداوە بگوازرێتەوە هەولێر چونکە "90%ی ئاوارەکانی سووریا لە عێراق و 60%ی هەموو ئاوارەکانی عێراق لە هەرێمی کوردستانن".

ئامارەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان، ئەو ئامارانەی نێو نامەکەی بارزانی پشتڕاست دەکەنەوە، بەڵام لە ڕاپۆرتە مرۆییەکانیاندا دەربارەی عێراق کەمجار ئاماری تایبەت دەربارەی هەرێمی کوردستان بڵاودەکرێتەوە. نوێنەرایەتی عێراقیش لە نەتەوەیەکگرتووەکان لە هیچ کۆبوونەوە و کۆنفرانسێکی نەتەوەیەکگرتووەکاندا ئاماژەی پێناکات. لە کاتێکدا، ئەو ئاماژەپێکردنە گرنگە بۆ شێوازی دابەشکردنی کۆمەکی نێودەوڵەتی لە عێراق. بودجەی "پلانی مرۆیی" نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ ئەمساڵ 701 ملیۆن دۆلارە کە بۆ یارمەتیدانی 1.7 ملیۆن ئاوارە یان تازە گەڕاوەیە. لەسەرەتای شەڕی داعشەوە هەرێمی کوردستان نزیکەی یەک ملیۆن ئاوارەی عێراقی لە خۆ گرتووە و هێشتا بە گوێرەی دوا ڕاپۆرتی نەتەوەیەکگرتووەکان 800 هەزاریان لە کوردستان ماون.

## "دانپێدانان"ی یوئێن بە فیدراڵیزمی هەرێمی کوردستان

لە خاڵێکی دیکەدا سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان داوا دەکات "فیدراڵیزمی هەرێمی کوردستان" لە ڕاپۆرتەکانی نەتەوەیەکگرتووەکاندا ئاماژەی پێبکرێت و "دانی پێدا بنرێت".

نەتەوەیەکگرتووەکان ژمارەیەک ڕاپۆرتی دەوریی جیاواز دەربارەی عێراق ئامادە دەکات کە دیارترینیان ڕاپۆرتی سکرتێری گشتییە و سێ مانگ جارێک بۆ ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەنێردرێت. لە دوا ڕاپۆرتی سکرتێری گشتیدا کە کۆپییەکی بۆ (ڕووداو) نێردراوە، 33 جار ناوی "حکومەتی هەرێمی کوردستان" هاتووە، 12 جاریش وشەی فیدراڵی بۆ وەسفکردنی دامودەزگاکانی حکومەتی عێراق بەکارهاتووە.

# چەند سکاڵایەک لە دژی نووسەری کتێبی (دیداری تەمەن) تۆمار دەکرێن

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

زۆر کەس بە تامەزرۆییەوە چاوەڕێ بوون بزانن جەلال تاڵەبانی، چۆن سەربوردەی ساڵانی درێژی خەباتی سیاسی و پێشمەرگایەتیی خۆی گێڕاوەتەوە. چەند ڕۆژێکی کەم بەسەر چاپکردنیدا تێپەڕیبوو، نارەزایی و گلەیی بەسەریدا داباریـن. کتێبی "دیداری تەمەن" کە نووسەرەکەی دەڵێت سەرلەبەری لە زمانی تاڵەبانییەوە گواستووەتەوە، ئێستا لەلایەن خێزانی ڕەسوڵ مامەند و چەند کەسێکی دیکەوە سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە. ئامادەکاری کتێبەکەش دەڵێ: "ئەوان ئەگەر گوێ لە دەنگەکە بگرن، سوپاسیشم دەکەن، چونکە خاترم گرتوون". مەبەستی لەو کاسێتانەیە کە دەنگی مام جەلالن و لە دانیشتنی دووبەدوودا تۆماری کردوون.

مانگی نیسانی 2017 ، لەوکاتەی چەند ساڵێک بوو مام جەلال بەهۆی جەڵتەیەکی مێشکەوە لە زمان و جووڵە کەوتبوو، کتێبی (مام جەلال- دیداری تەمەن، لە لاوێتییەوە بۆ کۆشکی کۆماری) بڵاوکرایەوە.

سەلاح ڕەشید، نووسەری کتێبەکە لە کۆتایی هەشتاکاندا لە ئەڵمانیا تاڵەبانی بینیوە و داوای لێکردووە وەڵامی چەند پرسیارێکی ڕۆژنامەوانی بداتەوە "بیرۆکەکە سەرەتا ئەوە بوو، بەڵام ئیدی پرسیار پرسیاری دیکەی ڕادەکێشا و بەو شێوەیە درێژ بووەوە و 15 ساڵی خایاند".

"مام جەلال بەپێی هەلومەرجەکان و گۆڕانکارییە سیاسییەکان قسەی دەکرد، بۆیە هەندێکجار بۆچوونەکانی گۆڕانکارییان بەسەردا دەهات، هەندێک کەس وا تێدەگەن کە ئەوە ڕای مام جەلال نییە". سەلاح ڕەشید، لە نیگەرانیی هەندێک لەوانە تێدەگات کە لە کتێبی دیداری تەمەندا خراپ ناویان هاتووە، بەڵام دادپەروەری لەوەدا نابینێتەوە گلەیی ڕووبەڕووی ئەو بکرێنەوە "دەکرێ ئەو گلەییانە ئاراستەی مام جەلال بکرێن".

لە کتێبەکەدا لەسەر زاری مام جەلالەوە ڕەخنەی توند لە پارتی و مەلا مستەفا گیراوە، سەلاح ڕەشید چاوەڕێی ئەوە بووە ئەوان زیاتر گلەیی بکەن، بەڵام دەڵێت لە نێو ماڵباتی بارزانی هیچ گلەییەکی پێنەگەیشتووە و سکاڵاش لە دژی تۆمار نەکراوە.

سەلاح ڕەشید دەڵێت بەر لەوەی کتێبەکەی چاپ بکات، هەر یەک لە بەرهەم ساڵح، فەرید ئەسەسەرد و ستران عەبدوڵلا و نەوشیروان مستەفا بینیویانە.

لەنێو بەرپرسانی کۆن و نوێی یەکێتیدا، جگە لە مامۆستا جەعفەر هیچ کامیان لەدژی ئەم کتێبە بەدەنگ نەهاتوون. ئەو کە پێشتر ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بووە، کتێبەکە وا دەبینێ کە زیانی لە ناوبانگی مام جەلال و یەکێتی داوە بەوپێیەی دڵی زۆر بنەماڵە و خێزانی شکاندووە کە لە دێرزەمانەوە لە ڕیزەکانی ئەو حیزبەدا کاری سیاسی و پێشمەرگانەیان کردووە و هەندێکیان شەهید بوون. هەندێک لەو بنەماڵانەش ئێستا پەنایان بۆ دادگا بردووە، لەوانە خێزانی ڕەسوڵ مامەند و خێزانی مەلا ناسیح.

ئارام ڕەسوڵ مامەند، کە یەکێکە لەوانەی کتێبەکە نیگەرانی کردووە، دەڵێ دوای بڵاوبوونەوەی کتێبەکە سکاڵامان لە دژی تۆمار کردووە "سێ بۆ چوار جار ئاگادارکردنەوە بۆ سەلاح ڕەشید نێردراوە بۆئەوەی بێتە دادگا، بەڵام تاوەکو ئێستا نەهاتووە".

> پێش بڵاوکردنەوەی کتێبەکە نەوشیروان مستەفا، بەرهەم ساڵح، فەرید ئەسەسەرد و ستران عەبدوڵلا بینیویانە
>
> سەلاح ڕەشید

داواکاریی خێزانی ڕەسوڵ مامەند ئەوەیە بۆیان بسەلمێنرێ ئاخۆ "ئەوانەی بڵاوکراونەتەوە، گوتەی مام جەلالن؟ چونکە بەشێک لەوانەی بڵاوکراونەتەوە، هیچ بەڵگەیەکیان تێدا نییە و تۆمەتی هەڵبەستراون. پاشان داوامان کردووە بزانین سەلاح ڕەشید ڕەزامەندی خێزان و وارسی نزیکی مام جەلالی وەرگرتووە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبە یان نا".

بە گوتەی ئارام ڕەسوڵ مامەند، لە زۆر شوێنی کتێبەکە دەستەواژەی "ڕەسوڵ مامەند و جەماعەتەکەی" یان "ڕەسوڵ مامەند و تاقمەکەی" هاتووە. ئارام دەڵێ: "کوڕی مەلا ناسیح، پەیوەندی پێوەکردم و گوتی بریکارنامەیەک بۆ ئێمە بکەوە و بەناوی ئێمەش سکاڵا تۆمار بکە، چونکە لە کتێبەکەدا ناوی باوکمان زڕێنراوە".

مامۆستا جەعفەر، ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی یەکێتی یەکێکی دیکەیە لە سکاڵاکارەکان. مامۆستا جەعفەر دەڵێت: "من سکاڵام لەسەر کتێبەکە نییە، بەڵکو کاتێک کتێبەکە بڵاوکرایەوە، چەند هەڵەیەک هەبوون بە وتارێک ڕاستمکردنەوە، کەچی ئەو زۆر بە توندی و دوور لە زمانێکی پرۆفیشناڵانە وەڵامی دامەوە و ناوزڕاندنیش لە وتارەکەیدا هەبوو، لەسەر ئەوە سکاڵام تۆمار کردووە".

سەلاح ڕەشید ڕەتیکردەوە کە نەچووبێتە بەردەم دادگا و دەڵێت: "تاوەکو ئێستا یەک سکاڵا لە دژی من تۆمار کراوە و چووشمەتە دادگا، بۆ ئەوە چووم ناوەکەم ڕاستبکەمەوە، چونکە بە هەڵە ناوی من لەسەر ئاگادارکردنەوەکەی دادگا هاتبوو".

سەلاح ڕەشید دەڵێ بە درێژایی ئەو 15 ساڵەی سەرقاڵی ئەو چاوپێکەوتنە بووە لەگەڵ تاڵەبانی، هەرگیز ڕووینەداوە مام جەلال داواکارییەکی هەبووبێت لەسەر پرسیارێک یان وەڵامدانەوەیەک: "نە پێیگوتووم ئەوە بپرسە و نە گوتووشیەتی ئەو وەڵامە دەستکاری بکە. پێشموایە کاتێک دەگوترا مام جەلال گوتوویەتی یادەوەرییەکانی خۆم نووسیوەتەوە، هەر مەبەستی ئەو چاوپێکەوتنە بووە کە من لەگەڵی تۆمارم کردووە".

# پارتی و یەکێتی ئابوونە لە پێشمەرگە وەردەگرن

**ڕووداو- هەولێر**

یەکەکانی پێشمەرگەی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بڕێک لە مووچەی پێشمەرگەکانیان وەک ئابوونەی ئەندامێتی لە حیزبدا دەگرێنەوە. وەزارەتی پێشمەرگەش دەڵێت هاریکاری خۆبەخشانە قەبووڵ دەکرێ، بەڵام نابێ وەک ئیلزام ئەو پارەیە بگێڕنەوە.

ژمارەیەک پێشمەرگە کە بە مەرجی ئاشکرانەکردنی ناویان لەوبارەیەوە قسەیان بۆ (ڕووداو) کردووە، باس لەوە دەکەن کە ئەو ئابوونەیە بێ ئاگادارکردنەوەیان لە مووچەکانیان هەڵدەگیرێ.

مولازمێکی یەکەی 80ی سەر بە پارتی بە (ڕووداو)ی گوت "لە ماوەی جێبەجێکردنی سیستەمی پاشەکەوتی مووچەدا، 3000 دیناریان لە مووچەکەم هەڵدەگرت، ئێستا کە مووچەکە بە تەواوەتی دەدرێ، 6000 دینار لە مووچەکەم هەڵدەگرن، بێ ئەوەی ئاگادارمان بکەنەوە".

مولازمەکە ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە "پێشتر دەیانگوت کاتێک خانەنشین بووین، حکومەت ئەو بڕە پارەیەمان بۆ دەگەڕێنێتەوە، ئێستا ئەو بڕە هەڵدەگرن، بەڵام نایانەوێ دان بەوەدا بنێن کە ئەوە وەکو پارەی ئابوونەی حزبی دەگێڕنەوە". بە گوتەی مولازمەکە "بڕی پارەکە بە گوێرەی پلەی پێشمەرگەکە دەگۆڕێ".

> مانگانە 6000 دینار لە مووچەکەم دەگێڕنەوە
>
> پێشمەرگەیەکی پارتی

پێشمەرگەیەکی یەکەی حەفتای سەر بە یەکێتی پشتڕاستی کردەوە کە بڕە پارەیەک لە مووچەکەیان دەگێڕدرێتەوە و گوتی پێشمەرگەکان "1000 دینار وەک ئابوونەی مانگانە دەدەنە حیزبەکەیان". بەرپرسێکی ئاسایشی سەر بە یەکێتیش دەڵێت: "ئابوونەی مانگانەی حیزبی لە نێوان 2000 بۆ 4000 دینارە و بەپێی پلەی کەسەکانە".

> مانگانە 1000 دینار لە مووچەکەم دەگێڕنەوە
>
> پێشمەرگەیەکی یەکێتی

پێدەچێ ئەو بڕە پارەیە لە هەموو ئەندامانی یەکەکان نەگێڕدرێتەوە، ڕەقیبێکی یەکەی 80 لەوبارەوە گوتی: "پێشتر نزیکەی 2000 دینار وەک پارەی ئابوونە لە مووچەکەمان هەڵدەگیرا، بەڵام چوار ساڵ لەمەوبەر ئەو شتە ڕاگیرا، کاتێک فەرمانێکمان لە فەرماندەیی یەکەی 80 وە بۆ هات کە داوای کرد وەرگرتنی ئەو بڕە پارەیە ڕابگیرێ".

وەزارەتی پێشمەرگە دەڵێ ئەو هێزانە مولزەم نین پارەی ئابوونە بە حیزبەکانیان بدەن. جەبار یاوەر، سەرۆکی دیوانی وەزارەتی پێشمەرگە بە (ڕووداو)ی گوت: "داوامان لە هێزەکانی پێشمەرگە کردووە ئابوونەی حیزبی نەدەن. پارەی ئابوونەی حیزبی بە هیچ شێوەیەک نابێ لەکاتی دابەشکردنی مووچەدا بگێڕدرێتەوە".

سەبارەت بە هەنگاوەکانی وەزارەتی پێشمەرگەش بۆ ڕێگری لەو کارە، جەبار یاوەر گوتی: "وەزارەت فەرمانێکی دەرکردووە کە ڕێگری دەکات لەوەی ئابوونە لە مووچەی هێزەکانی پێشمەرگە بگێڕدرێتەوە، بەڵام ئەو پێشمەرگانەی ئەندامی حیزبێکی سیاسین و لە کۆبوونەوەکانی حزبدا بەشداری دەکەن، ئازادن پارەی حیزب بدەن یان نا".

فەرماندەکانی یەکەی 80ی پارتی ڕەتیدەکەنەوە هیچ پارەیەک بۆ ئابوونەی حیزبی لە مووچە گێڕدرابێتەوە. نەجات عەلی، فەرماندەی یەکەی 80 لەوبارەوە گوتی: "هیچ پارەیەک لە هێزەکانی پێشمەرگەی یەکەی 80 ناگێڕدرێتەوە، ئەو پارەیە لە نەوەدەکان دەگێڕدرایەوە، بەڵام چیدی وەرناگیرێ، تەنانەت ئەگەر پێشمەرگەکە خۆیشی بیدات".

(ڕووداو) چەندینجار هەوڵیدا لێدوانی شێخ جەعفەر، فەرماندەی یەکەی 70 لەوبارەوە وەربگرێ، بەڵام بەردەست نەبوو. بەڵام مستەفا چاوڕەش، فەرماندەیەکی باڵای یەکەی 70 ڕایگەیاند: "ئەو پێشمەرگانەی ئەندامی حیزبن، پارەی ئەندامێتی حیزب دەدەن، ئەوە مەرجە بۆ ئەوەی ئەندامی حیزب بن، بەڵام ئەو پارانە دواجار لەو خزمەتگوزاریانە خەرج دەکرێ کە بۆ پێشمەرگە دابین دەکرێن، واتە خزمەتگوزاری تەندروستی". سەبارەت بە بڕی پارەکەش گوتی: "پێشمەرگەکان 1000 دینار و بەرپرسەکان 3000 دینار دەدەن".

> ئابوونەی پێشمەرگە 1000 دینارە و هی بەرپرس 3000 دینارە
>
> مستەفا چاوڕەش

هەریەکە لە بەریتانیا، ئەڵمانیا و ئەمریکا کار لەسەر پاکێجێکی چاکسازی دەکەن کە ئامانج لێی یەکخستنەوەی هەردوو یەکەی 70 و 80ی پێشمەرگەیە. بڕینی پەیوەندی نێوان حیزب و هێزەکانی پێشمەرگەش هەنگاوێکی سەرەکیی پاکێجەکەیە. ئەو پاکێجە 10 ساڵ دەخایەنێ.

پێشمەرگەیەکی یەکەی 80 کە نەیویستووە ناوی ئاشکرا بکرێ، باس لەوە دەکات کە لیوایەکی هاوبەش دروستکراوە تێیدا هێزەکانی پارتی و یەکێتی یەکیانگرتووە. بەڵام پێشمەرگەکە دەڵێ: "پێشمەرگەکانی پارتی لە ژوورێک و پێشمەرگەکانی یەکێتی لە ژوورێکی دیکە دەخەون، بە جیاش ئەرکەکانمان جێبەجێ دەکەین. ئێمە دوو دراوسێی باشین بۆ یەکدی".

> لە نەوەتەکاندا ئابوونە لە پێشمەرگە وەردەگیرا، بەڵام ئێستا نەماوە
>
> نەجات عەلی

# ئێران هەناردەکردنی کەلوپەل و خۆراک بۆ کوردستان کەمتر دەکاتەوە

**جەمال ئەحمەد جەمیل**
**ڕووداو- سلێمانی**

گوتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان دەڵێت گەمارۆی ئابووریی ئەمریکا لەسەر ئێران ڕەنگدانەوەی گەورەی لەسەر هەرێمی کوردستان هەبووە، پێشبینیش دەکات لە ڕۆژانی داهاتوودا کە ئێران هەناردەکردنی ژمارەیەک کەلوپەل و خۆراکی دیکە بۆ لیستی قەدەخەکراوەکانی زیاد دەکات، ئەم کاریگەرییە زیاتر دەربکەوێت.

یاسین مەحموود، گوتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لە سەرەتای توندکردنی گەمارۆی ئابوورییەوە لەسەر ئێران، کاریگەرییەکانی لەسەر بازاڕی هەرێمی کوردستان بەگشتی و پارێزگای سلێمانی بەتایبەتی دەرکەوتن، سەرەتا زۆر بەرچاو نەبوو، ئێستا دەتوانین بڵێین بازاڕی سلێمانی خەواندووە و ئەگەر بەو شێوەیە بەردەوام بێت و هەرێمی کوردستان ناچار بکرێت مامەڵەی بازرگانی لەگەڵ ئێران ڕابگرێت، کاریگەرییەکە زۆرتر دەردەکەوێ".

پەیوەندییە بازرگانییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران کە ساڵانە نزیک دەبێتەوە لە 7 ملیار دۆلار، 70%ی لەڕێی ئەو دەروازە سنوورییانەوەیە کە دەکەوێتە پارێزگای سلێمانی.

یاسین مەحموود دەڵێ، تەنیا لە ڕووی ئاڵوگۆڕی بازرگانییەوە نا، بگرە ئێستا ئێمە تێدەگەین بۆچی ئێران ڤیزای لەسەر هەرێمی کوردستان و عێراق هەڵگرت "ئێستا بە لێشاو خەڵک لە ئێرانەوە ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکەن و بێکارییەکی زۆری بڵاوکردووەتەوە، چونکە ئەوەی کرێکاری خۆماڵی مانگانە بە 500 دۆلار دەیکات، ئێرانییەکان بە 250 دۆلار دەیکەن. کۆمپانیاکانیش تاوەکو کرێکاری ئێرانی هەبێت، کرێکاری دیکەیان ناوێ".


ئێران ئەو کاڵایانە هەناردەی هەرێمی کوردستان دەکات کە کواڵێتیان زۆر نزمە

دوای سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان، ژمارەیەک لە کۆمپانیا بیانییەکان گەڕانەوە و کارەکانیان لە کوردستان جێهێشت. ژمارەیەک بازرگان و سەرمایەداری کوردیش سەرمایەکانیان گواستەوە بۆ ئێران. یەکێک لەو بازرگانانە بە بەهای ملیارێک دۆلار، پرۆژەیەکی وەبەرهێنانی لەئەستۆ گرت. وەک یاسین مەحموود، باسی دەکات، ئەو گەمارۆیەی سەر وڵاتەکە بووەتە بەڵایەک بۆ سەرمایەی ئەو وەبەرهێن و بازرگانە کوردانە: "هەندێکیان لە تاران موڵکیان کڕیوە بە یەک ملیۆن دۆلار و ئێستا چارەکێکی پارەکەیان بۆ ناکاتەوە. ئێمە بۆ خۆمان پرۆژەیەکمان هەبوو، زیاتر لە ملیۆنێک دۆلار زەرەرمان لێکرد، بەگشتی ئەوانەی چووبوونە ئێران بۆ کاری وەبەرهێنان، ڕووبەڕووی زیانی گەورە بوونەوە".

> ناوێرین گرێبەستی درێژخایەن لەگەڵ کارگەکانی ئێران بکەین
>
> سەرۆکی یەکێتی هاوردە و هەناردەکاران

کاتێک هەموو دەرگاکان بەڕووی ئێراندا پێوە دەدرێن، ئەویش ناچارە بەشێک لە کاڵا و کەلوپەلەکانی گل بداتەوە و هەناردەی نەکات. یاسین مەحموود دەڵێت "ئەوانەشی کە بەردەوامە لە هەناردەکردنی، کواڵیتییەکەی هێندە دابەزاندووە، کەڵکی هیچی نەماوە، هەر بۆیە لەو دۆخەدا تەنیا ڕووکردنە تورکیا لە بەردەم بازرگانی کورددا دەمێنێتەوە و ئەوەش گرانیی نرخ دێنێتە پێشەوە".

شێخ مستەفا عەبدولڕەحمان، سەرۆکی یەکێتی هاوردە و ناردنکارانی هەرێمی کوردستان دەڵێ، گرژیی نێوان ئێران و ئەمەریکا، دڵەڕاوکێی خستووەتە نێو بازاڕەکانی هەرێمی کوردستانەوە: "پێشتر بازرگانانی کورد گرێبەستی یەک ساڵ بۆ سێ ساڵیان لەگەڵ بازرگان و کارخانەکانی ئێران دەکرد، بەڵام ئێستا گرێبەستی یەک مانگ بۆ سێ مانگ دەکەن، ئەوەش لەترسی مایەپووچبوون و داخستنی کارخانەکان".

شێخ مستەفا هەروەها دەڵێ: "کارخانەکانی ئێرانیش وەک جاران توانای بەرهەمهێنانی شمەک و کاڵایان نییە، چونکە جگە لە بەرهەمی کشتوکاڵی زۆربەی مەوادی سەرەتایی کارخانەکان لە دەرەوەی ئێران هاوردە دەکرێت و مامەڵەش بە یۆرۆیە، جگە لەڕێگری لە هێنانی کەرەستەی سەرەتایی، زۆر جار بەهۆی دابەزینی نرخی تمەن بەرامبەر یۆرۆ ڕووبەڕووی زیان دەبنەوە".

لە دوو ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە 100 ملیۆن دۆلار پارەی بازرگانانی کورد لەلایەن بازرگانانی ئێرانەوە دەستی بەسەرداگیرا و بۆیان نەگەڕاندنەوە، کاتێکیش وەزیری دەرەوەی ئێران سەردانی سلێمانی کرد، بەڵێنی چارەسەری ئەو کێشەیەی دا، بەڵام هیچ پارەیەک نەگەڕایەوە.

"ئێستا بازرگانانی کورد بە هیچ شێوەیەک لەڕێگەی بانک و حەواڵەوە پارە نانێرنە ئێران، بەڵکو دەست بەدەست پارەکە دەنێرن، واتە سەد لەسەد دڵنیا نەبن لە پارەکانیان هیچ پارەیەک نانێرنە ئێران" شێخ مستەفا وایگوت.

# کارمەندێکی پێشووی ئاسایشی پارتی 20 ڕۆژە بێسەروشوێنە

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو- هەولێر**

کارمەندێکی پێشووی ئاسایش (پارتی) لە داقوق، 20 ڕۆژە بێسەروشوێنە. پۆلیسی کەرکووکیش دەڵێت ئەمساڵ 17 کەس لە کەرکووک ڕفێنراون.

حەمەد سەفەر ساڵح، تەمەن 39 ساڵ کە تاوەکو 16ی ئۆکتۆبەری 2017 کارمەندی ئاسایشی پارتی بوو لە کەرکووک، دوای نیوەڕۆی 2019/5/1 بە مەبەستی چاککردنەوەی ئۆتۆمبێلەکەی چووەتە دەرەوە و بێسەروشوێن بووە. حەمەد خێزاندارە و باوکی چوار منداڵە. دانیشتووی گوندی ئۆخەی سەر بە قەزای داقوقە.

کاوە سەفەر، برای حەمەد بە (ڕووداو)ی گوت: "نزیکەی سەعات دوو بوو براکەمم بینی، گوتی ئۆتۆمبیلەکەم دەبەم بۆ کەرکووک چاکی دەکەمەوە، ئیدی لەو ڕۆژەوە نەمبینیوەتەوە".

حەمەد لەدوای 16ی ئۆکتۆبەری 2017 وە وازی لە ئاسایش هێناوە و خەریکی کرێکاری بووە. ئەحلام عاسی کە هاوژینی حەمەدە، دەڵێت سەعات چواری ئێوارە پەیوەندی پێوە کردووە و پێیگوتووە کە مەغریب دەگەڕێتەوە، بەڵام نەگەڕاوەتەوە، دواتریش پەیوەندی بە هەردوو ژمارەکەیەوە کردووە، بەڵام هەردووکیان داخراون.

ئەحلام دەستبەجێ کاوە ئاگادار دەکاتەوە. کاوەش ئەو ئێوارەیە بۆ سۆراغی براکەی پەیوەندی بە زۆربەی خزمەکانییەوە دەکات، بەڵام وەڵامی دڵخۆشکەری دەستناکەوێ. کاوە دەڵێت "لە زۆر شوێن بۆی گەڕاین، پەیوەندیمان بە خزمان و هاوڕێکانیەوە کرد، بەڵام هەموویان گوتیان نەمانبینیوە".

کاوە ڕەتیکردەوە خێزانەکەیان یان کاوە کێشەی لەگەڵ کەسێک هەبووبێ. ئەمڕۆ دووشەممە 20 ڕۆژ بەسەر ونبوونیدا تێپەڕیوە، کەسوکارەکەی نازانن کوژراوە یان ڕفێنراوە. دەزگا ئەمنییەکانیش تاوەکو ئێستا هیچیان لەبارەی دیارنەمانی حەمەدەوە دەستنەکەوتووە.

عەدنان حسێن، ئەفسەری بنکەی پۆلیسی قەزای داقوق بە (ڕووداو)ی گوت: "کەسوکاری ئەو پیاوە سکاڵایان تۆمار کردووە. ئێمەش دەستمان بە لێکۆڵینەوە کردووە. ئێستا چاوەڕێی تۆمارە دەنگییەکانی دەکەین لەلایەن کۆمپانیای ئاسیا سێڵ، ئەوەش کاتی دەوێت، تا ئەومان بۆ نەیەت، نازانین دوایین جار قسەی لەگەڵ کێ کردووە.

سەرچاوەیەک لە بەشی ڕاگەیاندنی ئاسایشی پارتی لە سنووری کەرکووک بە (ڕووداو)ی گوت: "حەمەد کارمەندی ئێمە بوو تا پێش 16ی ئۆکتۆبەر، بەڵام لە دوای ئەوە دەستی لەکار کێشاوەتەوە. ئێمە هیچ زانیارییەکمان لەسەر ونبوونی نییە. تاوەکو ئێستاش هیچ کارمەندێکمان لەدوای 16ی ئۆکتۆبەر بێسەروشوێن نەبووە و هیچ کارمەندێکیشمان لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە دەستگیر نەکراوە".


حەمەد سەفەر ساڵح

> ئەمساڵ 17 کەس لە کەرکووک ڕفێنراون
>
> پۆلیسی کەرکووک

کاوە دەڵێت ئێمە گومانمان لە هیچ کەسێک نییە کە براکەمی ڕفاندبێت، چونکە کێشەی لەگەڵ هیچ کەسێک نییە، ئەو لە ڕێگای (ڕووداو)ەوە داوای یارمەتی دەکات و دەڵێت: "هەر کەسێک زانیارییەکی لەسەر براکەم هەیە با لە ڕێگای ژمارە تەلەفۆنی (07701276780) ئاگادارمان بکاتەوە. ئێمە دەزگا ئەمنییەکانی سلێمانی و هەولێریشمان ئاگادار کردووەتەوە، بۆ ئەوەی ئەگەر زانیارییان هەبێت ئاگادارمان بکەنەوە.

لە دوای 16ی ئۆکتۆبەر چەند کەسێک ون بوون، بەڵام دواتر دەرکەوتوونەتەوە، ئەمەش گومانی بۆ پۆلیس دروستکردووە.

عەقید ئەفراسیاو کامیل، گوتەبێژی پۆلیسی کەرکووک بە (ڕووداو)ی گوت: "حاڵەتمان هەبووە، کەسوکارەکەی هاتوون سکاڵایان تۆمار کردووە کە گوایە ونبووە، بەڵام دوای لێکۆڵینەوە بۆمان دەرکەوتووە ئەو کەسە خۆی حەشارداوە. دوای چەند مانگێک دەڵێت لەلایەن حەشدی شەعبی یاخود لەلایەن دژە تیرۆری عێراق دەستگیرکراوە. بابەتەکەیان دەکرد بە کەیس بۆ ئەوەی لە دەرەوە مافی پەنابەری پێ وەربگرن، بەڵام ئەمساڵ هیچ حاڵەتێکی لەو شێوەیەمان نەبووە".

سەبارەت بە حاڵەتی ڕفاندن لە کەرکووک، عەقید ئەفراسیاو گوتی: "بەپێی ئامارەکانی پۆلیس ئەمساڵ 17 حاڵەتی ڕفاندن لە کەرکووک هەبووە. زۆربەی ئەو ڕفاندنانەش بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتی بووە، دوای ئەوەی کەسوکاری هەردوولا سوڵحیان کردووە، کەسەکە ئازاد کراوە".

هەروەها گوتی: "20 حاڵەتی کوشتنیشمان هەبووە کە ئەویش زۆربەی بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتی بووە".

# داوا دەکرێ قوربانیانی بۆردومان بە شەهیدی سەنگەر حیساب بکرێن

## لە ساڵی 2018 وە لە دهۆک 20 کەس بەهۆی بۆردومانی تورکیا بوونەتە قوربانی

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

لە ماوەی ساڵ و نیوێکدا لە سنووری پارێزگای دهۆک 20 کەس بەهۆی بۆردومانی فڕۆکەکانی تورکیا و شەڕی نێوان گەریلاکانی پەکەکە و تورکیا، بوونەتە قوربانی. وەزارەتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوانیش دەڵێت ئەوانە حیسابی شەهیدیان بۆ دەکرێ و مووچەیان بۆ دەبڕدرێتەوە، بەڵام لە سنووری پارێزگای دهۆک تەنیا سێ مامەڵە پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوان کراوە.

زیاتر لە 26 ساڵە، شەڕ و ململانێی پارتی کرێکارانی کوردستان و سوپای تورکیا لەسەر خاکی باشووری کوردستان بەردەوامە. تا ئێستا چەند جارێک لە نێو خاکی کوردستان ئۆپەراسیۆنی دژی پەکەکە هەبووە، ئەمە جگە لە بۆردومانەکانی تورکیا بۆ سەر بنکەکانی پەکەکە کە چۆڵبوونی سەدان گوندی ناوچە سنوورییەکانی لێکەوتووەتەوە.

بەگوێرەی بەدواداچوونی (ڕووداو) سنووری قەزای ئامێدی گەورەترین زەرەرمەندی ئەو ناسەقامگیرییە بووە، تەنیا لە سنووری ئەو قەزایە 260 گوند چۆڵکراون، هەر ئەمەش وایکردووە قەزای ئامێدی لە ڕووپێوییەکانی دەستەی ئامار و ڕێکخراوەکان بە هەژارترین قەزای هەرێمی کوردستان بێتە ئەژمار.

لە سنووری پارێزگای دهۆک 360 گوند بەهۆی شەڕەوە چۆڵکراون، بەپێی ڕووپێوییەکانیش هەر خێزانێکی ئەو گوندانە ساڵانە نزیکەی 15 ملیۆن دینار زیانیان بەرکەوتووە، چونکە لە ترسی تۆپباران ناتوانن بەروبوومی کێڵگە و باخەکانیان هەڵبگرنەوە.

جگە لەوەش لە ساڵی ڕابردوو و پێنج مانگی یەکەمی ئەمساڵدا نزیکەی 20 هاووڵاتی لە سنووری پارێزگای دهۆک، بەهۆی شەڕ و بۆردومانەوە گیانیان لەدەستداوە کە دواییینیان هەفتەی ڕابردوو بوو.

ڕائید سەعدوون هاودیانی، گوتەبێژی پۆلیسی سۆران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ڕۆژی 2019/5/14 لە سنووری شارۆچکەی شێروان مەزن سەر بە قەزای مێرگەسۆر لە ئەنجامی شەڕی نێوان پەکەکە و سوپای تورکیا کەسێک بێسەروشوێن بوو، ڕۆژی دواتر تەرمەکەی دۆزرایەوە. ئەو کەسە تەمەن 60 ساڵە و ناوی لازم عەلییە و خەڵکی گوندی پێندرۆ بوو، بە مەبەستی کۆکردنەوەی گژوگیای بەهارە چووەتە ئەو ناوچە شاخاوییە.

ئەگەرچی وەزارەتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوان حیسابی شەهید بۆ ئەو کەسانە دەکات، بەڵام کەسوکاریان لە مامەڵەی وەزارەت لەگەڵ قوربانییەکان ڕازی نین.

هۆگر تاهیر برای یەکێک لەوانەیە کە لە سنووری ناحیەی دێرەلووک بەر بۆردومانی تورکیا کەوتووە. ئەو دەڵێت "زیاتر لە ساڵێکە مامەڵەی شەهیدبوونی براکەمان لە دهۆک تەواو کردووە و ناردوومانە بۆ هەولێر، بەڵام تاوەکو ئێستا بە شەهید حیسابیان نەکردووە".

گوتیشی "براکەم پێشمەرگە بووە، دەبێ وەکو شەهیدی سەنگەر حیسابی بۆ بکرێ".

کوڕەکەی شاهین قوتابی بووە، ڕۆژێکیان بە مەبەستی ڕاوەماسی چووەتە سەر ڕووبارێکی ناوچەکە، بەڵام لەوێ بەهۆی بۆردومانی فڕۆکەکانی تورکیا بووەتە قوربانی. شاهین داوا دەکات حیسابی شەهید بۆ کوڕەکەی بکرێ.

شاهین بە (ڕووداو)ی گوت: "زیاتر لە مانگێکە مامەڵەمان پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوان کردووە. بەڵام کەس پەیوەندی پێوە نەکردووین، نازانین چی بەسەر مامەڵەکە هاتووە".

ژیان مستەفا، بەڕێوەبەری گشتیی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوان لە دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بەپێی یاسای ژمارەی نۆی ساڵی 2007 سەرجەم ئەوانەی بەر بۆردومانی تورکیا و ئێران دەکەون بە شەهید ئەژمار دەکرێن، بۆیە مافی کەسوکاریانە مامەڵەی شەهیدبوونیان پێشکەش بکەن.

ژیان داوای لە کەسوکاری ئەوانە کرد کە تا ئێستا مامەڵەیان پێشکەش نەکردووە، پەلە بکەن لە پێشکەشکردنی مامەڵەکانیان و گوتی "تا ئێستا تەنیا سێ کەس لە کەسوکاری ئەوانەی بەر بۆردومان کەوتوون، سەردانی ئێمەیان کردووە، مامەڵەی یەکێکیان لە هەولێر گەڕاوەتەوە و وەکو شەهیدی هاووڵاتی حیساب کراوە. چاوەڕێی گەڕانەوەی مامەڵەی سێ قوربانیی دیکەش دەکەین".

ژیان گوتی تەنیا ئەو کەسانە بە شەهیدی سەنگەر حیساب دەکرێن کە لە سەنگەردا شەهید دەبن، ئەوانەی پێشمەرگەش بن، ئەگەر لە ئەرکدا نەبن و شەهید بن، ئەوە وەکو شەهیدی هاووڵاتی حیسابیان بۆ دەکرێ و مووچەی مانگانەشیان 250 هەزار دینار دەبێ.

بەڵام ژیان تاهیر، ئەندامی لیژنەی شەهیدان و ئەنفالکراوان لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت هەموو هەوڵێک دەدەن بۆ ئەوەی ئەوانە وەکو شەهیدی سەنگەر حیساب بکرێن. بۆ ئەمەش پرۆژە یاسایەک لە پەرلەمانە بۆ هەمواری یاسای ژمارە نۆی ساڵی 2007.



ڕووداو
ژمارە (555) - دووشەممە 2019/5/20



## ئەمریکا داوای لێبووردن لە عێراق دەکات

**ڕووداو- هەولێر**

دوای بۆردومانکردنی ئۆتۆمبێلێکی سەربازی بە هەڵە لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش لە پارێزگای کەرکووک لە مانگی ڕابردوو کە بەهۆیەوە 4 پۆلیسی فیدراڵی کوژران و بریندار بوون، ئەمریکا بە فەرمی داوای لێبووردنی لە عێراق کرد. فەرماندەیی پۆلیسی فیدراڵی لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند "ڕۆژی 2019/5/18 جۆی هود، هەڵسوڕێنەری کاروباری باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە عێراق بە مەبەستی پێشکەشکردنی پرسە سەردانی بارەگای پۆلیسی فیدراڵی کرد لە بەغدا. بەناوی حکومەتی ئەمریکاش داوای لێبوردنی لە فەرماندەیی پۆلیسی فیدراڵی کردووە".

لەبەرامبەردا قەیس خەزعەلی، ئەمینداری گشتی بزووتنەوەی عەسائیبی ئەهلی حەق ڕایگەیاند "لێبووردن، تاوانبار لە بەرپرسیاریەتی نابەخشێ".

### ڕاپۆرتێکی نهێنی دراوەتە وەزارەتی شارەوانی

# زبڵی ڕانیە گەندەڵی تێدەکەوێ

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو-هەولێر**

بەپێی ڕاپۆرتێکی دیوانی چاودێریی دارایی، لە گرێبەستی کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاک لە سنووری ئیدارەی ڕاپەڕین گەندەڵییەکی ئاشکرا کراوە، بەشێوەیەکی نایاسایی و قۆرخکاری پڕۆژەکە دراوەتە کۆمپانیایەکی ئەڵمانی.

دیوانی چاودێری دارایی بەدواداچوونی بۆ گرێبەستی پڕۆژەکە کردووە و بە نووسراوێکی نهێنی ڕاپۆرتێکی 10 لاپەڕەیی داوەتە وەزیری شارەوانی.

بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە، گرێبەستەکە لە نێوان کۆمپانیای گارێکسی ئەڵمانی و ئیدارەی ڕاپەڕیندا کراوە. کۆمپانیاکە مانگانە کرێی هەڵگرتنەوەی خۆڵ و خاشاک لە ماڵان و شوێنە بازرگانییەکان وەردەگرێ و 13.5 %ی داهاتەکە بۆ کۆمپانیاکە دەبێ.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی دیوانی چاودێریی دارایی، گرێبەستەکە چەندین کەموکوڕیی تێدایە، لەوانە نەبوونی پاڵپشتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، نەبوونی پێشینەی کۆمپانیاکە لەنێو دۆسیەی پرۆسەکەدا. نەبوونی کاری هاوشێوە: "ئەمەش پێچەوانەی ڕێنماییەکانی جێبەجێکردنی گرێبەستە حکومییەکانە".

هەر بەپێی ڕاپۆرتەکە، لەکاتی کردنەوەی تەندەر، کەسێک بەناوی (د.ب) لەجیاتی بەڵێندەرەکە لەسەر گرێبەستەکە واژۆی کردووە، بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگە و بریکارنامەیەکی بەڕێوەبەری کۆمپانیاکەی هەبێت. بەڵگەی دامەزراندنی کۆمپانیاکەش لەنێو دۆسیەکەدا نەبووە.

ئیدارەی ڕاپەڕین دوو جار بانگەوازی بۆ پڕۆژەکە کردووە. بانگەوازی یەکەم ساڵی 2017 بووە، بەهۆی سکاڵای کۆمپانیایەک، کۆمپانیای گارێکس و کۆمپانیایەکی دیکە لە پرۆسەکە دوورخراونەوە، لە جاری دووەمدا کۆمپانیایەک بەناوی ئازاد حەسەن کەمترین نرخی پێشکەش کردووە بەڕێژەی 10 %، کەچی ئیدارەی ڕاپەڕین پڕۆژەکەی داوەتە کۆمپانیای گارێکس بە نرخی زیاتر بۆ ماوەی سێ ساڵ: "بۆیە ئەمە هیچ بنەمایەکی یاسایی و بەرژەوەندی گشتی تێدا بەدی ناکرێ".

بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە، لە کاتی کردنەوەی تەندەر کۆمپانیاکە چەکێکی بەسەرچووی دەستکاریکراوی پێشکەش کردووە "ئەمەش بە چاوپۆشی لە پێشکەشکردنی زانیاریی هەڵە دادەنرێت".

یاسین خدر، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "گرێبەستی ئەو کۆمپانیایە لەلایەن چاودێریی داراییەوە پەسەند نەکراوە، ئەمەش دەریدەخات ئەو گرێبەستە نایاساییە و قۆرخکاری لە گرێبەستەکەدا زیانی چەندین ملیار دیناری بە داهاتی گشتی گەیاندووە".

ڕۆژی 2019/4/16 یاسین خدر و عەلی حەمەساڵح لە فراکسیۆنی گۆڕان داوایان لە دەستەی دەستپاکی کردووە بەدواداچوون بۆ ئەو گرێبەستە بکات.

کۆمپانیاکە ڕەتیدەکاتەوە هیچ کەموکوڕییەک لە گرێبەستەکەیاندا هەبێ. دیاری ڕەسوڵ، بەڕێوەبەری ڕێگەپێدراوی کۆمپانیای گارێکس ڕایگەیاند "کۆمپانیاکەی ئێمە بەشداری تەندەرینەکەمان کردووە و بەپێی هەڵسەنگاندنی لایەنەکان پڕۆژەکەمان بۆ دەرچووە".

شارەوانی و ئیدارەی ڕاپەڕینیش دەڵێن گرێبەستی پڕۆژەکە هیچ گرفتێکی نییە. ئاوارە عەلی، سەرۆکی شارەوانییەکانی ڕاپەڕین بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "گرێبەستەکە لەگەڵ کۆمپانیای گارێکس بەشێوەیەکی یاسایی کراوە، بەڵام دیوانی چاودێری دارایی نزیکەی 20 خاڵی لەسەر کەموکوڕیی دۆسیەکە نووسیوە کە زۆر لاوازن و زۆربەیان بەهۆی تێنەگەیشتنی دیوانی چاودێری داراییەوەیە".

سەرۆکی شارەوانییەکانی ڕاپەڕین گوتیشی: "تەنیا سێ خاڵی ڕاپۆرتەکە پەیوەندی بە ئێمەوە هەبووە، ئەویش وەڵاممان داونەتەوە. داوای چەند ئەوڵیاتێکیان کردووە کە لەگەڵی نەبووە، ئێمەش بۆمان ناردوون".

هەر لەوبارەوە دلاوەر قوباد، جێگری سەرپەرشتیاری ئیدارەی ڕاپەڕین بۆ کاروباری هونەری بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "کارەکە بەشێوەیەکی یاسایی کراوە و هیچ کێشەیەک لە گرێبەستەکەدا نییە. تەنیا بانگەوازەکە لەلای ئێمە کراوە، ئەوەی دیکەش پەیوەندی بە وەزارەتی شارەوانییەوە هەیە، وەزارەت داوای ڕوونکردنەوەی لێکردبووین لەسەر ڕاپۆرتەکەی دیوانی چاودێریی دارایی و ئێمەش وەڵاممان داونەتەوە".

بڕیارە لەم هەفتەیە وەزارەتی شارەوانی لەسەر ئەم پڕۆژەیە وەڵامی دیوانی چاودێریی دارایی بداتەوە و بڕیاریش لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کۆمپانیا و لایەنە پەیوەندیدارەکان بدات.

ئیخلاس مەجید، بەڕێوەبەری گرێبەستە گشتییەکان لە وەزارەتی شارەوانی لەوبارەوە دەڵێت: "هەموو پرۆسەکە لە ئیدارەی ڕاپەڕین کراوە و بڕیاری لەسەر دراوە ئینجا هاتووە بۆ لای ئێمە. ئەوەی لەسەر ئێمەیە گرێبەستەکە بکەین. دوای ئەوەی ڕاپۆرتی دیوانی چاودێری دارایی لەسەر پڕۆژەکە بۆ ئێمە هات، داوای ڕوونکردنەوەمان لە ئیدارەی ڕاپەڕین کرد لەسەر ئەو کەیسە، ئەوان وەڵامیان داوەتەوە و بە نووسراوێک داومانە نووسینگەی وەزیر".

ئیخلاس مەجید گوتیشی: "چاوەڕوانی بڕیاری وەزیری شارەوانین، ئەگەر پرۆسەکە بەشێوەیەکی نایاسایی کرابێت و کەمتەرخەمی لەلایەن کۆمپانیاکە هەبووبێت و ئەو مەرجانەی لە ئیعلانەکە هەبووە جێبەجێی نەکردبێت، ڕێکاری یاسایی بەرامبەر دەگرینەبەر".

### بەرگەی 20 ساڵ دەگرێ

# ڕێگایەکی دهۆک بە جۆرە قیرێکی نوێ قیرتاو دەکرێ

**بەڕێوەبەری کۆمپانیای دارین گروپ:**

**دەتوانین بە 10 ساڵ هەموو ڕێگاکانی کوردستان بەو قیرە قیرتاو بکەین**



**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

کومپانیایەکی خۆماڵی بە هاوکاریی کومپانیایەکی ئیتاڵی و بە چاودێریی شارەزایانی دوو کۆمپانیای تورکی و ئوردنی، بۆ یەکەمجار لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان، قیرێکی نوێ بۆ قیرتاوکردنی دووسایدی نێوان زاخۆ- دهۆک بەکاردێنن. بەڕێوەبەری کۆمپانیا خۆماڵییەکە دەڵێت ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکارییان بکات، دەتوانن سەرجەم ڕێگاکانی کوردستان بەو قیرە قیرتاو بکەن کە 20 ساڵ بەرگە دەگرێ.

سەرەڕای سستیی کارکردن لە ڕێگاوبانەکان، ئەو ڕێگایانەشی دروست دەکرێن زۆرجار لە ئاستی پێویستدا نین و زوو قیرەکەیان تێکدەچێ و زۆر جاریش ڕووداوی هاتوچۆیان لێدەکەوێتەوە.

لە ماوەی 9 ساڵی ڕابردوودا 36 هەزار و 913 ڕووداوی هاتوچۆ لە هەرێمی کوردستان ڕوویانداوە، بەو هۆیەوە 6 هەزار و 509 کەس مردوون و 77 هەزار و 306 کەسیش برینداربوون.

لە هەرێمی کوردستان نزیکەی 6 هەزار کیلۆمەتر ڕێگەی دەرەوەی شار هەیە، نزیکەی تەنیا 650 کیلۆمەتر کە دەکاتە 11 %ی ڕێگەکانی دەرەوەی شارەکان دووسایدن. زۆربەی ڕووداوەکانی هاتوچۆش لەم ڕێگایانە ڕوودەدەن.

هەفتەی ڕابردوو یەکەم وەجبەی قیری ئیتاڵی گەیشتە هەرێمی کوردستان و بڕیارە لە قیرتاوکردنی ڕێگای جووتسایدی دهۆک — زاخۆ بەکاربهێنرێ.

زکری بارزانی، بەڕێوەبەری کۆمپانیای دارین گروپ لە دهۆک کە تەندەری قیرتاوکردنی ڕێگەکەیان وەرگرتووە، بە (ڕووداو)ی گوت: "یەکەمجارە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق ئەم جۆرە قیرە بەکاردێ. هەفتەی ڕابردوو چەند ئەندازیارێکی ئیتاڵی کەرەستەی پێویستی دروستکردنی قیریان بۆ کارگەی باتیکێ هێناوە، کە بە نوێترین تەکنەلۆژیا دروستکراوە، ئێستا دەستیان بە بەرهەمهێنانی قیر کردووە و سەرجەم کەرەستە خاوەکانی قیرەکە لە ئیتاڵیا هێنراون".

بە گوتەی زکری، دوو کۆمپانیای تورکی و ئوردنی چاودێری و سەرپەرشتی دروستکردنی قیرەکە دەکەن، یەکەمجاریش قیرەکە لە قیرتاوکردنی دووسایدی دهۆک — زاخۆ بەکاردەهێنرێ.

ڕێگای نێوان زاخۆ و دهۆک سێ ساڵ لەمەوبەر چاککراوەتەوە، بەڵام لە چەندین شوێن تێکچووە. ئێستا دووبارە چاکدەکرێتەوە. زکری دەڵێت لە ماوەی 40 ڕۆژ تاوەکو دوو مانگ قۆناغی یەکەمی چاککردنەوەی ڕێگاکە کە 13 کیلۆمەترە تەواو دەبێت.

کۆمپانیای دارین، خاوەنی سێ کارگەی گەورەی قیرە کە بە تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو دروستکراون. بەڕێوەبەری کۆمپانیاکە دەڵێت: "ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان داوامان لێ بکات، دەتوانین لە ماوەی 10 ساڵدا سەرجەم ڕێگاکانی هەرێمی کوردستان قیرتاو بکەینەوە".

ستازین، ئەندازیارێکی ئەو کۆمپانیا ئیتاڵییەیە کە گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیای دارین کردووە، باسی تایبەتمەندیی ئەو قیرە دەکات کە هێناویانە و دەڵێت: "ئەو قیرەی ئێمە بەکاری دێنین زۆر جیاوازە لەو قیرەی کە لە کوردستان بەکاردێ، قیرەکەی ئێمە مەتاتییە، واتە توانای کشانی هەیە، بە هاتوچۆی ئۆتۆمبێلی گەورەش تێکناچێ.

سەبارەت بە توانای بەرگەگرتنی قیرەکەش، ئەو ئەندازیارە گوتی: "ناتوانم بۆ کوردستان پێشبینی بکەم کە بۆ چەند ساڵ بەرگە دەگرێ، چونکە نازانم ژمارەی هاتوچۆی ئۆتۆمبێلەکان لەسەر ئەو ڕێگایانە چەندە، بەڵام لە ئەمریکا بەکارهاتووە و بە 20 ساڵ هیچی لێ نەهاتووە".

# سێ وەزیر باسی پلانی حکومەت بۆ چاککردنی ڕێگاکان دەکەن

**ڕووداو-هەولێر**

سێ وەزیری حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانی حکومەت بۆ چاککردنی ڕێگەوبانەکانی هەرێمی کوردستان دەخەنەڕوو، وەزیری دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان دەڵێت، بەرهەمی دوو کۆبوونەوەیان لەگەڵ قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی حکومەت لەسەر ئەو پرسە ئەوە بووە کە ئەو پارەیەی کۆدەکرێتەوە بۆ ڕێگەوبانەکان، لە سندووقێکدا دابنرێ و سوودی لێ ببینرێ بۆ چاککردنەوەی ڕێگاکان.

دوایین بەرنامەی (لەگەڵ ڕەنج) لە تەلەفزیۆنی (ڕووداو) تایبەت بوو بە خراپیی ڕێگاوبانەکانی هەرێمی کوردستان. هەریەک لە ڕێباز حەملان، وەزیری دارایی، نەورۆز مەولوود، وەزیری شارەوانی و دەرباز کۆسرەت، وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن میوانی بەرنامەکە بوون.

ڕێباز حەملان، وەزیری دارایی و ئابووری لە بەرنامەکەدا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئەو پرۆژانەی پێشتر بەهۆی قەیرانی داراییەوە ڕاگیرابوون، ئێستا زۆربەیان بەکارکەوتوونەتەوە. زۆربەی پرۆژەکانیش لەسەر بودجەی وەزارەتەکان جێبەجێ دەکرێن.

تونێلی زاخۆ-دهۆک، ڕێگای جووتسایدی نێوان هەولێر و دهۆک، جووتسایدی نێوان هەولێر-کۆیە

**11 تونێل لە نێوان سۆران و حاجی ئۆمەران دروست دەکرێن**

**دەرباز کۆسرەت**

لەو پرۆژانەن کە پارەیان بۆ تەرخان کراوە. بە گوتەی وەزیری دارایی و ئابووری "لە ساڵانی 2018 و 2019 هەموو مانگێک ملیارێک و 500 ملیۆن دینار تەنیا بۆ چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکان و پردەکانی دەرەوەی شارەکان خەرج کراوە. تەنیا ئەمساڵ 4 ملیار و 691 ملیۆن دینار بۆ چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکان و پردەکانی دەرەوەی شارەکان خەرج کراوە".

چاککردنەوەی ڕێگاکانی دەرەوەی شار لە ئەستۆی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەیە. زۆربەی ڕێگاکانی دەرەوەی شار تێکچوون، کارگەیشتووەتە کەمپەین و خۆپیشاندان بۆ چاککردنەوەیان.

وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنیش هۆکاری کەمیی کارکردن لە چاککردنەوەی ڕێگەوبانەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو قەیرانەی لە دوای 2014 دروست بوو، دەرباز کۆسرەت دەڵێ: "کاری لەپێشینەی ئێمە لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن ئەوە بووە چۆن بتوانین ڕێگا ستراتیژییەکان، بە تایبەت ئەوانەی سەرچاوەی دارایی و ئابوورین بۆ هەرێمی کوردستان، ببەستینەوە بە شارە گەورەکانەوە".

دەرباز کۆسرەت نموونە بە چەند پرۆژەیەک دەهێنێتەوە کە ئێستا دەستیانپێکردووە و دەڵێ: "لە ئیبراهیم خەلیلەوە دەستپێکردووە کە ڕێگای سحێلایە تاوەکو گەلی زاخۆ دێت. تونێلی زاخۆ تەواو بووە، ڕێگای سێمێل-دهۆک تەواو بووە، دهۆک تاوەکو ڕۆڤیا تەواو بووە. ڕوڤیا بۆ هەولێر دەستپێکردووە و هەمووشی جووت سایدە و هەندێکیش دەبێتە سێ ساید تا دەگاتە هەولێر، لە هەولێر بەرەو پیرمام تونێلێکمان هەیە، دواتر دوو تونێلی بچووکمان هەیە بەرەو شەقڵاوە، دواتر تونێلی بەنی هەریرمان هەیە بەرەو کۆڕەک، لە سۆرانیشەوە بۆ حاجی ئۆمەران 38 کیلۆمەتر ڕێگامان هەیە بە تێچووی 600 بۆ 700 ملیۆن دۆلار کە 11 تونێل و ژمارەیەک پردی بچووک و پردێکی گەورەی تێدەکەوێت".

**ئەمساڵ 4 ملیار و 691 ملیۆن دینارمان بۆ چاککردنەوەی ڕێگاوبانی دەرەوەی شارەکان خەرج کردووە**

**ڕێباز حەملان**

وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن دەشڵێت پێداچوونەوە بە هەموو ئەو پارانە دەکەن کە بەناوی جیاجیاوە بۆ ڕێگاوبانەکان وەردەگیرێت. لەوبارەوە گوتی: "کواڵیتی کۆنترۆڵ پارە بەناوی ڕێگاوبانەوە وەردەگرێت، لە وەزارەتی ناوخۆ پارە بەناوی ڕێگاوبانەوە وەردەگیرێت، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان 7 دۆلار بۆ هەر تۆنێک سووتەمەنی وەردەگرێت، ئێمە دەمانەوێت هەموو ئەو پارانە کۆبکەینەوە و بیکەینە یەک سیستەم".

دەرباز کۆسرەت ڕەتیدەکاتەوە لە پرسی ڕێگاوبان جیاوازی لەنێوان شارەکانی هەرێمی کوردستان بکرێت و دەڵێ: "ئەوەی کە کراوە لەو سنوورەی پێیدەڵێن سنووری زەرد، بە هەمانشێوە لە سنووری سەوزیش کراوە".

دەرباز کۆسرەت، هۆکاری ئەو گەشەکردنە خێرایەی هەولێر بەراورد بە سلێمانی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە "لە سلێمانی ململانێی سیاسی هەبووە، هیچ پەیوەندی بە حکومەتەوە نییە".

هاوکات ڕێباز حەملان ڕەتیدەکاتەوە لە وەزارەتەکەی ئەوانەوە جیاوازی لەنێوان شارەکان کرابێت و ناوچەگەرێتییان کردبێت: "وەزارەتی دارایی و ئابووری بە تەحەداوە ئەو قسەیە دەکەم، لە ماوەی ئەو 5 ساڵەدا نە حیزبایەتی کردووە، نە ناوچەگەرێتی"، ڕەتیشیدەکاتەوە داهاتی شارێک بدرێت بە شارێکی دیکە و دەڵێ: "ئەسڵەن داهاتی هەموو شار و شارۆچکەکان لەلای خۆیان دەمێنێتەوە".

**970 پرۆژەمان لەسەر داهاتی شارەوانییەکان جێبەجێ کردووە**

**نەورۆز مەولوود**

نەورۆز مەولوود کە وەزارەتەکەی بەرپرسە لە دروستکردن و چاککردنی ڕێگاکانی نێو شار و شارۆچکەکان، دەڵێت: "هەر بەو 20 %ەی داهاتی شارەوانی لە ساڵانی 2017 تاوەکو 2019، توانراوە 970 پرۆژە بە بەهای 42 ملیار دینار جێبەجێ بکرێن".

کەنیزەکەکانی خەلافەت..



# بە بریندار لە دەست چەکدارانی داعش هەڵاتم

چیرۆکی نۆزدەیەم

نەوزاد مەحموود
ڕووداو – دهۆک

"ئەو مۆبایلەی بەدەستمەوەیە، پێنج ساڵی ڕەبەقە بۆ چرکەیەکیش نەمکوژاندووەتەوە. تەنانەت شەوانە کە دەنووم، لە تەنیشتی سەرم دایدەنێم. چاوەڕوانی زەنگێکم کە وابزانم هەرگیز نایەت. خەریکە شێت ببم بۆ بیستنی دەنگێک کە پێنج ساڵە نەمبیستووە".

چیرۆکی پەیوەستبوونی شێتانەی حەنیفە بە مۆبایلەکەیەوە، لەو شەوەوە دەستپێدەکات کە بە هەڵەداوان خۆی گەیاندە ماڵەوە و بەهەموو هێزی خۆی دەرگاکەی ڕاوەشاند بۆ ئەوەی بە هەواڵێکی تاڵ، خەوی شیرینیان لێ تێکبدات "هەستن، خۆتان دەرباز بکەن".

لە شارەدێی تەلعوزێر، کچێک ڕۆژانە لەنێو دووکانەکەیدا، ئارایشتی بۆ کچان و ژنانی

## چوار لە خوشکەکانم لە داعش کڕینەوە

ئێزدی و موسوڵمان و کریستیان دەکرد. باوکیشی تاکسی دەگێڕا.. لە گوندێکی نزیک زاخۆ، خۆی و دایکی و چوار لە خوشکەکانی کە دوای کەوتنی باغۆز ڕزگار بوون، پێکەوە دەژین. نەبوونی هیچ هەواڵێک لە پێنجەمین خوشکیانەوە، ژیانی کردووە بە دۆزەخ. تەنیا پیاوی ئەو ماڵەش باوکیان بوو کە لە سێیەمین ساڵی چاوەڕوانیی کچەکانیدا، شەوێک جەڵتەیەک دڵی لەکارخست و مرد.

هەمان ئەو شەوەی داعش نزیکی شارۆچکەکە بوونەوە، حەنیفە تاوەکو درەنگانێکی شەو لەگەڵ خوشکەکەیدا لە ئارایشگەکە کاریان کرد. بێئاگا بوون لەو ئاگرەی بە خێرایی تەشەنەی دەکرد و نزیک دەبووەوە لە شارەکەیان. چەند کچێک دەیانویست جوانترین ئارایشت بکەن بۆ زەماوەندێک کە بڕیار بوو ڕۆژی سێی ئاب بەڕێوەبچێت "هەر کە هەواڵەکە بە من گەیشت، بە خێرایی دووکانم داخست و گەڕامەوە بۆ ماڵەوە، ئەوان نووستبوون". هێشتا ئەو خەریکی بێدارکردنەوەی و ئەندامانی خێزانەکەی بوو کە چەکدارانی داعش گەیشتنە دەروازەی شارەکە: "نازانم چۆن بەو چەند خولەکە کەمە قیامەت هات؟!".

حەنیفە و خوشکەکانی دەستگیرکران. چەند چەکدارێک هاتبوونە نێو ماڵەکەی ئەوان، لەوکاتەدا کە دەیانویست ماڵێکی دیکە بپشکنن، حەنیفە بە دەرفەتی دەزانێ، بەسەر دیواری حەوشەکەدا خۆی هەڵدەداتە ئەودیو و بەرەو ماڵی مامی ڕادەکات: "لە دەرەوە وەک ئەوە بوو فیلمی ترسناک ببینم، خەڵک سەریان لێ شێوابوو، بەشێکیان بەرەو ڕاست و بەشێک بەرەو لای چەپ ڕایاندەکرد. لە ماڵی مامم هاوارم کرد دنیا خراپ بووە با ڕاکەین، هێشتا قسەکانم تەواو نەکردبوو، تەقە دەستیپێکرد".

### لەنێو گۆڕێکی بە کۆمەڵدا

پاش چەند خولەکێکی کەم، باوک و دایکیشی بە پەلە گەیشتنە ماڵی مامی بەڵام بەبێ خوشکەکانی. "ئەوانیان برد"، دایکی بەدەم لەخۆدانەوە هەر ئەوەندی گوت. لەگەڵ ماڵی مامی هەوڵی دەربازبوون دەدەن. حەنیفە لەپێش هەموویانەوە دەڕۆیشت و دەیویست هەرچۆن بووە دەربازیان بکات: "لە پڕ کەوتمە چاڵێکەوە، بینیم چەند لاشەیەکی تێدا بوو. ئای خوایە! ئەوانە کوڕان و پیاوانی ئێزدی بوون و چەند خولەکێک دەبوو کوژرابوون".

دیمەنی ئەو لاشانەی بەشێوەیەکی ڕەمەکی بەسەر یەکدا کەوتبوون، هێندەی دیکە حەنیفەی تۆقاند. هەنگاوەکانی خێراتر کرد: "باوکم پێیدەگوتم هێواش بە من ناتوانم ئاوا ڕابکەم. هێدی هێدی ئەو پەکی دەکەوت و پێیەکانی لەگەڵی نەدەهاتن".

حەنیفە باسی ژیانی باوکی دەکات و دەڵێت: "بەهۆی ئەوەی باوکم ماوەیەکی زۆر بوو کاری تاکسی دەکرد، زۆر بە کەمی بەپێ دەڕۆیشت، بۆیە ئەو شەوە زوو هیلاک بوو. باوکم زۆر زوو پیر بوو، بەشێکیشی بەهۆی ئەوە بوو کە شەش کچی هەبوو، هیچ کوڕی نەبوو".

ئەو شەوە خۆیان گەیاندە نزیک شنگال، لەو کاتەدا باوکی حەنیفە کە تەواو شەکەت ببوو، بیری بۆ دراوسێیە کۆنەکەی دەچێت بە ناوی مەحموود کە ماڵیان لە نزیک پرۆژەی ئاوی شنگال بوو، ئەوان لادەدەنە ماڵی مەحموود.

حەنیفە دەڵێت: "نزیکەی سەعات چواری بەرەبەیان بوو، مام مەحموود ئاگای لە هەواڵی هاتنی داعش نەبوو، خێرا بڕیاری دا پێشمان بکەوێ بەرەو دەرەوەی شنگال. تەلەفۆنی کرد بۆ کەسێکی نزیکی خۆی، پێیانگوت ئەو ڕێگایەی تۆ پێیدا دەڕۆی داعشی لێیە. ئیدی کاک مەحموود ژوورێکی بۆ چۆڵ کردین بۆ ئەوەی بمێنینەوە و خۆمان بدەینە دەست قەدەر".

حەنیفە خەوی لێکەوت، بەڵام زۆری نەبرد دەنگە دەنگی باوکی و مەحموودی دراوسێیان بە ئاگای هێنایەوە کە ڕێگەچارەی دەربازبوونیان تاوتوێ دەکرد، بەڵام هیچ ڕێگایەکی جێی متمانە نەبوو کە قەدەری خۆیانی ڕادەست بکەن: "مەحموود گوتی ئێمە مردنێکی مسۆگەر لە ڕێگەمانە، بۆچی نەڕۆین و لەسەر ڕێگای دەربازبوون نەمرین؟".

هەمووان ڕایان وابوو کە بەڕێی ئۆتۆمبێلدا نەڕۆین، لە کاتی ڕۆیشتن دەنگە دەنگ نەکەین "ئێمە بەرەو کوێ دەڕۆین؟" دوای 10 خولەک ڕۆیشتن بە توولە ڕێیەکدا حەنیفە ئەو پرسیارەی لە باوکی کرد، بەڵام هیچ وەڵامێک نەبوو، تەنیا داوای لێکرد بەردەوام بێ لە ڕۆیشتن.

### عومەری خاوەری شنگال، ژنێک بوو

چاوەکان ترسنۆکن و پێیەکان ئازان. ئەو ڕێگا سەخت و درێژانە بە چی دەبڕینەوە؟

## بۆ سۆراغی خوشکەکەم دەچمە سووریا

"قاچەکانم ئاوسان و تلۆقی گەورەیان کردبوو. ڕێگایەکی درێژ بەسەر ئازار و برینی پێیەکانماندا ڕۆیشتین، ئێمەی ئێزدی هەرگیز ناتوانین ئەوە لەبیر بکەین کە جیهان بۆچی لەبیری کردین".

## پێدەچێ خوشکەکەم منداڵی لە چەکداری داعش هەبێ، بۆیە ناگەڕێتەوە

حەنیفە ڕۆژانێک بەهۆی ئازارێکی بچووکی قاچی یان سەری، دەستی لە ئارایشکردنی ژنان هەڵدەگرت، ئێستا جار جار دەبێ بچەمێتەوە بۆ ئەوەی خوێنی نێو پێڵاوەکانی بڕێژێ

"سێ جار لەهۆش چووم، جارێکیان کە هۆشم بۆ گەڕایەوە، ئەوانم بینی بەسەرمەوە ئاویان پێدا دەکردم".

تاوەکو نەگەیشتنە سەر چیای شنگال، نەیدەزانی کە باوکی بۆچی هەر لەدواوە دەڕۆشت و خۆی دوادەخست و پاساوی ئەوەی دەهێنایەوە کە لەپێ کەوتووە "دەیگوت وابیرم دەکردەوە، داعش تەنیا دوو ڕۆژ لەم ناوچەیە خۆی دەگرێت و دەکشێنەوە، بۆیە نەمدەویست ئەوەندە دوور بکەوینەوە".

لە ڕێگادا کاتێک لە خێزانەکەی دادەبڕێ و لێک بزر دەبن، دیمەنێک بە تەواوی دەیهەژێنێ. دیمەنێک کە حەنیفە گومانی نییە لەوەی دەکرێت چۆن عومەری خاوەر و کۆرپەکەی بوونەتە نوێنەری ئازار و ژانی هەڵەبجە، ببێتە وێنە سیمبولییەکەی شنگالیش: "ژنێکم بینی لەسەر پشت کەوتبوو، گیانی دەرچووبوو، منداڵە شیرە خۆرەکەی لە برسان دەگریا و نەیدەزانی چۆن مەمکی دایکی دەربهێنێ. ئەوەندە بە دیار ئەو منداڵە و دایکە مردووەکەیەوە گریام، ئاواتم دەخواست هەر لەوێدا بمرم".

پێنج ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوەدا تێپەڕیوە، بەڵام حەنیفە سوێند دەخوات کە گریانی ئەو منداڵە هێشتا لە گوێیەکانیدا دەزرینگێتەوە.

هەرچۆن بوو گەیشتە سەر چیای شنگال. لەوێ چەند کەسێکی بینی، بە پاتریی ئۆتۆمبێل سەرقاڵی شەحنکردنەوەی مۆبایلەکانیان بوون. داوای کۆمەکی لێکردن بۆ ئەوەی مۆبایلەکەی بۆ شەحن بکەنەوە و هەواڵێکی باوک و دایک و کەسوکاری بزانێ: "تەلەفۆنم بۆ باوکم کرد، ئەوان نزیک ببوون لە من، بەڵام بە گریانەوە دەیگوت ئێستا دەبێت خوشکەکانت چییان بەسەرهاتبێ؟ تەنیا دەمتوانی بڵێم خودا ئاگای لێیان دەبێت".

چیای شنگال، لە یادەوەریی حەنیفە و هەزاران ئێزدیی لانە شێواودا وەک سەختترین و پڕکۆستترین ڕۆژەکانی تەمەن دەمێنێتەوە. دڵنیایی شتێک بوو، هەمووی دەیویست و لە کەسیشەوە دیار نەبوو. ماوەی 15 ڕۆژ لەوێ بێ نان و ئاو مانەوە: "گەڵای درەختەکانمان دەخوارد. من ئەو کچە نازدارە بووم، بۆ ئەوەی ڕوومەتەکانم نەڕووشێن، دایکم تەنانەت ماچیشی نەدەکردم، وا ئێستا بە بەرچاوییەوە گەڵای دار دەخۆم! لە یادمە چەند منداڵێکی برسی دەگریان و دواتر ئەوانیش کەوتنە جوینی گەڵای درەخت. کەسانێکم دەبینی، لە تینووان لەسەر زەوی کەوتبوون، ژن هەبوو ژانی منداڵبوون گرتبووی، کەس نەبوو فریای بکەوێ".

"تۆ نازانی جەستەی مرۆڤ، دوای مردنی چ بۆنێکی کوشندەی هەیە" حەنیفە، چاوەڕوانی وەڵامدانەوە لەمن ناکات وەک ئەوەی دڵنیابێت هێشتا ئەو بۆنە هەراسانی نەکردووم "زۆر کەس لە تەنیشت و دەوروبەرمان مردبوون، بەڵام وا بێهێز ببووین، نەماندەتوانی لە خۆمانی دوور بخەینەوە". هەوای وشک و تیشکی سووتێنەری هەتاو تاشە بەردەکانی بەشێوەیەک داخ کردبوو، بە شەویش هەر گەرمای دەدایەوە.

لە شەشەمین ڕۆژی مانەوەیدا لەسەر چیای شنگال، یەکێک لە خوشکەکانی تەلەفۆنی بۆ کرد. دەنگە نائومێدکەرەکەی بۆنی ئەو زەوییە بەیارانەی لێدەهات کە ساڵانێک بەهۆی تۆرانی هەورەکانەوە نەکێڵدراون: "من لە گرتووخانەی بادووشەوە قسەت لەگەڵ دەکەم".

بە قسەکانیدا وادیار بووە بگری و بیری ئەوان بکات. باسی ئەوەی نەکرد کە بچن بەدوایدا و هەوڵی ڕزگارکردنی بدەن. تەنانەت لە قسەکانی وا تێگەیشتبوو کە هەستی بە تاوان و گوناهێک دەکرد و هەر بەهۆی ئەو هەستی تاوانەشەوە وادیار بوو حەزی لەوەنەبێت بەو حاڵەوە بگەڕێتەوە ناویان.

## لە برسان گەڵای دارم دەخوارد

ڕۆژانی دواتر، برسێتی لە جووڵەی خستن، خوشکەکەی چەند جارێکی تریش تەلەفۆنی بۆ کردبوو، بەڵام هێزی ئەوەی نەبووە زۆر لەگەڵی بدوێ "لەو کاتانەدا، قسەکردن لەنێوان ئێزدییەکاندا ببووە نووزە نووز، چونکە هێزی دەنگهەڵبڕینیش نەمابوو" جەستەکان وا وشک ببوونەوە، تەنانەت نەتدەتوانی بۆ لەدەستدانی خۆشەویستترین کەسیشت، دوو دڵۆپ فرمێسک بە چاوەکانتدا بێنە خوارێ.

هەندێک لەو پیاوانەی بە چەکەکانیان پاسەوانی چیاکەیان دەکرد و بەشێوەیەکی ڕەمەکی بڵاوببوونەوە، هێدی هێدی، دەستبەرداری چەکەکانیان دەبوون. داعش پێیوابوو ئەو گەمارۆدانەی چیاکە بەسە بۆ ئەوەی برسێتی و تینوێتی ئەوانە بکوژێت کە نەکەوتبوونە دەستی.

### من بە گوللە پێکراوم

لە 15 هەمین ڕۆژی سەر چیادا، جووڵە کەوتەوە نێو خەڵکە سەرگەردانەکانی سەر چیا "بە دەستێکیان نان و بە دەستەکەی دیکە ئاو و دەرمانیان پێبوو. چەکەکانیشیان بە شانەوە بوو، هێزەکانی پەکەکە و یەپەژە و پێشمەرگە، هەرچۆن بوو ڕێگەیەکیان دۆزیبووەوە بگەنە لامان. من وەک تارمایی، ئەو پێشمەرگەیەم دەبینی کە هاتبوو چارەسەرم بکات.

پێشمەرگەکە بەخێرایی برینەکەی خاوێن کردەوە، لە پێی چەپیدا شوێنی فیشەکێک هەبوو، بەخێرایی ئاوی بۆ هەڵواسی و دەرزییەکی کردە نێو ئاوەکەیەوە "بیرم کەوتەوە، کاتێک لەسەر دیواری ماڵەوە خۆم هەڵدایە ئەودیو، تەقەیان لێکردم. من بریندار بووبووم، بەڵام لە ترسان هەستم بە ئازارەکەی نەکردبوو. هەر بەهۆی ئەو خوێن لەبەر ڕۆیشتنە چەند جارێک لە ڕێگا بووراممەوە".

## توانای ئەوەمان نەبوو تەرمەکانیش لە خۆمان دووربخەینەوە

دوای ئەوەی وزە بۆ جەستەی گەڕایەوە و دەیتوانی ببینێ و ببیستێ، شەیدایانە چاوی لەسەر تەلەفۆنەکەی بوو، بەڵکو زەنگێک لە خوشکەکەیەوە بێت و ئەوجارەیان بە کامی دڵ قسەی لەگەڵ بکات. بەڵام نەهات. چەند مانگێک دوای دابەزینیان لە چیاکە، باوکی بە خەمی کچەکانییەوە جەڵتە لێیدا و دایکیشی نەخۆش کەوت. بەڵام هەندێک هەواڵی خۆش لە 2018 و مانگە بەراییەکانی 2019 هاتن. حەنیفە بە هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر توانی چوار لە خوشکەکانی بکڕێتەوە "پێنج دەفتەر دۆلارم بۆ کڕینەوەیان خەرج کرد، بەڵام هێشتا یەکێک لە خوشکەکانم دیار نییە، هەندێکجار دەڵێم، پێدەچێت لەوانە بێت کە منداڵی لە داعش بووە و لەبەر منداڵەکەی نەوێرێ بگەڕێتەوە".

### هاوڕێ نمەک حەڕامەکان

یەکێک لە خوشکە ڕزگاربووەکانی لە ڕەوشێکی دەروونیی خراپدایە. ئەو بۆ حەنیفەی گێڕاوەتەوە کاتێک چەکدارانی داعش بردوویانە بۆ مووسڵ، لەوێ بەرەوڕووی دەستدرێژی و ڕەفتاری توندوتیژانە بووەتەوە "هەندێک چەکدار سووکایەتییان پێکردووە کە ناسیاوی باوکیشم بوون و دەیان جار لەماڵی ئێمە نانیان خواردووە. تەنانەت یەکێک لە خوشکەکانم، بەر داعشێکی کوردی سۆرانی کەوتووە، هێندە توند بووە لەگەڵی، بە تەواوی باری دەروونیی تێکداوە".

حەنیفە، بیر لەوە دەکاتەوە کە هەرچۆن بووە خۆی بگەیێنێتە ڕەققە و مەیادین و دێرەزوور. دەیەوێ سۆراخی خوشکەکەی بکات و ڕۆشنایی بۆ چاوە تاریکداهاتووەکانی دایکی بگێڕێتەوە.

لێی دەپرسم، جارێکی دیکە دەتەوێ دەست بە کاری ئارایشت بکەیتەوە؟ بێدەنگییەک دەکەوێتە نێوانمانەوە. چاوەکانی لە زەوییەکە گیر کردووە وەک ئەوەی سەرقاڵی مشتومڕ بێت لەگەڵ دڵی هەزار جار گلاوی خۆی "بەو حاڵەوە، نا. کچ و ژنی ئێزدی ئێستا هەموو بریندارن. ڕەنگە بۆ داهاتوو قسەیەکی دیکە بکەم".



## هاوردەکردنی هێلکە قەدەخە دەکرێت

**ڕووداو- زاخۆ**

بەهۆی پەتای ئەنفلەوەنزا، وەزارەتی بازرگانی عێراق بە بڕیارێک هاوردەکردنی هێلکە لە تورکیا و ئۆکرانیا قەدەغە دەکات. بڕیارەکەی وەزارەتی بازرگانی عێراق گەیشتووەتە دەروازەی نێودەوڵەتی ئیبراهیم خەلیل، بەپێی بڕیارەکە پێویستە لە سەرەتای ئەو مانگەوە هاوردەکردنی هێلکە بە تەواوەتی قەدەغە بکرێت، ئەمەش نارەزایەتی بەشێک لە بازرگانەکانی لێکەوتەوە و دەڵێن دەبوو بەر لە 3 مانگ لە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە، بڕیارەکە دەرچووبا، هاوکات هەموو بازرگانەکانیش لەو بڕیارە ئاگادار کرابایانەوە ئەوکات بڕیارەکە دەرکرابا. بەپێی ئامارەکانی ڤێتەرنەری لە هەرێمی کوردستان، ساڵانە 1 ملیار و 200 ملیۆن هێلکە بەرهەم دەهێندرێ، بەڵام زۆربەی هەناردەی شارەکانی عێراق دەکرێ.

# هەرێمی کوردستان ڕۆژانە 25 هەزار تۆن چیمەنتۆ بە عێراق دەفرۆشێ

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بە مەبەستی گەشەپێدان و پاراستنی بەرهەمی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی دارایی هاوردەکردنی چیمەنتۆی قەدەغە کرد، بەو هۆیەشەوە فرۆشی ڕۆژانەی کارگەکانی چیمەنتۆ لە کوردستان نزیکەی 3500 تۆن زیادی کردووە و تێکڕای وزەی بەرهەمهێنانیان بۆ نزیکەی 84% بەرز بووەتەوە.

بەپێی ئاماری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، شەش کارگەی بەرهەمهێنانی چیمەنتۆ لە کوردستان هەن کە بریتین لە کارگەکانی ماس، تاسلۆجە، بازیان، دەلتا، گاسن و کار. ئەم کارگانە ئەگەر بە وزەی تەواو کاربکەن بەرهەمی ساڵانەیان دەگاتە زیاتر لە 16 ملیۆن و 500 هەزار تۆن. ئێستا بە نزیکەی 84%ی توانای بەرهەمهێنانیان کاردەکەن و نزیکەی 70%ی بەرهەمەکانیان هەناردەی شارەکانی عێراق دەکەن.

تا ساڵی 2013 سێ کارگەی چیمەنتۆ لە هەرێمی کوردستان هەبوون کە فرۆشیان 7 ملیۆن و 400 هەزار تۆن بووە لە ساڵێکدا، بەڵام بەهۆی گرفتی ساغنەبوونەوە و دابەزینی نرخ لە ساڵی 2014 فرۆشیان بۆ 5 ملیۆن و 700 هەزار دابەزی. ساڵی 2015 کە کارگەیەکی دیکەش دامەزرا، فرۆشیان بۆ 4 ملیۆن و 800 هەزار دابەزی.

لە ساڵی 2016 دوو کارگەی دیکە لە هەرێمی کوردستان دامەزران، بەو هۆیەوە تێکڕای وزەی بەرهەمهێنانی کارگەکان بۆ 16 ملیۆن و 500 هەزارن تۆن زیاد بوو، بەڵام فرۆشیان تەنیا 5 ملیۆن و 200 هەزار تۆن بووە کە دەکاتە نزیکەی 31.5%ی تێکڕای بەرهەمیان، بەڵام بەهۆی باشبوونی باری ئابووری و پەیوەندی نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان و نەمانی داعش، لە دوو ساڵی ڕابردوودا فرۆشی کارگەکان بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە. بەجۆرێک لە ساڵی 2017 نزیکەی 10 ملیۆن و 700 هەزار تۆن و ساڵی ڕابردووش 12 ملیۆن و 550 هەزار تۆن فرۆشیان هەبووە. نزیکەی 75%ی بەرهەمی کارگەکانی کوردستان هەناردەی شارەکانی عێراق کراوە، کە ڕۆژانە دەکاتە نزیکەی 25 هەزار تۆن.

مستەفا زوبێر، بەڕێوەبەری هونەری و سەرپەرشتیاری کارگەکان لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دەڵێت: "بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت، سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی و شەڕی داعش، لەنێوان ساڵانی 2014 تاوەکو 2016 کارگەکانی چیمەنتۆ لە بارودۆخێکی سەختدا بوون و فرۆشیان زۆر دابەزی، بەڵام لە دوو ساڵی ڕابردوودا فرۆشی کارگەکان بەڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە".

بەپێی ئەو داتایانەی لەلای مستەفا زوبێرن، لە دوو ساڵی ڕابردوودا فرۆشی کارگەکانی چیمەنتۆ بەراورد بە فرۆشی ساڵانی 2014 و 2015 نزیکەی 55 % زیادی کردووە. هەروەها بەهۆی هەڵگرتنی خاڵە گومرگییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق، لەگەڵ جێبەجێکردنی بڕیاری قەدەغەکردنی هاوردنی چیمەنتۆ و بووژانەوەی کەرتی بیناسازی، مستەفا زوبێر پێشبینی دەکات ئەمساڵ فرۆشی کارگەکان نزیک بێتەوە لە تێکڕای وزەی بەرهەمهێنانیان.

دەستکەوتنی کەرەستەی خاوی چیمەنتۆ لە کوردستان و خواستی بەردەوامی چیمەنتۆ لە عێراق، بوونەتە دوو خاڵی گرنگ بۆ وەرچەرخان لە پیشەسازیی چیمەنتۆ، بۆیە لە چوار ساڵی ڕابردوودا سێ کارگەی چیمەنتۆ لە هەرێمی کوردستان دامەزراون، سێ کارگەی دیکەش مۆڵەتیان وەرگرتووە و ئێستا لە قۆناغی دامەزراندان.

مستەفا زوبێر دەڵێت: "کواڵیتی چیمەنتۆی کارگەکانی هەرێمی کوردستان زۆر باشە، ئەوەش پەیوەندی بەوە هەیە کە کارگەکان هی کەرتی تایبەتن، خاوەنەکانیان بۆ کێبڕکێی بازاڕ تەکنەلۆژیای پێشکەوتووبەکاردێنن".



لەدوای نەمانی قەیرانی داراییەوە، فرۆشی کارگەکانی چیمەنتۆ 55% زیادی کردووە (فۆتۆ: ڕووداو)

> دوای قەدەغەکردنی هاوردنی چیمەنتۆ فرۆشی ڕۆژانەی کارگەکانی چیمەنتۆ 3500 تۆن زیادی کردووە

کارگەی ماس یەکێکە لە کارگەکانی بەرهەمهێنانی چیمەنتۆ، خاوەنی سێ هێڵی بەرهەمهێنانە، وزەی هەر هێڵێکیان 2 هەزار تۆنە لە ڕۆژێکدا، تێکڕای توانای بەرهەمهێنانی ساڵانەی دەگاتە 6 ملیۆن تۆن چیمەنتۆ، ئەم کارگەیە لەساڵی 2017 بە وزەی 60 % و لە ساڵی ڕابردووش بە وزەی 77.5% کاری کردووە و 8 ملیۆن و 250 هەزار تۆن چیمەنتۆی بەرهەمهێناوە، ئەمە لەکاتێکدایە تێکڕای فرۆش و بەرهەمی ئەم کارگەیە لە ساڵی 2014 و 2015 تەنیا 3 ملیۆن و 300 هەزار تۆن بووە.

ئاراس عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری کارگێڕیی کارگەی چیمەنتۆی ماس دەڵێت: "دوای دابەزینی نرخی نەوت و سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی و شەڕی داعش، بەتایبەتی لە ساڵی 2015 و 2016 ، فرۆشمان زۆر دابەزی ، بەڵام لە دوو ساڵی ڕابردوودا جارێکی دیکە فرۆشمان ڕووی لە زیادی کردووە، ئێستا هەرسێ هێڵەکەمان لەکاردایە و نزیکەی 75%ی بەرهەمەکانمان هەناردەی شارەکانی عێراق دەکەین".

لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان جگە لە چیمەنتۆی خۆماڵی، چیمەنتۆی تورکی و ئێرانیش هەبوو. دوای قەدەغەکردنی چیمەنتۆی ئێرانی و تورکی، کۆمپانیاکان ڕوویان لە فرۆشتنی بەرهەمی خۆماڵی کردووە.

ڕابەر محەممەد، بەڕێوەبەری کۆمپانیای ڤان بۆ فرۆشتنی چیمەنتۆ و کۆنکریتی ئامادەکراو دەڵێت: "بەهۆی بەرزیی کواڵیتییەکەی و هەرزانیی نرخەکەی، خواستێکی زۆر لەسەر چیمەتۆی ئێرانی هەبوو، بەر لە بڕیاری قەدەغەکردنی، ڕۆژانە 1200 تاوەکو 1500 تۆن چیمەنتۆی ئێرانیمان دەفرۆشت، لەگەڵ کۆمپانیاکانی دیکە نزیکەی 3500 تۆنمان دەفرۆشت، لە زاخۆش ڕۆژانە نزیکەی 300 تۆن چیمەنتۆی تورکی دەفرۆشرا".

ئێستا سەرجەم کۆمپانیاکان ڕوویان لە فرۆشتنی چیمەنتۆی خۆماڵی کردووە، بۆیە ڕابەر پێشبینی دەکات ئەم مانگە فرۆشی ڕۆژانەی چیمەنتۆی خۆماڵی 3500 تاوەکو 3500 تۆن زیادی کردبێ.

ڕابەر گوتی: "هەرچەندە ئێستا نرخی چیمەنتۆ بەرز نەبووەتەوە، بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنی وەرزی بیناسازی لە هەرێمی کوردستان و زیادبوونی خواست، ئەگەری بەرزبوونەوەی نرخی چیمەنتۆ هەیە".

بەڵام جەنگی قادر، بەڕێوەبەری پاراستنی بەرهەمی ناوخۆ بە وەکالەت لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی گەشەپێدانی پیشەسازی دەڵێت: "بەڵێنمان لە خاوەن کارگەکانی چیمەنتۆ وەرگرتووە پابەند بن بە نرخ و کواڵیتی. لەکاتی زیادبوونی خواستدا، نرخ بەرز نەکەنەوە".

---

## تەنیا 50%ی بەرهەمی ناوخۆیە

# ڕۆژانە 2760 ئاژەڵ لە کوشتارگەکان سەردەبڕدرێن



لە چوار ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە 3 ملیۆن و 800 هەزار ئاژەڵ لە کوشتارگەکان سەربڕدراون (فۆتۆ: ڕووداو)

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

> بەرپرسی کوشتارگەی هەولێر:
> هاوردەکردنی ئاژەڵمان کەم کردووەتەوە، بۆیە نرخی گۆشت بەرزبووەتەوە

سەرپەرشتیاری کوشتارگەکان لە هەرێمی کوردستان دەڵێت ساڵ بەساڵ خواست لەسەر خواردنی گۆشتی سوور زیاد دەکات، ئەم خواستەش لەگەڵ ڕێژەی زیادبوونی ساڵانەی ئاژەڵ لە کوردستان یەکناگرێتەوە، بۆیە هەرێمی کوردستان بۆ نزیکەی 50%ی پێداویستیەکانی پشت بە گۆشت و ئاژەڵی هاوردە دەبەستێ.

بەپێی ئاماری کوشتارگەکانی هەرێمی کوردستان، لە چوار ساڵی ڕابردوودا 3 ملیۆن و 275 هەزار و 283 سەر مەڕ و بزن، هەروەها نزیکەی 529 هەزار ڕەشەوڵاخ، تەنیا لە کوشتارگەکان سەربڕدراون. ئەوەش بە تێکڕا ڕۆژانە دەکاتە 2760 ئاژەڵ.

لە ئامارەکەدا دەردەکەوێت باری ئابووریی خەڵک کاریگەری لەسەر خواستی گۆشتی سوور هەبووە، بەجۆرێک لە ساڵی 2015دا 809،271 سەر مەڕ و بزن و 143،423 ڕەشەوڵاخ لە کوشتارگەکان سەربڕدراون، بەڵام لە ساڵی 2016 کە قەیرانی دارایی لە لووتکەدا بووە، بەکاربردنی گۆشتی سوور کەمی کردووە و لەو ساڵەدا 742،009سەر مەڕ و بزن و 116،083 ڕەشەوڵاخ سەربڕدراون.

بەڵام دواتر خواست لەسەر گۆشتی سوور زیادی کردووە، بە جۆرێک ساڵی ڕابردوو 876،396 سەر مەڕ و بزن و 131،013 سەر ڕەشەوڵاخ لە کوشتارگەکان سەربڕدراون، ئەمەش بەراورد بەساڵی 2016 بۆ ئاژەڵی بچووک 16 % و بۆ ئاژەڵی گەورەش 11.4 % زیادی کردووە.

دکتۆر مقیداد ئیبراهیم، بەڕێوەبەری تەندروستیی ئاژەڵ و سەرپەرشتیاری کوشتارگەکانی هەرێمی کوردستان دەڵێت: "بەهۆی باشبوونی باری ئابووریی هەرێمی کوردستان، ساڵ بە ساڵ خواست لەسەر گۆشتی سوور زیاد دەکات، زیادبوونەکەش لەگەڵ ڕێژەی زیادبوونی ئاژەڵ یەکناگرێتەوە، بۆیە مانگانە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی، ڕێگە بە بازرگانان دەدرێت ئاژەڵی زیندوو و گۆشتی بەستوو هاوردە بکەن".

لە هەرێمی کوردستان 28 کوشتارگە هەن، لە هەموویاندا پزیشکی ڤێتەرنەری هەن کە پێش ئەوەی ئاژەڵەکە سەربڕن دەیپشکنن. دکتۆر میقداد دەڵێت: "ئەو گۆشتەی لە کوشتارگەکان بەرهەم دەهێنرێ، سەلامەتە بۆ خواردن، چونکە پزیشک پشکنینی بۆ دەکات".

بە گوێرەی ستانداردی وەزارەتی کشتوکاڵ، هەر تاکێک لە هەرێمی کوردستان ساڵانە پێویستی بە 41.2 کیلۆگرام گۆشت هەیە، لەم بڕەش 14.4 کیلۆگرام بۆ گۆشتی سوور دانراوە.

دکتۆر مقداد دەڵێت :"بەپێی داتاکان بۆمان دەرکەوتووە دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بەپێی ئاستی بژێوییان هەندێ ساڵ زیاد لەبڕی دیاریکراو و هەندێ ساڵیش کەمتر لەم بڕە دەخۆن، بەڵام بەگشتی خواردنی گۆشتی سوور لە کوردستان بەراورد بە تورکیا و ئێران و هەندێ وڵاتانی ئەورووپی زیاترە".

بەپێی ئامارەکە، تێکڕای گۆشتی بەرهەمهێنراو لە کوشتارگەکان لە سێ ساڵی ڕابردوودا 234 هەزار و 500 تۆن بووە. تەنیا ساڵی ڕابردوو لە کوشتارگەکانی هەولێر 25،500 تۆن، لە سلێمانی 27،625 تۆن، لە دهۆک 20،570 تۆن، لە گەرمیان 11،305 تۆن، لە هەڵەبجە 1،252 تۆن گۆشت بەرهەم هاتووە. نزیکەی 3،500 تۆن گۆشتی سووری بەستووش هاوردەکراوە.

لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە 4،596،944 سەر ئاژەڵ هەن کە 4،336،825یان مەڕ و بزنن و 26،119یان ڕەشەوڵاخن.

ڕەمەزان محەممەد، بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، دەڵێت :"ساڵانە ژمارەیەک ئاژەڵ زیاد دەکات، بەڵام لە ئاستی ئەو خواستە زۆرە نییە کە لەسەر گۆشتی سوور هەیە، بۆیە نزیکەی 50%ی ئەو ئاژەڵانەی لە کوشتارگەکان سەردەبڕدرێن، ئاژەڵی هاوردەن".

هەرچەندە لەچەند ساڵی ڕابردوودا بەهۆی قەیرانی داراییەوە، هەندێک کەس ڕووی لە بەخێوکردنی ئاژەڵ کردووەتەوە و چەند پڕۆژەیەکی دابەستنی ئاژەڵ دامەزراون و بەرهەمی ناوخۆ کەمێک زیاد بووە، بەڵام ئێستا جۆرێک لە پاشەکشێ لەو پڕۆژانە بەدی دەکرێ.

ڕەمەزان محەممەد دەڵێت: "لەبەر ئەوەی خاوەنی ئەو پڕۆژانە نەیانتوانی لەنرخدا کێبڕکێی نرخی ئاژەڵی هاوردە بکەن، بۆیە زۆربەیان وازیان لە پڕۆژەکانیان هێنا، ئێستا لە جیاتی بەخێوکردنی ئاژەڵ، بوونەتە بازرگان و ئاژەڵ هاوردە دەکەن".

بەپێی داتاکان، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، ساڵانە زۆرترین ژمارەی ئاژەڵ لە پارێزگای سلێمانی سەربڕدراوە و زۆرترین گۆشتیش لەوێ خوراوە. بۆ نموونە ساڵی ڕابردوو 512 هەزار و 708 ئاژەڵی بچووک و 67 هەزار و 218 ئاژەڵی گەورە لەو پارێزگایە سەربڕدراون و نزیکەی 27 هەزار و 625 تۆن گۆشتی سووریش لەو پارێزگایە خوراوە.

شەوکەت عەزیز، بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە پارێزگای سلێمانی دەڵێت: "خواستی زۆر لەسەر گۆشتی سوور لە پارێزگای سلێمانی بەشێکی کولتووورە و بەشێکیشی پەیوەندی بە زۆریی ژمارەی دانیشتووانەکەی هەیە. بەپێی پێوەری وەزارەتی کشتوکاڵ، ساڵانە پارێزگای سلێمانی پێویستی بە 30 هەزار تۆن گۆشتی سوورە، بەڵام ساڵی ڕابردوو کەمتر لەو بڕە خوراوە".

بەپێی داتاکان زۆرترین ژمارەی ئاژەڵ هەر لە پارێزگای سلێمانییە کە ملیۆنێک و 50 هەزار سەر مەڕ و 470 هەزار سەر بزن و 151 هەزار سەر ڕەشەوڵاخن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا بۆ 46%ی پێویستییەکانی لە گۆشت پشت بە ئاژەڵی هاوردە دەبەستێ.

شەکەوت عەزیز دەڵێت: "لە گۆشتی ئاژەڵی بچووک سلێمانی تاڕادەیەکی زۆر باش توانیویەتی پشت بە بەرهەمی ناوخۆ ببەستێ، بەڵام لە گۆشتی ئاژەڵی گەورە پێویستمان بە هاوردەیە".

### بۆچی گۆشت گران بووە؟

لەگەڵ هاتنی مانگی ڕەمەزان نرخی گۆشتیش کەمێک بەرز بووەتەوە، لە کاتێکدا لەو مانگەدا سەربڕینی ئاژەڵ زیاد دەکات.

هەڵمەت هەمزە سلێمان، بەڕێوەبەری کوشتارگەی هاوچەرخی هەولێر، دەڵێت :"هەموو ساڵێک لە سەرەتای مانگی ڕەمەزان و هەفتەیەک بەر لە جەژن، خواست لەسەر گۆشتی سوور زیاد دەبێ، بۆیە ئاژەڵی زیاتر سەردەبڕین. بەشێوەیەکی گشتی لە حاڵەتی ئاسایی ڕۆژانە نزیکەی 700 سەر مەڕ و بزن و 80 تاوەکو 100 ڕەشەولاخ سەردەبڕین".

سەبارەت بە هۆکاری زیادبوونی نرخی گۆشتیش، هەڵمەت گوتی: "نزیکەی 250 تاوەکو 500 دینار نرخی گۆشتی سوور بەراورد بە پێشتر زیاد بووە، بەڵام ئەوە پەیوەندی بە ڕەمەزانەوە نییە، بەڵکو بەهۆی کەمکردنەوەی مۆڵەتی هاوردەکردنی ڕەشەوڵاخە. ساڵی ڕابردوو مانگانە ڕێگەمان بە هاوردنی نزیکەی 7000 ڕەشەولاخ دەدا، ئەمساڵ بۆ پاراستنی بەرهەمی ناوخۆ بۆ نزیکەی 3000 ڕەشەولاخ کەممان کردووەتەوە".

### ئاماری سەربڕینی ئاژەڵ لە کوشتارگەکانی هەرێمی کوردستان لە 4 ساڵدا

| ساڵ | مەڕ و بزن | ڕەشەولاخ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| 2015 | 809.271 | 143.423 | 952.694 |
| 2016 | 742.009 | 116.083 | 858.092 |
| 2017 | 847.607 | 138.436 | 986.043 |
| 2018 | 876.396 | 131.013 | 1.007.409 |
| کۆی گشتی | 3.275.283 | 528.955 | 3.804.238 |

# رووسیا چاوی بڕیوەتە نەوتی عێراق

## عێراق بە نیازە تا ساڵی 2020 بەرهەمهێنانی رۆژانەی نەوت بۆ 6.2 ملیۆن بەرمیل بەرز بکاتەوە



کۆمپانیای لۆک ئۆیڵی رووسی بەڵێنی داوە ئاستی بەرهەمهێنان لە کێڵگەی قوڕنە 2 بەرز بکاتەوە

رووداو- هەولێر

حکومەتی رووسیا دەیەوێ پێگەی خۆی لە کەرتی نەوتی باشووری عێراقدا بەهێز بکات، بۆیەش داوای لە کۆمپانیایەکی رووسی کردووە خێراتر کار لەسەر کێڵگەیەکی زەبەلاحی ئەو ناوچەیە بکات، ئەو هەنگاوەش دوای ئەوە دێ کە عێراق بە نیازە ئاستی بەرهەمهێنانی بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبکاتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش پەنای بۆ کۆمپانیا ئەمریکی و چینییەکان بردووە.

سەرچاوەیەکی ئاگاداری عێراقی بە ماڵپەڕی (ئۆیڵ پرایس)ی راگەیاند: "کریملین گوشارێکی زۆری لەسەر کۆمپانیا رووسییەکان داناوە، بۆ ئەوەی گرنگی بە نەوتی عێراق بدەن، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەست دەکەن کۆمپانیا ئەمریکییەکان شوێنی خۆیان لە هەموو عێراق بەهێزتر کردووە".

سەرچاوەکە ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە کە حکومەتی عێراق بە نیازە هەتا 2020 ئاستی بەرهەمهێنانی رۆژانەی نەوت بۆ 6.2 ملیۆن بەرمیل بەرز بکاتەوە و هەتا 2023 بیگەیەنێتە نزیکەی نۆ ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا.

حاڵی حازر کۆمپانیای رۆسنێفتی رووسی لە کەرتی غازی سروشتی و نەوتی هەرێمی کوردستاندا چالاکە، لە ساڵی 2017ەوە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان رێککەوتووە بۆ ئەوەی ژێرخانی نەوت و غازی هەرێمی کوردستان پەرەپێبدەن. بەڵام دیارە رووسەکان چاویان لە ناوچە نەوتییەکانی دیکەی عێراقیشە، بۆ ئەوەش رێنمایی بە کۆمپانیای لوکئۆیڵ داوە کە لە کێڵگەی زەبەلاحی قورنەی رۆژئاوا 2 کار دەکات و 75%ی پشکەکانی ئەو پرۆژەیەی لایە.

بەمدواییە میخایل بۆگدانۆف، نێردەی تایبەتی سەرۆکی رووسیا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەفریقا، لەگەڵ عادل عەبدولمەهدی، سەرۆکوەزیرانی عێراق و نوێنەرانی باڵای رەوتی سەدر کۆبووەتەوە.

بەرپرسە عێراقییەکە لەو بارەوە گوتی "سیاسەتی موقتەدا سەدر ئەوەیە هەموو لایەنەکان بەگژ یەکدا بدات، بۆیەش بەمدواییە لەگەڵ ئێران رێککەوتووە تاوەکو بەهاوبەشی پەرە بە کێڵگە هاوبەشەکان بدەن، رێگەی بە ئێکسن مۆبیلی ئەمریکیش داوە لە پرۆژەی یەکگرتووی باشوور کار بکات، لەو لاشەوە هانی رووسەکان دەدات ئامادەگییەکی زیاتریان لە کێڵگەکاندا هەبێ، بەو شێوەیەش باشترین کار لە هەرکامیان دەردەکێشێ و بەڵێنەکانی کاتی هەڵبژاردنیش دەباتەسەر کە دەیگوت رێگەنادات عێراق وابەستەی یەک وڵات ببێ".

پرۆژەی یەکگرتووی باشوور پرۆژەیەکی ژێرخانییە کە ئامانج لێی گواستنەوەی ئاوی سوێری دەریایە بۆ چوار کێڵگەی رومەیلە، مەجنوون، زوبەیر و قورنەی رۆژئاوا، بەم هۆیەش ئاستی بەرهەمهێنانی کێڵگەکان بەرزدەبێتەوە.

بەگوێرەی راپۆرتەکە هەر لەو چوارچێوەیەدا لوکئۆیڵ رایگەیاندووە بە نیازە ئاستی بەرهەمهێنانی کێڵگەی قورنەی رۆژئاوا 2 هەتا 2020 بگەیەنێتە 480 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا و لە 2025 بۆ 800 هەزار بەرمیل بەرزی بکاتەوە.

ئاستی ئێستای بەرهەمهێنانی ئەو کێڵگەیە نزیکەی 400 هەزار بەرمیلە، کە دەکاتە 9%ی بەرهەمی رۆژانەی عێراق.

حکومەتی بەغدا و کۆمپانیا رووسییەکە بێ کێشەش نین. کۆمپانیای لوکئۆیڵ بۆ هەر بەرمیلێک 1.15 دۆلار هەقدەست وەردەگرێ، ئەوەش ناکۆکی لە نێوان حکومەت و کۆمپانیا رووسییەکەدا دروستکردووە، لەبەر ئەوەی لەچاو کۆمپانیاکانی دیکە کەمترین هەقدەستی پێدەدرێ.

وەک سەرچاوەکە ئاماژەی بۆ دەکات ساڵی رابردوو حکومەتی عێراق بۆی دەرکەوتبوو کۆمپانیا رووسییەکە لە دوو مانگی پێشتردا لە توانای دابووە رۆژانە 650 هەزار بەرمیل نەوت بەرهەم بهێنێ، بەڵام بەهۆی کەمی هەقدەستەوە ئەو کارەی نەکردووە، بەڵام "لەبەر ئەوەی هیچ کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتی نەبوو ئامادە بێ بەو نرخە کەمە کار بکات، بۆیە وەزارەتی نەوت رازی بوو ماوەی رێککەتنەکە بۆ 25 هەتا 30 ساڵ درێژ بکاتەوە، پشکی کۆمپانیاکەش لە 75%ەوە بۆ 80% بەرز بکاتەوە".

لەبەرامبەر ئەوەدا، لۆکئۆیل رەزامەندی دەربڕیوە لە کورتخایەندا 1.4 ملیار دۆلار و لە درێژخایەندا 3.6 ملیار دۆلاری دیکە وەبەرهێنان بکات. بەو پێیەش کۆمپانیا رووسییەکە هەتا کۆتایی ساڵی داهاتوو بەرهەمهێنان بۆ 700 هەزار بەرزبکاتەوە و بۆ بەرزکردنەوەی بەرهەمهێنان بۆ 800 هەزاریش پێویست ناکات هەتا 2025 چاوەڕێ بکەن، چونکە لە 2012دا دەتوانن بەو ئاستە لە بەرهەمهێنان بگەن.

کریملین گوشارێکی زۆری لەسەر کۆمپانیا رووسییەکان داناوە بۆئەوەی گرنگی بە نەوتی عێراق بدەن

ئامۆژایەکی مامەش

# یەدەگی نەوت و غازی کوردستان لە سۆنگەی بازاڕی ئابووریی جیهانییەوە

بەهرۆز جەعفەر*

لە ساڵانی (2013 بۆ 2018) ئابووریی نەوتی هەرێمی کوردستان رووبەڕووی سێ سەکتە بووەتەوە: یەکەم، دابەزینی نرخی نەوت. دووەم: بەهەدەرچوونی داهات لە بۆڕیی نەوتی کەرکووک- جەیهان، بەهۆی داخستنی کاتی و شەڕی داعش و بارودۆخی سیاسی لەدوای (16ی ئۆکتۆبەری 2017). سێیەم: گرفتی مەترسیدار رووبەڕووی یەدەگی نەوتی هەرێمی کوردستان لەلایەک و کۆمپانیاکان لەلایەکی دیکە بووەتەوە.

بۆ ئەوەی تێبگەین دۆخی وزەی هەرێمی کوردستان لەکوێی بازاڕی ئابووریی جیهاندایە، پێویستە لە یەدەگی راستەقینەی نەوت و غازەکەی دڵنیا بین. بۆ ئەمەش دەبێت لەرێگەی کێڵگە نەوتییەکانەوە لە توانا هایدرۆکاربۆنییەکان ئاگادار بین. هەروەها بزانین نەوت لە کوێوە هەرێمی کوردستانی تووشی کورتهێنانی گەورە کردووە لە بودجەدا.

**یەک: یەدەگ و سەرچاوەی نەوت و غازی هەرێمی کوردستان.**

هەموو جارێک تێکەڵییەک لە زانینی یەدەگی راستەقینەی نەوت و غازی کوردستان دروست دەبێ. هۆکارەکەشی لێکجیانەکردنەوەی (سەرچاوە- Resource) و (یەدەگ — Reserve) بووە. مەبەست لە "سەرچاوە"ی نەوت و غاز یان خەڵووز بریتییە لە هەموو ئەو مادده سەرەتایی و کانزاییانەی کە دۆزراونەتەوە و نەدۆزراونەتەوە، بەڵام "یەدەگ" سەرچاوەی زانراوی وزەیە دوای ئەوەی بە فلتەری رێکارە ئەندازەیی و جیۆلۆجییەکاندا تێپەڕیوە. چوار فاکتەر هەن بۆ گۆڕینی "سەرچاوە" بۆ "یەدەگ"، ئەوانیش لایەنی تەکنیکی، جیۆلۆجی، ئەمنی و هەڵگەڕانەوەی نرخن.

لایەنی تەکنیکی: بۆ نموونە، عێراق وڵاتێکە لەڕووی نەوتەوە دەوڵەمەندە، بەڵام هەمیشە لەڕووی تەکنیکییەوە پشت بە کۆمپانیا بیانییەکان دەبەستێ، بۆیە زۆرجار ملکەچیان دەبێت.

لایەنی جیۆلۆجی: بۆ نموونە هەندێکجار نەوتی خاوی قورس (Heavy Crude Oil) چڕییەکەی بەپێی ستانداردی (API) نییە کە ئینستتیوتی پیترۆلیۆمی ئەمریکی بە (20) پلە دایناوە (نابێت کەمتر بێت) بەڵام رەنگە ئەم کێڵگەیە تووشی داخوران بێت، یاخود ئاوی تێکەڵ بێت، یان وشک بێت، بۆ نموونە: کێڵگەی کێوە چرمەلە Kewa Chirmila لە هەرێمی کوردستان وشک بووە، بەپێی رووماڵی ساڵانەی نەوت و غاز لە ئینستتیوتی مێدیترانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی- MIRS دەرکەوتووە لە (بلۆکی تازە) کۆمپانیای Oil Search Ltd نەیانتوانیوە نەوت بەدەستبهێنێ و 393 ملیۆن دۆلاریشی زەرەر کردووە. لە (کێڵگەی بەردەڕەش) بەهەمان شێوە یەدەگەکە زۆر کەمبووەوە. کێڵگەی نەوتی تەقتەق نزیک بووەتەوە لە هەرەسهێنان، لە ساڵی 2011دا 683 ملیۆن بەرمیل نەوتی هەبووە، بەڵام ساڵی 2015 دابەزیوە بۆ 356 ملیۆن بەرمیل. هەروەها لە سەرەتای ساڵی رابردوو رۆژانە 14 هەزار بەرمیل نەوتی بەرهەمهێناوە، لەکاتێکدا پێشتر رۆژانە 140 هەزار بەرهەمی هەبووە.

فاکتەری ئەمنی: رۆڵی گرنگ دەگێڕێ لە دیاریکردنی یەدەگی نەوت و غازدا، بۆ نموونە "بەندەر"ـەکانی جیهان هەمیشە جێگەی مشتومڕ و ناکۆکییە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکانن، کۆنترۆڵکردنیان هۆکاری جەنگەکان بووە. بەندەری عەقەبە لە ئوردن وەک تاکە دەروازەی ئاوی. بەندەری سیفاستوبول لە دوورگەی کریمیا کە رووسیا هەیمەنەی هەیە بەسەریدا. بەندەری حەیفا لە ئیسرائیل. تەرتووس لە سووریا. جەیهان لە تورکیا.

لە هەرێمی کوردستان دوو کێڵگەی سەرەکیی نەوت و غاز بەردەوام لە ژێر مەترسیدان، ئەوانیش کۆرمۆر و خورمەڵەن کە دەکەونە ناوچەی تەماسی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق. بۆیە هەمیشە ترسی ئەوە هەیە لە ناکاو یەدەگێکی زۆر لەدەست دەربچێت، هەروەها لایەنێکی دیکەی مەترسی ئەمنی بریتییە لە ترانزێتی بۆڕییەکان کە بەخاکی تورکیادا تێپەڕ دەبێت (ئەمە دەچێتە خانەی جیۆپۆڵەتیکی وزەوە کە ئاکامەکەی لەدوو ئەگەر تێپەڕ ناکا: یان هاریکاری هەرێمایەتی یاخود ناکۆکی)، جاری وا هەیە لەناوخۆدا بۆڕییەکان تووشی مەترسی جۆراوجۆر دەبن.

هەڵگەڕانەوەی نرخ: بۆ نموونە کۆمپانیایەک لە قۆناغی یەکەمدا لە چوارچێوەیەکی بەرفراواندا دەست دەکات بە: گەڕان و پشکنین و پاشان کە دەگاتە (دەرهێنان) نرخی نەوت دادەبەزێت، ئیدی کێڵگەکە جێدەهێڵێ. گرێبەستەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر شێوازی (بەشداری لە بەهەمهێنان)ە کە بەرپرسیارێتی یاسایی و دارایی و ژینگەیی دەکەوێتە سەر هەرێمی کوردستان.

**دووەم: یەدەگی راستەقینەی هەرێمی کوردستان**

لەبەر رۆشنایی خاڵەکانی سەرەوە، دەردەکەوێت گومان و مەترسی لەسەر یەدەگی راستەقینەی نەوت و غازی هەرێمی کوردستان هەیە. جگە لەوەش سێ سەرچاوەی سەرەکی و فەرمی هەن کە داتای جیاواز لەسەر یەدەگی هەرێمی کوردستان دەدەن، ئەوانیش وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە (IEA) و دەزگای رووپێوی جیۆلۆجی ئەمریکی (USGS) کە یەدەگی نەوت بە (41) ملیار بەرمیل و غازیش بە (54) تریلیۆن پێ سێجا مەزەندە دەکەن.

کاتێک ساڵی (2006) وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دامەزرا. ئەوکات راگەیەنرا کە یەدەگی نەوتی هەرێمی کوردستان 45 ملیار بەرمیلە، ساڵی 2011 ئەو یەدەگە بە 70 ملیار بەرمیل مەزەندە کرا.

لە کۆنفرانسی یەکەمی وزەی عێراقیش لە شاری سلێمانی کە ئینستتیوتی مێدیترانە رێکیخستبو لە (11ی ئۆکتۆبەری 2017) دکتۆر بێوار خنسی، راوێژکاری پێشووی ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێم یەدەگی نەوتەکەی بە (60) ملیار بەرمیل مەزەندە کرد.

هەروەها کۆی یەدەگی غازی سروشتی کە لە 57 بلۆکدایە، بە (200) تریلیۆن پێ سێجا مەزەندە کراوە کە دەکاتە 3%ی قەبارەی غازی هەموو جیهان.

> لە هەرێمی کوردستان دوو کێڵگەی سەرەکیی نەوت و غاز بەردەوام لە ژێر مەترسیدان

> گومان و مەترسی لەسەر یەدەگی راستەقینەی نەوت و غازی هەرێمی کوردستان هەیە

بەڵام ئەم برە ئەگەر لەسەر ئاستی گەورەترین کێڵگەکان وەریبگرین، کێڵگەی کۆرمۆر (70%)ی بۆ پێداویستی بەرهەمهێنانی کارەبا لەناوخۆدا بەکاردەهێنرێت، تێبینی ئەوە بکەین کە وەزارەتی کارەبا و سامانە سروشتیەکان لە یەک بەروار و ساڵدا دامەزراون، لە هەرێمی کوردستان رێژەی بەکاربردنی کارەبا ناسروشتی زیادی کردووە، خاوەنی گەورەترین پێشانگە بۆ فرۆشتنی مولیدە و وزەی کارەبایی ئەردەوان موحسین مەموەندی بە (رووداو)ی گوتووە: "ساڵانە 500 هەزار مولیدە دێتە هەرێمی کوردستانەوە". راوێژکاری وەزارەتی کارەباش (حەمەئەمین هەورامی) دەڵێت هەرێمی کوردستان رۆژانە 11 ملیۆن لیتر سووتەمەنی پێویستە بۆ وێستگەکانی کارەبا کە ئەمە تێچووەکەی زۆرە، دەشڵێت هەوڵ دراوە غازی سروشتی بەکار ببەین و بتوانرێت رۆژانە 2600 مێگاوات کارەبا بە 420 ملیۆن پێ سێجا غاز بەرهەم بهێنین، ئەمەش بۆ هەرێمێک ژمارەی دانیشتووانی کەم بێت و ژمارەی کارخانە گەورەکانی سفر بێت، بێگومان پێویستی بە پێداچوونەوەیە.

**سێیەم: کورتهێنانی دارایی هەرێمی کوردستان**

جۆن رۆبێرت لە ئامادەکردنی راپۆرتی (پێشهاتەکانی غاز و نەوتی کوردستانی عێراق)دا بۆ ئەنجوومەنی ئەتڵەنتیک دەڵێت "د.ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکان لە (20ی نۆڤەمبەری 2015) لە لوتکەی ئابووری و وزەی ئەنجوومەنی ئەتڵەنتیکدا لە ئیستانبوڵ گوتوویەتی ئێمە تووشی کورتهێنانێکی گەورەی دارایی بووینەتەوە، بەهۆی ئەوەی پێشبینییەکانمان هەڵە بوون، لە نیوەی یەکەمی 2015 دا ئێمە بەنیازی حەوت ملیار دۆلار بووین کەچی تەنیا دوو ملیار دۆلارمان بەدەستهێناوە، بۆیە ناتوانین مانگانە (1.4) ملیۆن دۆلار بۆ خزمەتگوزارییە گشتیەکان دابین بکەین". هەروەها قوباد تاڵەبانی لە 14ی نیسانی 2016دا دەڵێت: "ئێمە مانگانە 400 ملیۆن دۆلار کورتهێنانمان هەیە لە سێکتەری نەوتدا".

وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە پێگەی فەرمیی خۆی لە ساڵی (2007) دا بڵاوی کردووەتەوە کە "پلانی حکومەت وایە لە کۆتایی (2015) دا رۆژانە یەک ملیۆن بەرمیل نەوت هەناردە بکات، لە ساڵی (2019) شدا هەناردەی نەوتی هەرێم بگەیەننە دوو ملیۆن بەرمیل نەوت. ئەمە لەکاتێکدایە لە نیوەی یەکەمی (2018)دا هەرێمی کوردستان رۆژانە 326 هەزار و 774 بەرمیل نەوتی هەناردە کردووە، لەم کاتەدا یەک بەرمیل نەوت بە 78 دۆلار بووە، هەرێمی کوردستان بە (8) دۆلار کەمتر فرۆشتوویەتی، کۆی مانگەکە داهاتەکەی 709 ملیۆن و 100 هەزار دۆلار بووە. ئەمەش نزیکەی مووچەی تەواوەتی فەرمانبەرانی هەرێمی پێ دابین دەکرێت، بەڵام چونکە سیاسەتی ئابووریی نەوتی هەرێم لەسەرەتاوە شکستی هێناوە و پێشبینییەکانی هەڵە بووە، بۆیە بەشێکی ئەو داهاتەی بەدەستدێت بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنانی پێشتر دەچێت.

**چوارەم: تیۆریزەکردنی وزە لە هەرێمی کوردستان**

نەوت و غاز بابەتێکە، زیاتر دەچێتە ناو چوارچێوەی زانستێکی نوێوە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان پێیدەگوترێ (پەیوەندییە ئابوورییە نێودەوڵەتییەکان). ئەگەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ئاماژە بێت بۆ تاتوێکردنی جۆر و رێبازی پەیوەندییەکان لەنێوان "فاعل-ئەکتەر"ە نێودەوڵەتییەکاندا، ئەوە پەیوەندییە ئابوورییە نێودەوڵەتییەکان بریتییە لە پەیوەندی نێوان حکومەتەکان لەگەڵ بازاڕی جیهانی. پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا پەیوەندی دروستکەرانی بڕیار لە هەرێمی کوردستان یاخود سێکتەری نەوت و غازی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بازاڕی جیهانیدا چییە و چۆنە؟

تا هەنوکە یەکێک لە بەهێزترین تیۆرییەکان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا (ریالیستەکانن)، ئەمانە لایانوایە سروشتی بەشەریەت بەد و خراپە، بەهێزترین ئەکتەرێک کە لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا رۆڵ بگێڕێت دەوڵەتە، پەیوەندییە ئابوورییەکانیش لەنێوان دەوڵەت یان یەکەکاندا لەسەر بنەمای هاریکاری نییە، بەڵکو بریتییە لە "کێبڕکێ" لە پێناو بەدەستهێنانی هێزی زیاتر، بۆیە دەبێت پەیوەندییەکی راستەوخۆ لەنێوان هێزی سیاسی و سامانی ئابووریدا هەبێت، یەکێک لە پێشەنگەکانی ئەم قوتابخانەیە "فریدریچ لیست"ە کە ساڵی 1841 لە ئەڵمانیا کتێبی (The National System of Political Economy)ی نووسی، باس لە سیستەمێکی نیشتیمانی دەکات لە ئابووریی سیاسیدا، لەبارەی ئەوەی چۆن نەتەوە-نیشتیمانێک دەتوانێت ئاستی سامان و هێزی خۆی بەرز بکاتەوە؟ بانگەشەی ئابوورییەکی کۆزمۆپۆلیتی دەکات (کۆزمۆپۆلەتیک ئایدیۆلۆژیایەکە هەموو مرۆڤایەتی بەڕابردوو و ئایندەیەوە، بە هەر نەتەوە و ناسنامەیەکی جیاوازەوە ئینتیمایان بۆ یەک کۆمەڵگە و یەک بازنە هەبێت، بەمانایەکی دیکە هەموو ئەخلاقیاتێک لەیەک سەرچاوەوە بێت، بە کورتییەکەی سەرمایەداری بەهای هاوبەشە و ئابووری دەبێت لەناوخۆدا گرێ نەدرێ بە باجەوە، قازانجی ئابووری بۆ هەموو کۆمەڵگەی بەشەرییە). لەسەر ئەمە ئەڵمانیا بەندی کرد و ناچاریان کرد واز لە ناسنامەکەی بهێنێت.

لێرەدا هەرێمی کوردستان، پێگەیەک نییە بۆ پیشەسازی و هەموو کەرەستە سەرەتاییەکانی لەدەرەوە هاوردە دەکات، هەموو کرێیەکی وەبەرهێنان خۆی دەیدات، نەیتوانیوە سێکتەری وزە و پیشەسازی نەوت و غاز لە چوارچێوەی سیستەمێکی نیشتیمانیدا بەرجەستە بکات.

**ئەنجام:**

یەدەگی نەوتی هەرێمی کوردستان لە 45 ملیار بەرمیل تێپەڕ ناکات، ئەو بڕەش لەبەردەم مەترسیدایە، دەکرێت بگوترێت "ئابووری" لە هەرێمی کوردستاندا نییە، چونکە سیستەمێکی دارایی نییە، دەستگایەکی نیشتیمانی سێکتەری نەوت و غازی سروشتی ئاڕاستە ناکات. لەم بابەتەدا ئەوەی گرنگە هەناردەکردنی ئەو یەدەگەیە، ئەوەش بێ شک ئەمڕۆ یان سبەی لە رێگەی رۆژهەڵاتی دەریای سپییەوە دەبێت (کە پێویستە کورد چاوی لەم وەرچەرخانە جیۆپۆڵەتیکییە بێت لە بواری وزەدا).

> یەدەگی نەوتی هەرێمی کوردستان لە 45 ملیار بەرمیل تێپەڕ ناکات، ئەو بڕەش لەبەردەم مەترسیدایە

***سەرۆکی ئینستتیوتی مێدیترانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی (MIRS) خوێندکاری دکتۆرا لە پەیوەندییە ئابوورییە نێودەوڵەتییەکان.**

## فیلمێکی کوردی دەچێتە قۆناغی کۆتایی فێستیڤاڵێکی نێودەوڵەتی



**ڕووداو – هەولێر**

فیلمێکی کوردی دەچێتە قۆناغی کۆتایی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی داڤنشی بۆ فیلم، کە مانگی داهاتوو لە ئەمریکا بەڕێوەدەچێ.
فیلمی تۆرن کە لە دەرهێنانی نەوزاد شێخانییە، بەربژێرکراوە بۆ قۆناغی کۆتایی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی داڤنشی. دەرهێنەری فیلمەکە لەو بارەیەوە دەڵێت "دوای کێبڕکێیەکی بەهێز لەگەڵ دەیان فیلم، دواجار فیلمی تۆرن توانی بگاتە قۆناغی کۆتایی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی داڤنشی کە لە ویلایەتی کالیفۆرنیا لە ئەمریکا لە کۆتایی مانگی داهاتوو بەڕێوەدەچێ. کە فیلمی سەرکەوتوو خەڵاتی Vitruvian ™ وەردەگرێ. فیلمی تۆرن بۆ یەکەمجار لە ڕۆژی 14ی ئەم مانگە لە شاری نیسی فەرەنسا نمایش کرا.

### هونەرمەند ئەردەوان کامکار بۆ (ڕووداو):

# ڕۆڵی دایکم لە هی باوکم کەمتر نەبووە لەوەی ببینە موزیسیەن

بۆ یەکەمجار ئامێری سەنتووری لە کارێکی ئۆرکێستراییدا بەکارهێنا، بە جۆرێک گۆڕانکاری لە ژەنینیدا کردووە کە بۆ موزیکی زەماوەندیش بشێ. شێوەی ژەنین و ئەداکردن و تەنانەت دانیشتنەکەشی جیاوازە لەگەڵ سەنتوورژەنەکانی دیکە. ئێستا لە ژەنینی سەنتووردا ستایلێک هەیە پێیدەڵێن ستایلی ئەردەوانی. ئەردەوان کامکار کە بچووکترین ئەندامی خێزانی کامکارانە، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی ئەو گۆڕانکارییانە دەکات کە لە ئێران بەسەر ئامێری سەنتووریدا هێناوە.

**هەڤپەیڤین: هەژار زەهاوی**
**ڕووداو - سلێمانی**



(فۆتۆ: ڕووداو)

ڕووداو: ساڵی 1991 لە یەکێک لە کارەکانتدا بە ناوی "بر تارک سپیده" کە ئاوازدانەرەکەی برای گەورەت کاک هۆشەنگی کامکار بوو، بۆ یەکەمجار ئامێری سەنتوور لەگەڵ کارێکی ئۆرکێسترایی دەرکەوت. ئەو ئەزموونە سەخت نەبوو؟ چونکە ئامێری سەنتوور زۆر سنووردارە؟

ئەردەوان کامکار: نا کارەکە سەخت نەبوو، چونکە هەر ئامێرێک تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆ نموونە وەرە بۆ ئامێری کۆنتەرەباس نۆتەی ورد بنووسە، یان مەودای ئاڵۆزی بۆ دابنێ، ئەوە چیدی کۆنترەباس نییە. بۆیە ژەنیار دەبێ بەپێی ئەو سنوورانەی کە ئامێرەکە هەیەتی.. چونکە هەموو ئامێرێک بەشێوازی خۆی سنووردارە، لەکاتی ئەنجامدانی کارەکەی لەگەڵ ئۆرکێسترا بیر لەوە بکاتەوە ئاخۆ دەتوانێ لەو شوێنەدا ئەو میلۆدییە بەشێوازێکی کرۆماتیک لێبدات، بەڵام هەندێکجار لە ناوەڕاستی کارەکەدا دەکرێ گۆڕانکاری لە ئامێرەکەدا بکەیت، بۆ نموونە کاتێک کە 20 میزان بێدەنگیت هەیە و دەتوانی گۆڕانکاری لە ئامێرەکە بکەیت. واتە ئەمە دەبێ بەرنامەی بۆ دابڕێژی.

ڕووداو: سەنتوور لە وڵاتانی باڵکان هەیە، لە چین هەیە، لە هیندوستان هەیە، ئەو سەنتوورەی ئێستا لە ئێران هەیە دەتوانێ ئامێرێک بێ کە ستاندارێکی جیهانی هەبێ، واتە ببێتە ئامێرێک کە هەرجۆرە مۆسیقایەکی لەسەر لێبدەی؟

ئەردەوان کامکار: بەڵێ دەکرێ، چونکە ئەو ئامێری سەنتوورانەی کە دروستی دەکەین و من هاریکاربووم لە دروستکردنیان، دەکرێ زۆر کار بکرێ. دەکرێ هەر جۆرە مۆسیقایەکی پێ لێبدرێ، بەڵام وەهاش نییە کە بۆ نموونە تۆ پارچەیەک دەژەنیت، بۆ نموونە بڕگەیەکی کرۆماتیکت هەیە و بتەوێ لێیبدەیت، ئەوەیان ناکرێ، چونکە بۆ ئەوەیان دەبێ وەک پیانۆ هەموو نۆتەکانت هەبێ، بەڵام ئەو سەنتوورەی من قسەی لەبارەوە دەکەم، لە ماوەی یەک یان دوو چرکەدا دەتوانێ تۆنەکە بگۆڕی و دیسان بە ژەنین بکەیتەوە.

ڕووداو: مامۆستا ئەردەوان، گەشبینی بە داهاتووی سەنتوور، پێتوایە ئامێرێکە بەرەو ڕێبازێکی زۆر بەرز دەڕوات؟

ئەردەوان کامکار: لە وڵاتەکانی دیکە نازانم، بەڵام لە ئێران داهاتوویەکی زۆر ڕوونی هەیە. ئەم هەر فرۆشی ئەو ئامێرە لە دوکانەکان دەزانین کە خەڵک ئەو ئامێرەیان زۆر زۆر پێخۆشە. لە هیچ قۆناغێکی مێژووی ئێران نەبووە ئەو ژمارە زۆرەی

> **سەنتوور لە ئێران داهاتوویەکی ڕوونی هەیە**

> **لە هیچ قۆناغێکی مێژووی ئێراندا ئەو ژمارە زۆرەی سەنتوور دروست نەکراوە**

ئەو ئامێرە دروستبکرێ.

ڕووداو: بە بۆچوونی جەنابت سەت هەزار سەنتوورژەن لە ئێران هەن؟

ئەردەوان کامکار: بە بۆچوونی من هەیە، بەڵام 2000 کەس لە ئێران هەن کە بە شێوازێکی پرۆفیشناڵ کاری لەسەر دەکەن.

ڕووداو: یەکێک لەو فیلمانەی کە دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە ئێران هەبوو، فیلمی سەنتووری بوو کە ساڵی 2006 بەرهەمێنرا، دەتوانم بڵێم موزیکەکەی کە تۆ داتنابوو زۆر جیاواز بوو، داریوش مێهرجوویی، دەرهێنەری بەناوبانگی ئێرانی، دەرهێنەری فیلمەکە بوو، ئەزموونی موزیکی سەنتووری چۆن بوو؟

ئەردەوان کامکار: جەنابی مێهرجوویی بۆ موزیکی ئەو فیلمە تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی سیناریۆیەکی ئاوهام هەیە و دەمەوێ کاری لەسەر بکەیت. گوتی کاراکتەرەکە (بەهرامی ڕادان) سەنتوور دەژەنێ، پاشان فلان و فلان شتی بەسەر دێ. بیرم کردەوە موزیکی ئەو فیلمە زیاتر لەگەڵ موزیکی پۆپدا دەگونجێ، واتە ئەو کارانەی کەسەکە لە فیلمەکەدا دەیانکات لەگەڵ موزیکی پۆپ دێتەوە، بۆیە هەندێک بەدواداچوونم بۆی کرد، دواتر شتانێکم بۆ سەنتوور نووسی کە زیاتر لەگەڵ موزیکی پۆپدا بێتەوە. بەهرامی ڕادان ڕۆڵی ژەنیارێک دەبینێ کە لە ماوەی چەندین ساڵدا بەدبەخت دەبێ. پارەی نامێنێ. کار دەگاتە ئەو شوێنەی کە ناچار دەبێ بچێتە هەندێک بۆنەی وەک زەماوەند موزیک بژەنێ. لە جۆرە بۆنانەی وەک زەماوەند ناکرێ بەشێوازی سوننەتی ئامێر بژەنی، بەڵکو دەبێ بەشێوازێک بژەنی کە خێرایی و داینامیکی زۆری دەوێ. ئیدی وابوو کارەکەم ئاوها کرد.

ڕووداو: فیلمەکە ئەوەندە کاریگەری هەبوو لە ئێران، کە فرۆشی ئامێری سەنتووری زۆر کرد..

ئەردەوان کامکار: بەڵێ. لەو فیلمەدا ئەوە پیشان دەدرا کە دەکرێ سەنتوور و ئامێرە ئێرانییەکان لەو شێوازەشدا بژەنرێ.

ڕووداو: زۆر گەشتت کردووە بۆ باشووری کوردستان. ئامۆژگاریت بۆ موزیکی کوردی و موزیسیەنی کورد لە باشووری کوردستان چییە؟

ئەردەوان کامکار: دەبێ لە موزیکی کوردستان و هەر شوێنێکی دیکە پێوەر و مێعیارمان هەبێ. دەبێ جددی بێ، بە جۆرێک لەو هونەرمەندە دیارانەی کە هەیە، چ کورد و چ لە نەتەوەکانی دیکە، سوود وەربگرین، بۆ ئەوەی ڕێگاکە پیشان بدەین و پێیان بڵێین ئەمە ڕێگا ڕاستەکەیە و دەتگەیەنێ بە شوێنی مەبەست. ئەگینا ئەگەر تەواو ئازاد بێ، بەداخەوە وەکو ئێستای لێدێ. کەسەکە نازانێ چی دەکات، بۆ نموونە دێ موزیکی کوردی و هیندییە سوورەکان تێکەڵ دەکات. دەبێ شوێنێک هەبێ ڕێنوێنیت بکات و بڵێ ئەوە ڕێگا دروستەکەیە. کە کەوتیتە سەر ئەو ڕێگایە، ئیدی دەتوانی ئەوەی حەزت لێیە بیکەی.

ڕووداو: کاتێک گوێمان لە سەنتووری بەڕێزت دەبێ، ستایلی ژەنینت، شێوەی ئەداکردنت زۆر جیاوازە لە کەسانی پێش خۆت، بۆ نموونە نەسب یان کوکی سەنتووری جەنابت جیاوازە، تەکنیکت داهێنا وەک ئەوەی دەستی چەپ میلۆدییەک لێبدات و دەستی ڕاست میلۆدییەکی دیکە. بە جۆرێک ئێستا ستایلێک هەیە پێیدەڵێن ئەردەوانی. ئەم ستایلە چۆن خوڵقا؟

ئەردەوان کامکار: موزیکی ئێران لە کۆن و ئێستاش زیاتر فۆکەسی لەسەر تار بووە. یانی تار لە هەر پەیژەیەکی موزیکدا ژەنرابێ، سەنتووریش ناچار بووە هەر ئەو پەیژەیە بەکاربهێنێ. بۆیە ئەو ڕێژیستانەی کە تاریان تێدا دەژەنرێ، بۆ نموونە مەقامی شووری سۆل کە بۆ تار باشە، بۆ سەنتوور باش نییە پێی بژەنین، یان مەقامی ماهووری سی بۆ سەنتوور باش نییە. من ویستم ئەم پەیژە موزیکییانە بۆ سەنتوور کە شیانی باشتری تێدایە بێنم. بۆ نموونە ویستم نۆتە کرۆماتیکەکان لێبدەم بۆ ئەوەی نۆتە کەم نەهێنین، بەهەرحاڵ دەبێ لەگەڵ سەنتووردا خۆمان بگونجێنین. من بەو جۆرە پەیژە موزیکییەکانم هەڵبژارد و زۆر سەرنجم لەسەر ژەنینی بە کۆمەڵ نەبوو، بۆ نموونە سەرنجم لەسەر ئەوە نەبوو کە پەیژەیەک هەڵبژێرم کە نەی بتوانێ بیژەنێ یان تار و کەمانچە بتوانێ بیژەنێ، من تەنیا لەسەر سۆلۆی سەنتوور کارمدەکرد. ئەو پەیژانەی کە من بەکاریان دەهێنم بۆ سەنتوور باشترن، شیانی زیاتریان تێدایە و دەنگیان خۆشتر دەردەچێ. بەڵام کاتێک دەمانەوێ ئەو پارچانە بژەنین، ئەو پارچانەی من دەیانژەنم خێراییان زۆرە، هەڵبەت سەرەتا کە من دەستمپێکرد، خێرایی کەرستەیەکی باش بوو لەبەردەستم، چونکە لە موزیکی کۆندا خێراییمان نەبوو، بۆیەش کاتێک ویستم گەنجەکان رابکێشم، لە ڕێگەی خێراییەوە ئەو کارەم کرد، واتە ویستم سەریان سوڕبمێنێ و لە خۆیان بپرسن چی بوو. من ئەو فاکتەرەم بەکارهێنا، بەڵام ئەم جۆرە سەنتوورژەنینە پێویستی بە تەکنیکێکی زۆر بەرزە.

ڕووداو: دەستی چەپی تۆ میلۆدییەک لێدەدات و دەستی ڕاستت میلۆدییەکی دیکە، ئەمە پێشتر لە سەنتووردا نەبوو..

ئەردەوان کامکار: من ئەمەم لە موزیکی جیهانی وەرگرت.

ڕووداو: تۆ کەڵکت لە کام جۆرە موزیک وەرگرت؟

ئەردەوان کامکار: زیاتر کەڵکم لەو ئامێرانەی ئەورووپا وەرگرتووە کە لە سەنتوور دەچن، ئەو پارچانەی بۆ ئەوان نووسرابوون ویستم بە دوو دەستی لێیانبدەم، بۆ ئەوەی هەم میلۆدییەکە جوان ببێت، هەمیش بۆ گوێگر شتێکی نوێتر بێ. ئەمانە ئەو شتانەن کە من لە سەرەتادا دەمکردن، بەڵام دواتر ئیدی پێویستم بە کۆکردنەوەی گوێگر نەبوو، بۆیە هاتم کارم لەسەر بەرهەمەکانی خۆم کرد، کە هەمووان بیستوویانن و دەزانن چۆنن. ئەو شێوازە نوێیە پێویستی بە شێوازە دانیشتنێکی تایبەتە.

ڕووداو: بەڕێزت ئەزموونێکی زۆرت لە سەفەر و کۆنسێرت هەبووە، بەڵام ڕۆژانی باش و خراپیشت هەبووە، دەمەوێ تۆزێک باسی بەرز و نەزمی ژیانتم بۆ بکەی؟

ئەردەوان کامکار: دەمەوێ ئەوە بڵێم کە ژیانی هونەرمەند، هەرچەند دروست نییە مرۆڤ بە خۆی بڵێ هونەرمەند، بەڵام بەهەرحاڵ ژیانی هونەرمەند شتێکی سەیر و سەمەرە نییە، بەڵکو ژیانێکی ئاساییە، منیش ژیانێکی ئاسایی وەکو هەموو خەڵکم هەیە. جیاوازییەکە ئەو کاتە دروست دەبێ کە دێتە ناو کاری هونەرییەوە، من لە ژیانی خۆمدا هەڵەی زۆرم کردووە، بەڵام پەشیمان نیم، چونکە ئەو کاتەی ئەو شتانەم کردووە بە بۆچوونی خۆم دروست بوون، لەوانەیە ئێستا وەها نەبینیم، هەڵبەت ئێستاش وەک خراپ نایانبینم. ڕەنگە کەس نەزانێ من لە سفرەوە دەستم بە ژیان کردووە. من بەردەوام بە دوای شتەکانەوە نەبووم، بەڵکو بەردەوام ویستوومە بەوەی دەیکەم هەقدەستی خۆم بەدەستبهێنم، ئەو هەقدەستەش وەک دەڵێن دەبێ مەعقوول بێ، واتە نە کەم و نە زۆر، بەڵکو ئەوەندە بێ کە خۆم پێویستمە، لە ژیانی ئێستاشمدا لەسەر هەمان ڕێچکە دەڕۆم. من هیچکات پارە پاشەکەوت ناکەم. هەر پارەیەکیشم دەستبکەوێ لەگەڵ منداڵ و ژن و خێزانەکەم خەرجی دەکەین.

ڕووداو: ئێستا ئەگەر لێت بپرسم لە چ قۆناغێکی ژیانتی و دەتەوێ بەرەو کوێ بڕۆی؟ ئاراستە و ڕێچکەت بەرەو کوێیە؟ مەبەستم لەڕووی تاکەکەسی و هەست و سۆزە. ئەو ڕێگەیە بەرەو کوێ دەڕوات؟

ئەردەوان کامکار: وەختێک هەبوو کە حەزم دەکرد تەنیا کۆنسێرت بکەم و خۆم پیشان بدەم.

ڕووداو: بۆ ئەوەی هەموو بتناسن، بەڵام ئێستا ناسراوی؟

ئەردەوان کامکار: بەڵێ هەندێک لەوەی تۆ باسی دەکەیت هەیە، دواتر دەمویست تەنیا وانەی تیۆری بڵێمەوە، بەڵام ئێستا فێرخواز و هونەرخوازەکانی دیکەم گەیشتوونەتە ئاستێک کە ئەو وانەیەی من

> **فیلمی سەنتووری بازاڕی سەنتووری گەرم کرد**

دەیڵێمەوە ئەوان بیڵێنەوە، بۆیەش ئێستا دەمەوێ تەنیا بیربکەمەوە، واتە هەر ئەو شتەی کە بە فێرخوازەکانی دیکەم دەڵێم لێکۆڵینەوە بکەن، دەمەوێ خۆشم بڕۆم لێکۆڵینەوە بکەم. موزیکی باشووری ئێران هیچ لێکۆڵینەوەیەکی لەبارەوە نەکراوە، دەمەوێ بڕۆم کاری تێدا بکەم، ئەوەش کاتی دەوێ، بەڵام ئەگەر لە ڕۆژێکدا وانە بە 100 بۆ 120 فێرخواز بڵێمەوە، ئیدی توانام نامێنێ، چونکە هەموو مێشکمی گرتووە، دەمەوێ ئەوە بەو کەسانەی دیکە بسپێرم و خۆم بڕۆم لێکۆڵینەوە بکەم و کار بکەم، بۆیە پێموایە چالاکییەکانم زیاتر لەو بوارەدا دەبن.

ڕووداو: تۆ لە خێزانێک گەورە بوویت کە باوکت مامۆستایەکی گەورەی موزیک بوو، براکانت هەر هەموویان موزیسیەنن و تۆش برا بچووکی خێزانی کامکارەکانی. سەنتوور چۆن بوو بە بەشێکی گرنگ لە ژیانی هونەری تۆ؟

ئەردەوان کامکار: لە خێزانی ئێمەدا هەموویان ئامێریان دەژەنی، بۆیە ئاساییە کە هەر کەسێکی دیکەش بووایە هەر حەزی لە موزیک دەبوو. بەڵام من خۆم زۆر دڵم چووە سەر سەنتوور، نازانم بۆچی، بەڵام دەنگی سەنتوورم پێخۆش بوو.

ئەوجا بەرەبەرە سەیری کوڕەکانم دەکرد،

> **100 هەزار سەنتوورژەن لە ئێران هەن، بەڵام تەنیا 2000 یان پرۆفیشناڵن**

یەکێکیان کەمانی دەژەنی، یەکێکیان جۆزەی لێدەدا. کەیفم بە ستایلی پەشەنگ هات، دەنگی ئامێرەکەی پەشەنگ لە دڵم نیشت، بە باوکم گوت ئەگەر ڕێگە بدات سەنتوورێک لە فێرگەکەی بهێنمە ماڵەوە، بۆ ئەوەی ڕاهێنانی لەسەر بکەم. ئیدی لەوێوە دەستم بە یاریکردن بە سەنتوور کرد. سەیری کەسانی دیکەم دەکرد، لەوانیشەوە فێردەبووم و جێبەجێم دەکرد، ئەوە هەتا تەمەنی 10 ساڵان بوو، لە تەمەنی 10 ساڵانەوە ئیدی دەستم بە هەندێک کاری جیدیتر کرد، چونکە باوکم پێیگوتم هەر دەبێ خوێندەواریت هەبێ، واتە خوێندەواریی موزیک، بۆ ئەوەی بتوانی بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵ کار بکەیت. من بەشی زۆری ژیانم لە تاران بووم، لە زانکۆی هونەرە جوانەکانی تارانیش هەموو ئەو مامۆستایانە هەبوون کە ئێستا دەیانبینی، بەڕێز محەممەد ڕەزا لوتفی، بەڕێز عەلیزادەی لەوێ بوو. کۆبوونەوەیەکی زۆر جوان لەوێ هەبوو. دادەنیشتن گفتوگۆیان دەکرد، یان لە چیمەنی کۆلێژەکە کارەکانی خۆیان دادەڕشت. کەشەکەی زۆر جوان بوو. من لەو کەشەدا بووم، بۆیەش زۆر حەزم چووە سەر موزیکی سوننەتیی ئێران و دەستم بە وەرگرتنی دەورە کرد.

ڕووداو: تەنیا ئامێری سەنتووریش بوو؟

ئەردەوان کامکار: بەڵێ هەر ئەو بوو، من هەر حەزم لە سەنتوور بوو، ناشزانم بۆچی.

ڕووداو: دەنگی سەنتوور بوو یان شێوەی ئامێرەکە، یانیش هەردووکیان؟

ئەردەوان کامکار: هەردووکیان بوو، بەڵام دەنگی سەنتوور، کە تریبلی زۆر بەرزی هەیە، بۆ گوێچکەی منداڵ خۆشترە هەتا ئامێرێکی وەک عود کە دەنگەکەی باسترە.

ڕووداو: چووی بۆ کۆرسی سەنتوور؟

ئەردەوان کامکار: بەڵێ. کاتێک دەستم بە ڕەدیف کرد، ئەوجار ڕەدیف دڵی کەمەندکێش کردم، زۆر حەزەوە ڕەدیفم دەژەنی، دوای ئەوە دەستم بە ژەنینی ڕەدیفەکان کرد بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵ، هەڵبەت بەو شێوازەی کە براکەم لێیدەدا. لاسایی براکەمم دەکردەوە، هەموو شێوازەکانی دانانی مەزرابی ئەو قۆناغە فێربووم. ئەو کات هەمووان هانیان دەدام، دەیانگوت منداڵێک لەو تەمەنە چۆن حەزی چووەتە سەر موزیکی سوننەتی ئێران، لەسەر ئەو ڕەوتە بەردەوام بووم هەتا ئەو کاتەی باوکم گوتی دەبێ خوێندەواریت هەبێ، بۆیە دەستمکرد بە خوێندنی زانستە جیاجیاکانی موزیک.

ڕووداو: چ هەستێکت هەیە لە خێزانێکدا لە دایکبووی باوک هونەرمەند، شەش برا هونەرمەند و خوشک هونەرمەند. هەندێکجار کەسێک لە خێزانێک لەدایک دەبێ کە هەموویان نەشتەرگەر و پزیشکن.

> **دەمەوێ لێکۆڵینەوە لە موزیکی باشووری ئێراندا بکەم**

بەڵام تۆ لە خێزانێکدا لەدایکبوویت هەموویان موزیسیەنن، باسی پەیوەندی خۆت و خێزانی کامکاری ئازیزمان بۆ بکە..

ئەردەوان کامکار: خێزانێک کە هەموویان بوون بە پزیشک، ڕەنگە بە حەزی خۆیان نەبووبێ، واتە سەیر دەکات بزانێ باوکی چ کارەیە، ئەویش یەکسەر ئەو کارە دەکات. خێزانی ئێمە وانەبوون، چونکە وەک خۆت گوتت هەموویان موزیسیەن بوون، بۆیە بۆ نموونە ئەگەر سێ ژوورمان هەبووبێ، لە هەر سێ ژوورەکەدا دوو کەس دانیشتوون ڕاهێنان دەکەن. هەمیشە موزیک هەیە، بۆیە منیش وەک برای بچووکیان هەمیشە دەچوومە ناو ئەو ژوورانە و دەخەوتم، واتە بە دەنگی ئەوان دەخەوتم. موزیک بەردەوام لە گوێمدا بوو. ئینجا باوکیشم هەوڵی دەدا کەشێکی وەها دروست ببێ کە من حەزم لە موزیک بێ، بەڵام کاتێک دەیزانی ئەو حەزە بەڕاستی هەیە، کاتێک دەیبینی من بۆ لای سەنتوور دەچم و پێمخۆشە کار لەسەر ئامێرێک بکەم، ئەو بە جدیتر وەریدەگرت.

ڕووداو: لە شەش براکە کامیان کاریگەری زۆری

> **هەڵەی زۆرم کردووە، بەڵام پەشیمان نیم**

لەسەرت هەبووە؟

ئەردەوان کامکار: منداڵەکانی خێزانی ئێمە هەموویان میهرەبانن. بەڵام ئەرسەلان زیاتر کاریگەری لەسەر من هەبوو، چونکە ئەو ڕاهێنانی زۆر جدی دەکرد، بەڵام دواتر چونکە زیاتر حەزم لە سەنتوور بوو، ئاساییە کە پەشەنگ کاریگەری لەسەرم هەبێ، ئەو کە دەهاتە سنە بەردەوام ڕاهێنانی سەنتووری دەکرد، هەڵبەت پێش ئەوەی بڕواتە زانکۆ. ئەو کاتەی کە لە زانکۆش بوو دەگەڕاوە بۆ سنە. بیرمە جارێک هەموو ئەوانەی لە زانکۆ کاریان لەسەر سەنتوور دەکرد، پێکەوە هاتنە سنە، هەموویان سەنتووریان لێدەدا، ئینجا هەموو شەوێک بۆنەیەکمان هەبوو، لە کۆتاییەکەشیدا دەیانگوت ئەردەوان وەرە شتێکمان بۆ بژەنە. من کوڕێکی پێنج یان شەش ساڵان بووم و دادەنیشتم موزیکم بۆ دەژەنین، ئەوان پێیان سەیر بوو کە ئەوە چۆن شەرم ناکات. شەرم نەکردنەکە بۆ ئەوە دەگەڕاوە کە ئێمە لە خێزانی خۆماندا هەموو ڕۆژێک ئامێرمان دەژەنی، بۆیە بۆ من ئاسانتر بوو.

ڕووداو: هەستێکی خۆشە لە تەنیشت خێزانێک بی کە هەموویان هونەرمەندن..

ئەردەوان کامکار: یەکجار زۆر. ئینجا ئەوە لە خێزانێکی گەورەدا زۆر جوانە. چونکە بۆ نموونە تەنانەت شەڕەکانیشیان هەر پەیوەندی بەوەوە هەیە، من لەگەڵ ئەردەشیر لێم دەبوو بە شەڕ، ئەرژەنگ بەرگری لێدەکردم. ئەگەر ئەرژەنگ لەگەڵ ئەردەشیر شەڕی کردبایە، برایەکی گەورەتر دەهات و دەیگوت بۆچی وەهات لە ئەردەشیر کردووە. بڕیاردەری سەرەکیش ئیمپراتۆری باوکم بوو، بەڵام خێزانێکی باش بوو. بۆچی وابووین؟ چونکە دایکم زۆر کاریگەری هەبوو، ڕۆڵی دایکم لەوەی ئێمە ببینە موزیسیەن لە ڕۆڵی باوکم کەمتر نەبوو، زۆری حەز لە موزیک بوو، بۆیەش لە هیچ کارێک درێغی نەکرد، چونکە ئاگالێبوون لە هەشت کەس کارێکی زۆر سەختە، زۆر سەختە، بەڵام ئەو بە گیان و دڵ ئەو کارەی دەکرد.



## لە تورکیا 30 کۆچبەری ئەفغانی دەستگیر دەکرێن

**ڕووداو- باڵکئەسیر**

هێزە ئەمنییەکانی تورکیا، 30 کۆچبەریان لە پارێزگای باڵکئەسیر لە باکووری ئیزمیر دەستگیرکرد کە لە هەوڵدابوون بەشێوەی نایاسایی ڕوو لە دوورگەی میدلی لە یۆنان بکەن. فەرماندەیی ئاسایشی کەناراوە دەریاییەکانی تورکیا بڵاویکردەوە، تیمەکانیان ئۆپەراسیۆنێکیان بۆ دەستگیرکردنی ئەو کەسانە کردووە کە هەوڵدەدەن بەشێوەی نایاسایی لە تورکیاوە ڕوو بکەنە یۆنان و لەو چوارچێوەیشدا لە ناوچەی ئایڤاڵیک کە دەڕوانێتە دەریای ئیجە، 30 کەس دەستگیرکران. هاوکات هێزە ئەمنییەکان کەسێکیان بەتۆمەتی قاچاخچێتیی ئەو کارە، دەستگیرکردووە. بەپێی زانیارییەکان، ژمارەیەک ئافرەت و منداڵ لەنێو دەستگیرکراوەکاندان و سەرجەمیان هەڵگری ڕەگەزنامەی ئەفغانین.

# کورد دەگەنە پەرلەمانی ئەوروپا؟

**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

ئەم هەفتەیە پەرلەمانی ئەوروپا هەڵدەبژێردرێ. زیاتر لە 400 ملیۆن دەنگدەر لە 28 وڵاتی ئەندامەوە 751 نوێنەر بۆ پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا هەڵدەبژێرن، کوردی ئەوروپاش کە چەند بەربژێرێکیان هەیە، چاویان لەوەیە بگەنە ئەو پەرلەمانە فرە نەتەوەیە کە هاوشێوەی لە جیهاندا نییە.

ئەڤین لە سوێد، عەلائەدین لە فینلاند و موراد لە ئەڵمانیا سێ بەربژێری کوردن، ئەوەی یەکەم و دووەم، چانسێکی بەهێزیان هەیە بۆ گەیشتن بە پەرلەمان، بەڵام بایەخنەدانی کورد بە دەنگدان، پەرتبوونی دەنگی کورد لەلایەک و دژایەتی لەلایەکی دی، ڕەنگە ببنە ڕێگر لەبەردەم گەیشتنی بەربژێری کورد بەو دامەزراوەیە.

ئەڤین و عەلائەددین هەردووکیان کوردی باکووری کوردستانن. ئاوارەیی و شەڕ و شۆڕ، ئەوانی لە وڵاتی خۆیان دوورخستەوە بۆ دوو وڵاتی دراوسێ لە باکووری ئەوروپا. ڕەنگە هەرگیز بیری ئەوەیان نەبووبێت، لە کەمپی ئاوارەکانەوە ببنە پێشەنگی یەک لە گەورە پارتەکانی ئەوروپا و وڵاتەکەیان کە دواجار داوایان لێ بکرێ، ببنە بەربژێری ئەو پارتە بۆ پەرلەمانی ئەوروپا. ئەوان هەردووکیان کادری سۆسیال دیموکراتن، یەکێکیان لە فینلاند، ئەوی دیکەش لە سوێد.

ئەڤین ئینجەر، نیگەرانە لە بەشداریی سستی هاووڵاتیان بە گشتی و بیانیان و کورد بە تایبەتی لە پرۆسەی دەنگدان "نەک هەر کورد و بیانی، بەڵکو هاووڵاتیان بە گشتی زۆر بایەخیان بۆ دەنگدان نییە". ئەو دەڵێت وەک کوردێکی سوێد دەچێتە پەرلەمان "کورد زۆر دۆستی ئەوروپی هەن، بەڵام بۆ پرسی کورد و ئازارەکانی، زۆر گرنگە کەسێک لە پەرلەماندا بێت کە ڕەچەڵەکی کورد بێت و خۆی داکۆکی لە مافەکانی نەتەوەکەی خۆی بکات".

ڕەوشی مافی مرۆڤ و کۆچبەران و

**بەربژێرە کوردەکەی فینلاند لایەنگری ئاکەپەیە و کورد دژایەتی دەکەن**

کێشەکانی گەنج لە کارە لەپێشینەکانی ئەڤین دەبن. ئەو دەڵێت: "لە ڕێکخراوی گەنجانی سۆسیال دیموکرات کارم کردووە. بابەتەکانی گەنج، هەروەها ڕەوشی کۆچبەران لە ئەوروپا و کێشەکانی مافی مرۆڤ لە هەموو جیهان، لەو بابەتانە دەبن کە کاریان لەسەر دەکەم".

ئەڤین ئینجەر، تەمەن 35 ساڵ، لە سوێد وەکو سەرکردەیەکی گەنج ناوی دەرکردووە، ماوەیەک سەرۆکی ڕێکخراوی گەنجانی سۆسیال دیموکراتی سوێد و لاوانی سۆسیالیست ئەنتەرناسیۆنالی جیهان بووە. ئێستاش جێگری بەرپرسی کاروبارەی دەرەوەی پارتەکەیەتی و بەربژێری ژمارە پێنجە بۆ پەرلەمانی ئەوروپا.

ئەم کچە کوردە، یەکێکە لە کەسە نزیکەکانی ستیفان لۆڤێنی سەرۆکوەزیران کە هاوکات سەرۆکی حیزبەکەیەتی و تەنانەت ڕاستەوخۆ لە بانگەشەیدا پشتگیری کردووە.

ئالتین ئاسبۆگا یاخود عەلائەدین، دانیشتووی شاری لاهتی فینلاند، بەربژێرە بۆ پەرلەمانی ئەوروپا، لەسەر لیستی پارتی سۆسیال دیموکراتی فینلاند بەربژێرە و یەکێکە لە کەسایەتییە بیانییە چالاکەکانی ئەو وڵاتە.

ئاسبۆگا، کێشەی بیانیانی وڵاتەکەی و پرسی کورد و مافەکانی مرۆڤ بە بەرنامەی کاری خۆی دەزانێ.

ئاسبۆگا کە بەهۆی خاوەندارێتی پیتزەرییەکەی (دالاما) لە نێو کوردان ناوی دەرکردووە و بە عەلائەددینی دالاما ناسراوە، چەندین پۆستی گرنگی لە ئەنجوومەنی شارەکەی و یەکە ئیدارییەکانی هەبووە.

عەلائەددین، تەمەن 47 ساڵ، خەڵکی باکووری کوردستانە. لە ساڵی 1992ەوە لە فینلاند دەژی. بۆ دوو خولە وەک ئەندامی شارەوانیی شاری لاهتی سەرکەوتن بەدەستدێنێ. بەشێک لە کوردی ئەو شارە ستایشی دەکەن، بەڵام بەهۆی ئەوەی لایەنگری ئاکپارتییە، زۆر کوردی فینلاند دژایەتی دەکەن و بگرە کەمپەین لە دژی دەکەن.

هەڵمەتی دژی ئەم بەربژێرە هەڵمەتێکی بەهێزە، چەند پارتێک لە باکوور و باشووری کوردستان لەوانەش یەکێتی و پەکەکە تێیدا بەشدارن. بەرپرسی کۆمیتەی یەکێتی لەو شارە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە ئاشکرا دژایەتی دەکات و داوا دەکات کەس دەنگی پێ نەدات.

بەڵام ئەنوەر محێدین هەڵەدنی کە کادرێکی یەکێتییە، ڕەتیکردەوە کە هەڵمەتێکی ڕێکخراو لە دژی ئەو کاندیدە هەبێ و قسەکانی بەرپرسی کۆمیتەی یەکێتی بە ڕای تایبەتی خۆی دەزانێ.

هەڵەدنی بە (ڕووداو)ی گوت: "ڕاستە ئەو وەک کەسایەتییەکی فینلاندی ڕەنگە سەرکەوتوو بووبێت، بەڵام هەرگیز نوێنەرایەتی کوردی نەکردووە، ئەوەندەی باسی تورکی کردووە و وەک تورکێک دەرکەوتووە هەرگیز باسی لە کوردبوونی نەکردووە. بۆیە پێویستە ئێمەی کورد بەدوای نوێنەرێکی ڕاستەقینەی خۆماندا بگەڕێین، ئەگەر کوردیش نەبێت، هیچ نەبێت دژی نەبێت".

بە گوتەی کوردێکی دیکەی فینلاند کە بەهۆی ناسراوی، نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت "ئەوانەی دژایەتی ئەم کوردە دەکەن، هەر ئەوانەن کە لە هەڵبژاردنەکەی مانگی چواری ڕابردووی فینلاند پشتگیری یەکێک لە بەربژێرەکانیان دەکرد بۆ پەرلەمانی فینلاند. بەڵام نەک هەر دەرنەچوو، بگرە بووە هۆی پەرتبوونی دەنگەکانی کوردی ئەو وڵاتە و وایکرد عەرەبێک دەربچێ".

کوردێکی دیکەی باکووری کوردستان کە لەسەر لیستی پارتی چەپی ئەڵمانیا بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەوروپا بەربژێرە، موراد یلمازە کە بە ڕەچەڵەک خەڵکی ئەرزنجانی باکووری کوردستانە و لە ساڵی 1976 لە ئەڵمانیا لەدایکبووە. موراد بە (ڕووداو)ی گوت "ئەگەر ببێتە پەرلەمانتار، کار لە بواری پەروەردە و ئایتی دەکات".

سامان تاهیر ئالانی، کوردی دێرینی سوێد کە لە سوێد و فینلاند خوێندوویەتی، وەک تراژیدیا باسی پەیوەندی نێوان دەنگدەری کورد و بەربژێرانی کورد، هەروەها پەیوەندیی پارتی سیاسی ئەوروپی و سیاسییە کوردەکان دەکات.

ئالانی دەڵێت: "ئەو کوردانەی دەچنە نێو پارتە ئەوروپییەکان نەبوونەتە بەشێک لە ئەجێندا سەرکەوتووەکانی خودی ئەو پارتە. هەروەها نەیانتوانیوە بابەتی کوردی دیاسپۆرا بکەنە بەشێک لە بەرنامەی خۆیان، ئەمە هۆکاری سەرەکی دابڕانی دەنگدەری کوردە لە نوێنەرەکانیان، تا ئاستی ئەوەی هەر نایانناسن".

هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەوروپا هەموو پێنج ساڵ جارێک بەڕێوەدەچێت. ئەم خولەی هەڵبژاردنیش لە ڕۆژی 23ی ئەم مانگە دەستپێدەکات و 26ی مانگ کۆتایی دێ. لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوودا، تەنیا یەک کورد توانیویەتی بگاتە پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا، ئەویش فەلەکناز ئوجا بوو کە کوردێکی باکووری کوردستانە. لە هەڵبژاردنی خولی ڕابردوودا زیاتر لە هەشت بەربژێری کورد هەبوون، بەڵام هیچیان دەرنەچوون.

**سەرۆکوەزیرانی سوێد پشتگیری خانمە بەربژێرێکی کورد دەکات**





عەلائەدین دالاما لە فینلاند، ئەڤین ئینجەر لە سوید و موراد یلماز لە ئەلمانیا بەربژێرن بۆ پەرلەمانی ئەوروپا

## سکاندالی پارلەمانتارێکیان ئاشکرا دەکات

# گەنجێکی کورد سۆشیال دیموکراتی فینلاند شپرزە دەکات

**ڕووداو – هێلسنکی**

لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ڕابردووی فینلاند، کوڕە گەنجێکی عێراقی، توانی دەنگێکی زۆر بەدەستبێنێ و ببێتە ئەندامی پەرلەمان، بڕیارە لە داهاتوویەکی نزیکدا وەک یەکەم عێراقی لە پەرلەمانی فینلاند دەستبەکار بێت. دەرچوونی حوسێن ئەلتائی کە بە ڕەچەڵەک عەرەبێکی شیعەی عێراقییە، کورد و جووەکانی ئەو وڵاتەی تووڕە کرد. ئەوەندەی نەمابوو بەدەرکردنی بدەن و سەری سۆسیالدیموکراتەکان بخوات. ئەویش دوای ئاشکرابوونی سکاندالێک کە پەیوەندی هەیە بە پاشخانی سیاسی و ڕابردووی تائی.

ئەلتائی، پێشتر لە نووسینەکانی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بێڕێزی زۆری بە کورد، جوو، عەرەبی سوننە و کەسانی هاوڕەگەزخواز و سۆماڵییەکان کردووە. سوننە و داعش و جووی بەیەک شوبهاندووە. گوتووشیەتی: "هاوڕەگەزخوازەکان مرۆڤ نین".

سکاندالەکە لەلایەن کوڕە گەنجێکی کوردی ئەو وڵاتەوە ئاشکرا کرا. دواتر چالاکڤانانی مافەکانی مرۆڤ و بەشێک لە دەنگدەرانی خودی پارتی سۆشیال دیموکرات کردیانە هەرا. هەڵمەتێکیان لە دژی ڕێکخست و داوایان کرد لە ڕیزی حیزبەکە دەربکرێت، هەندێکیشیان دەیانگوت: "با مافی پەرلەمانتاریی لێ بسەندرێتەوە".

حیزبەکە کەوتە ژێر گوشارێکی گەورەی نەیار و بەشێک لە جەماوەرەکەی، بەڵام بە دوورخستنەوەی ئەلتائی، کورسییەکی کەم دەکرد و بۆی قەرەبوو نەدەکرایەوە. بۆیە لە جیاتی دەرکردن، پارلەمانتارەکەی ناچار کرد، دان بە هەڵەی خۆیدا بنێت و داوای لێبوردن بکات.

شارەزایەکی هەڵبژاردنەکان بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەلتائی لە پەرلەمان نامێنێتەوە. تەمەنی کورت دەبێت و سۆشیال دیموکرات لە هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگەیەکدایە تا لە داهاتوودا دووری بخاتەوە".

### لە ئاوارەییەوە بۆ پەرلەمان

(حوسێن ئەسعەد ئەلتائی)، لە بنەماڵەیەکی عەرەبی شیعەمەزهەبی نەجەف لەدایکبووە، کوڕی سیاسەتوان، پەرلەمانتار و پارێزگاری پێشووی نەجەف (ئەسعەد سوڵتان ئەبوو کەلەل ئەلتائی)یە. لەگەڵ خانەوادەکەی لە سەرەتای نەوەتەکان ڕوویان لە ئەوروپا کردووە و لە فینلاند گیرساونەتەوە.

دوای 2003، باوکی گەڕاوەتەوە عێراق. ئەندامی خولێکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بووە، هەروەها پارێزگاری پێشووتری نەجەف بووە. سیاسەتمەدارێک کە ئاگاداری ژیانی ئەو خێزانەیە، دەڵێت: "چ حوسێن و چ باوکی، سوودیان لە پێگە سیاسییەکەیان لە عێراق وەرگرتووە و پێگەی خۆیان لە فینلاند پێ بەهێز کردووە".

حوسێن ئەلتائی، پێشتر چالاکڤان بووە لە فینلاند، لەگەڵ ڕێکخراوێکی مرۆیی نێودەوڵەتی فینلەندی لە بواری ئاشتی و نەهێشتنی ناکۆکی بەناوی (CMI) کاری کردووە. تائی خۆی گوتوویەتی: "چەندین پڕۆژەیان لە عێراق هەبووە، خاوەنی دەستپێشخەری گەورەی بواری ئاشتی نێوان پێکهاتەکانی عێراقن".

حوسێن لە هەڵبژاردنی 2019/4/14ی پەرلەمانی فینلاند، لەسەر لیستی سۆسیالدیموکراتەکان لە کۆمۆنی ڤانتای سەر بە هێلسنکیی پایتەخت، توانی بە 4،210 دەنگ ببێتە ئەندامی پەرلەمان.



حوسێن ئەلتائی، ئەندامی پەرلەمانی فینلاند

ئەوە یەکەمین عێراقییە لە فینلاند بگاتە پەرلەمان، بەڵام هەر زوو خۆشیی سەرکەوتنەکەیان لێ تاڵ کرد. پاش ئەوەی هەندێک کەس کەوتنە سۆراغی پاشخانی حوسێن و دەرکەوت پڕۆژەکانی بەو جۆرە نین کە خۆی قەبەی کردوون.

### "داعش و جوو وەکو یەکن"

لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن، هەڵمەتێکی چڕ لەسەر حوسێن هەبوو، بەڵام دوای دەرچوونی هەڵمەتەکە چڕتر بووەوە، پاش ئەوەی کوردێکی فیلاند کە سەر بە ڕاستڕەوەکانە، پاشخانی ئەلتائی ئاشکرا کرد.

عەنتەر یاشا کە لە خولی ڕابردوو بەربژێری پارتی فینلاندە ڕەسەنەکان بوو، نووسینەکانی پێشتری ئەلتائی کۆپی کردووە و بڵاوی کردووەتەوە کە تێیدا حوسێن هێرش دەکاتە سەر کورد و عەرەبی سوننە، هەروەها جووەکان و داعش بە یەک دەچوێنێ. حوسێن هەروەها هێرشی کردووەتە سەر هاوڕەگەزخوازان و دەڵێت "مرۆڤ نین".

ڕۆژنامەکان، لە نێویاندا جاروسەلیم پۆستی ئیسرائیلی بەدەنگ هاتن. گەنجە کوردەکە بەو ڕۆژنامەیەی گوتبوو: "ئەلتائی دژی جووە، توندئاژۆیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەهێنێتە فینلاند... ئەو پروپاگەندەچییەکی سیاسەتی ئێرانە لە فینلاند".

عەنتەر یاشا کە پێشتر سۆسیال دیموکرات بوو، هۆکاری وازهێنانی خۆی لەو پارتە بۆ (ڕووداو) ڕوون کردەوە و گوتی: "هەندێک لە پارتەکانی فینلاند بەناوی پاراستنی کولتووری ڕەسەن، پاراستنی مافی پەنابەرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، موجامەلەی ئیسلامی سیاسی دەکەن. هەر ئەوانەش بیری توندڕەوی دەگوازنەوە بۆ ئەوروپا".

### سۆسیال دیموکرات ملی نەدا

هەڵمەتەکە لە دژی ئەلتائی بەردەوام بوو، تا ئەوکاتەی سۆسیال دیموکرات، ئەلتائی ناچار کرد لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا دان بەهەڵەی خۆیدا بنێت و داوای لێبوردن بکات.

حوسێن لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا گوتی: "لە بنەماڵەیەکی موسوڵمانی پارێزگارەوە هاتووم و باوکم سەر بە لایەنێکی سیاسیی ئیسلامییە، ئەوەش کاریگەری لەسەر بۆچوونەکانی ڕابردووم هەبووە. ئیسلام و شیعە بەشێکی گرنگی ژیان و باوەڕمە، بەڵام ڕێز لە تەواوی ئاین و بۆچوونەکانی دیکە دەگرم و باوەڕم بە جیاکردنەوەی دین لە دەسەڵات هەیە".

هەروەها گوتی کە ڕووداوەکانی ڕابردوو کاریگەرییان لەسەر بۆچوونەکانی هەبووە و هاتنی داعش شۆکی کردووە.

ئەلتائی نەیشاردەوە کە قسەی بە کورد، جوو، عەرەبی سوننە و ئیسرائیل گوتووە. لە کاتی داوای لێبوردنەکەی چەند جارێک ناوی ئیسرائیل و جووی هێنا و گوتی: "نەدەبوو دیموکراسیترین وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوین بە داعش بشوبهێنم". داوای لێبوردنی لە هەموو ئەو کەس و نەتەوە و لایەنانەش کرد کە هێرشی کردبوونە سەر، تەنیا ناوی کوردی نەهێنا.




(ڕووداو) چەند جارێک پەیوەندی پێوە کرد، بەڵام وەڵامی نامە و تەلەفۆنەکانی نەدایەوە. گوتەبێژی سۆسیال دیموکرات لە پەرلەمانی فینلاندیش تەنیا ئەوەندەی گوت کە: "تائی بەهۆی مۆڵەتی نەخۆشی ماوەیەک دەرناکەوێت و قسە ناکات".

سیاسی و چالاکڤانەکان کۆکن لەسەر ئەوەی سۆسیال دیموکرات قۆناغێکی قورس تێدەپەڕێنێ.

مستەفا سەعید، سیاسەتمەدارێکی عەرەبی فینلاندییە دەڵێت: "سۆسیال دیموکرات، هەڵوێستێکی شەرمنانەی هەبوو، پێگەی خۆی دەپاراست و لە پەرلەمانتارە عێراقییەکەش تووڕە بوو، پێموانییە تەمەنێکی درێژی لە پەرلەمان و ڕیزەکانی سۆسیال دیموکراتدا هەبێت".

مستەفا دەشڵێت: "لە داهاتوودا بە پاساوی دیکە و بەشێوەی ناڕاستەوخۆ، ئەم پارلەمانتارە لە ڕیزەکانی خۆی دوور دەخاتەوە، بێ ئەوەی تووشی زیان ببێت، چونکە سەرکردەکانی ئەو پارتە دڵنیان لەوەی هەڵەیان کردووە. ئەو حیزبە بەدوای ڕێگەیەکدا دەگەڕێت، نە کورسییەکەی لە کیس بچێت، نە تووشی ناتۆرەش بێت، ئەمەش تەنیا مەسەلەی کاتە".

یەکەمجار نییە عێراقییەک لە ناوەندە سیاسییەکانی ئەوروپادا سکاندالی لەسەر ئاشکرا دەبێت. بەڵکوو هاوشێوەیەکی کۆپیکراوی تائی لە ڕابردووی سوێدیشدا هەیە. ئەویش کەیسی عەبیر ئەلسەهلانییە.

ئەلسهلانی، پارلەمانتاری پێشووی سوێد و کچی سیاسەتمەداری عێراقی فەیسەڵ سەهلانی، بەهۆی گەندەڵی دارایی لە ئەندامێتی پەرلەمانی سوێد دوورخرایەوە. ئەوەش دوای ئەوەی ئاشکرا بوو کە گەندەڵی لە 3.2 ملیۆن کرۆنی سوێدی کردووە بەناوی پڕۆژەی خێرخوازی لە عێراق، بەڵام دواتر دەرکەوت پارەکە بۆ مەبەستی دیکە بەکارهاتووە.

## لە کەلار ژنێک سووتا

**ڕووداو- کەلار**

لە گوندی ئەڵمانی قەزای کەلار ژنێک بەهۆی تەقینی غاز لە ماڵەکەی خۆیدا سووتا. مقدەم عەلی جەمال قدووری، گوتەبێژی پۆلیسی گەرمیان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ڕۆژی 2019/5/18 ئافرەتێک لە گوندی ئەڵمانی قەزای کەلار لە ماڵەکەی خۆیدا سووتا، ژنەکە لە وتەکانیدا دەڵێ غازی پێدا تەقیوە و سکاڵای لەدژی هیچ کەسێک نییە". گوتەبێژی پۆلیسی گەرمیان دەشڵێ: "بەشێک لە جەستەی ژنەکە سووتاوە و بەهۆی زۆری ڕێژەی سووتانەکەی ڕەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی کراوە و لەژێر چاودێری پزیشکیدایە".



منداڵەکەی دەمرێ

# ژنێکی دووگیان لەلایەن هاوژینەکەیەوە بە توندی ئەشکەنجە دەدرێ



ئەژین دەڵێت بە کێبڵ لێیداوە و بە ئوتووش داخکراوە

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

کاتێک گەیەنرابووە نەخۆشخانەی منداڵانی هەولێر، کەس باوەڕی نەدەکرد بژی، ئەو هێندەی لە خەمی منداڵەکەی نێو سکیدا بوو، لە خەمی چارەسەرکردنی خۆیدا نەبوو، بەڵام پزیشکەکان نەیانتوانی منداڵەکەی ڕزگار بکەن و بە مردوویی لە نێو سکیان دەرهێنا.

ئەژین، تەمەن 17 ساڵ، ساڵێک و پێنج مانگ لەمەوبەر هاوسەرگیری لەگەڵ (ح) تەمەن 19 ساڵ کرد، ئەوان خاڵۆزا و پوورزای یەکدین، ئەژین دەڵێت ڕۆژی 13ی ئەم مانگە بە توندی لەلایەن مێردەکەی و خوشکی مێردەکەیەوە لێیدراوە و پاشان داغ کراوە. دواتر تووشی خوێنبەربوون بووە و خەسووی بردوویەتی بۆ نەخۆشخانە، لەوێ گوتوویەتی بووکەکەی لەسەربان کەوتووەتە خوارەوە، بەڵام پزیشکەکان کە جەستەی شین و مۆر هەڵگەڕاوی ئەژینیان بینیوە، گومانیان کردووە، بۆیە چارسەریان نەکردووە. ئەژین دەنێردرێ بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوای هەولێر، لەوێ پۆلیس ئیفادەی لێوەردەگرێ و هەموو شتێک ئاشکرا دەبێ.

ئەژین دەنێردرێتەوە نەخۆشخانەی لە دایکبوون و منداڵانی هەولێر، لەوێ منداڵە تەمەن نۆ مانگەکەی کە کچ بوو، بە مردوویی لە سکی دەردەهێنرێ.

ئەژین بە دەمناڵینەوە باسی خۆی کرد و گوتی: "ماوەی ساڵێک و پێنج مانگە لەگەڵ (ح) خێزانمان پێکهێناوە و لە ماڵی باوکی (کە خاڵمە) دەژیاین، حەوت مانگی سەرەتا بێ کێشە بووین، بەڵام دواتر بەهۆی پەیوەندییەکی تەلەفۆنیی هەڵەوە تووشی کێشە بووم، (ح) بە کێبڵ لێیدام و پاشان بە ئوتوو داغی کردم، منیش لە ترسی ئەوەی ماڵی باوکم بە هەڵە لێم تێنەگەن بێدەنگ بووم".

ئەژین بێدەنگ دەبێ و مێردەکەشی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕقئەستوور دەبێ بەرامبەری. ئەو دەڵێت "(ح) بە بەرچاوی خەسوومەوە کە پووریشمە ئەشکەنجەی دەدام، ئەو نەک هەر بەرگری لێنەدەکردم، بەڵکو دەرگای لەسەر دادەخستم و دەیگوت قابیلتە. (ح) فەلاقەی دەکردم و دەشیگوت دەنگ بکەی دەتکوژم. لە هەموو شوێنێکی دەدام تەنیا دەموچاوم نەبێ، بۆ ئەوەی خزمەکانم هەست نەکەن".

ئەژین تا سەر بەرگە ناگرێ و دەتۆرێ و دەچێتەوە ماڵی باوکی، بەڵام باوکی ئامۆژگاری دەکات و دەڵێت ئەو جۆرە کێشانە لە نێوان ژن و مێرد هەر دەبێ. بۆیە دەگەڕێتەوە لای هاوژینەکەی.

ئەژین دەڵێت دوای گەڕانەوەی، ئەمجارەیان منداڵەکەی نێو سکیان کردووە بە بیانوو. ئەو دەڵێت: "(ح) و خوشکەکەی پێیاندەگوتم منداڵەکەی نێو سکت کوڕە یان کچ؟ منیش نەمدەزانی، چونکە لە سۆنار دەرنەکەوتبوو، گوتم نازانم دکتۆر گوتوویەتی منداڵەکەت دانیشتووە و جارێ دەرناکەوێت کچە یان کوڕ، دشەکەم گوتی تۆ ناتەوێت ئێمە بزانین، دیسان منی بە لێدان دا. مێردەکەم بە کاویەی لەحیم داخی کردم و هەموو گیانی کردم بەخوێن".

وەک ئەژین دەڵێت، مێردەکەی و دشەکەی چەندینجار ئەشکەنجەیان داوە، دوایینجار 13ی ئەم مانگە بووە، ئەویش بەرگەی نەگرتووە و تەلەفۆنی بۆ باوکی کردووە.

ئەژین دەڵێت: "باوکم و داپیرم هاتن، داپیرم زۆر قسەی پێگوتن، بەڵام بە هەموویان قسەیان پێگوت. تەنیا خاڵم لەگەڵم باش بوو، بۆیە ئەوانیش ئەوکاتەی خاڵم لە ماڵ نەبووایە لێیان دەدام".

ئەو شەوە باوکی ئەژین، (ح) و ئەژین پێکدێنێتەوە و دەڕواتەوە، بەڵام دیسان دەست بە لێدانی دەکەنەوە. ئەژین گوتی "لەسەر ڕەگەزی منداڵەکە ئەمجارە دشەکەم بەقژ منی ڕاکێشا بەماڵەکەدا، هاوژینەکەشم کێبڵ و ئوتووی هێنا هەموو گیانی داخ کردم، ئەوەندەی کێبڵ و لەقە کێشا بە پشتمدا، هەستم کرد منداڵەکەم پسا و پەیوەندی بەمنەوە نەما. خەسووم ترسا، منیان بردە لای مامانێک، بەڵام مامانەکە گوتی ناتوانم دەستی لێبدەم، دوایی منیش تووشی کێشە دەبم، خەسووم بردمی بۆ نەخۆشخانەی لەدایکبوون، دواتر بۆ لێکۆڵینەوە بردمیان بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتن و لەوێ سکاڵام تۆمار کرد".

کارمەندێکی نەخۆشخانەی لەدایکبوون و منداڵان بەناوی (ک) باسی هێنانی ئەژین بۆ نەخۆشخانەکەیان دەکات و دەڵێت "خەسووی هێنای بۆ نەخۆشخانە، بەڵام کە بینیمان هەموو گیانی جێگای کێبڵ و شوێنی پێڵاو بوو، زانیمان ئەشکەنجە دراوە، بەڵام خەسووی نکۆڵی کرد و گوتی لەسەربان کەوتووەتە خوارەوە. ئەژینیش تەنیا هاواری دەکرد منداڵەکەی بۆ ڕزگار بکەین، بەڵام لەدەستی دابوو، بۆیە ڕەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوامان کرد، لەوێ چارەسەریان کرد، بەڵام بەداخەوە منداڵەکەی کە کەمتر لە هەفتەیەکی مابوو، بەهۆی ئەشکەنجەوە بە مردوویی لەدایک بوو".

(م.ئا) کە باوکی ئەژینە، پشتڕاستی کردەوە کە ئەو شەوە کێشە لە نێوان ئەژین و (ح) هەبووە و ئەو کێشەکەی بۆ چارەسەر کردوون، بەڵام دەڵێت ئاگادار نەبووە بەو شێوەیە کچەکەی ئەشکەنجە دراوە: "هیچکات نەمزانیوە بەم شێوەیە ئەشکەنجەی داوە، ئەگینا ڕێگەم نەدەدا".

باوکی ئەژین دەڵێت: "ئەو شەوە لەسەر قسەی ئەژین ڕۆیشتم، بەڵام هێشتا لە کۆڵانەکە بووین، بوو بە قیژە و دەنگە دەنگ، چەند لە دەرگامان دا لێیان نەکردینەوە. خەزووری ئەژین لە ماڵ نەبوو، تەلەفۆنم بۆ کرد بۆ ئەوەی کێشەکە چارەسەر بکات، بەڵام دواتر پەیوەندی پێوەکردمەوە و گوتی وەرن بۆ نەخۆشخانەی منداڵ بوون، منداڵەکەی دەبێت، بەڵام منداڵی چی، کچەکەم نیوە مردوو بووبوو".

خێزانی (ح) کێشەکە بە کێشەیەکی نێوخۆی خێزانەکەیان دەزانن و دەڵێن چارەسەری دەکەن. (ح.م) باوکی (ح) گوتی: "ئاگادار نیم ئەژین ئەشکەنجە درابێ. ئێمە کەسوکاری یەکدین، دوو ڕیشسپیمان ناردووە بۆ سوڵح، ئەوانیش گوتوویانە ئێمە کەسی یەکدین و چارەسەری دەکەین".

نەقیبی مافپەروەر ڕێباز زێوەر، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە دادوەر بەپێی مادەی حەوت لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ مێردی ژنەکە دەرکردووە، بەڵام هەڵهاتووە.

سەبارەت بەوەی کە خێزانەکان سوڵح دەکەن و ڕەنگە تۆمەتبارەکە دەستگیر نەکرێ، ڕێباز گوتی: "ئەوە پەیوەندی بە ئێمەوە نییە، یاسا فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ پیاوەکە دەرکردووە".

باوکی ئەژین سەبارەت بە تۆمارکردنی سکاڵا، دەڵێت: "ئێمە چاوەڕێی کچەکەین وەزعی باش بێت، بڕیار لەلای خۆیەتی کە ئایا مێردەکەی بە گرتن دەدات یان نا".

خاوەنی دوو منداڵە

# ژنێک لەنێو ماڵی خەزووریدا سووتا

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

لە کەرکووک لەنێو ماڵی خەزووریدا سووتا، دوای ڕۆژێک مانەوە لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوا لە هەولێر، بەهۆی زۆریی ڕێژەی سووتانەکەی گیانی دەرچوو، هەرچەندە ماڵی خەزووری دەڵێن خۆی سووتاندووە، بەڵام کەسوکاری ژنەکە دەڵێن مێردەکەی و خەسووی سووتاندوویانە، بۆیە سکاڵایان لەسەر تۆمار دەکەین.

سەهەند دڵشاد، 23 ساڵ، تاقانەی سێ برا بوو، نزیکەی دوو ساڵ و نیو بوو لەگەڵ محەممەد، تەمەن 22 ساڵ، هاوسەرگیری کردبوو، خاوەنی دوو منداڵ بوون.

لەیلا عاسی، دایکی سەهەند باسی ژیانی کچەکەی کرد و گوتی: "زاواکەم کە کوڕی برازامە، لەگەڵ سەهەند یەکدییان خۆشدەویست، ئەوکاتەی هاوسەرگیرییان کرد کچەکەم پۆلی سێی ناوەندی بوو، بە مەرجی تەواوکردنی خوێندنی دامان بە محەممەد، خەسووی گوتی خواردن لەپێشی دادەنێم با بخوێنێ، بەڵام هێشتا مانگی هەنگوینی نەچووبوو کە تەلەفۆنی کرد و گوتی ناهێڵن بخوێنم، منیش بۆ ئەوەی ژیانی نەشێوێت هێورم کردەوە و گوتم بۆ ئەوە ژیان لە خۆت تێکمەدە".

باوکی سەهەند پێیوایە ئەوان هەر لەسەرەتاوە دژایەتی کچەکەیان کردووە و کاریان بۆ لەکەدارکردنی کردووە.

ئەو دەڵێ: "سێ فەیسبووکی نەشیاویان بەناوی کچەکەم دروستکرد، منیش لەڕێگەی برادەرێکمەوە بەدواداچوونم کرد و شوێنی ئەکاونتەکانم زانی، برادەرەکەم پێیگوتم فەیسبووکەکان لە گەڕەکی ئازادی و لەلای یاریگای کەرکووک دانراون، یەکێکیان چەند مەترێک لە شوێنی نیشتەجێبوونی کچەکەم دوور بوو. ئینجا زانیم کاری زاواکەمە، چونکە کچەکەم لە نهۆمی سەرەوەی ماڵی خەزووری بوو، بە باوکیم گوت یەکێک لەو فەیسبووکانە هی کوڕی خۆتە و دەیەوێ کچەکەم لەبەرچاوی ئێمە و کەسوکارمان سووک بکات".

باوکی سەهەند دەشڵێ: "دوای ئەوە مۆبایلیان لێ قەدەغە کرد، بە مۆبایلی پیاوەکەی تەلەفۆنی بۆ دەکردین و بەرنامەی تۆمارکردنی دەنگی تێدا دانرابوو بۆ ئەوەی بزانن لەگەڵ ئێمە باسی چی دەکات، ئینجا پارەیان لێبڕی بۆ ئەوەی هیچی نەبێت، بەهەموو شێوەیەک ئەشکەنجەی دەروونیی کچەکەمیان دەدا".

بەگوتەی دڵشاد، کاتێک کچەکەی بە منداڵی یەکەمی دووگیان بووە ئەشکەنجە دراوە: "کچەکەم منداڵی یەکەمی لەسکیدا بوو، چەند مانگێکی مابوو، مێردەکەی و خوشکی مێردەکەی لێیاندابوو. ئەویش تۆرا و هاتەوە ماڵەوە، بردمانە لای پزیشک و گوتی بۆ ئەوەی منداڵەکەی سەلامەت بێ، دەبێت ئەم چەند مانگە لەسەر جێگا پشوو بدات، لەماوەی ئەو چەند مانگە یەک کەسیشیان نەهاتن، من 1600 دۆلارم بۆ لەدایکبوونی منداڵەکەی خەرج کرد".

دوای ئەوە دوو بنەماڵەکە لەسەر داوای کەسە نزیکەکانیان ئاشت دەبنەوە و سەهەند دەگەڕێتەوە لای هاوژینەکەی.

دایکی سەهەند پێیوایە خەسوو و خەزووری سەهەند کوڕەکەی خۆیان لەدژی سەهەند هانداوە.

لەیلا دەڵێت: "کچەکەم چەند مانگێک بوو منداڵی دووەمی لەسکدا بوو، ڕۆژێک بۆ سەردانی ئەو و خوشکەکەم چووینە کەرکووک، بەڵام لەبەرچاوی ئێمە زاواکەم و دوو خوشکەکەی و خەسووی لە کچەکەمیان دا. بەزۆر لەژێر دەستیان دەرمانهێنا و هێنامانەوە بۆ هەولێر".

دوای لەدایکبوونی منداڵەکەی، مێردی خوشکی لەیلا دەیەوێت ئاشتیان بکاتەوە.

دڵشاد ئەنوەر دەڵێ: "بۆ ئاشتەوایی بانگیان کردین بۆ ماڵی خوشکی خێزانەکەم. خەزووری سەهەند گوتی دەبێت واژۆ لەسەر ئەم مەرجانە بکەی ئینجا کچەکەتان وەردەگرینەوە، ئەویش نابێت کچەکەتان مۆبایلی هەبێت. کەی ویستمان ئەوکات سەردانتان بکات، ئێوەش بەهیچ شێوەیەک نابێت سەردانی کچەکەتان بکەن. منیش بۆ ئەوەی ژیانی کچەکە تێکنەچێت بە مەرجەکانیان ڕازی بووم".





باوکی سەهەند:

کچەکەم بەدەستی مێردەکەی و خەسووی سووتێنراوە

بەڵام زۆری نەبرد سەهەند خۆی سووتاند و کەسوکارەکەشی دەڵێن ماڵە خەزوورانی سووتاندوویانە.

دڵشاد ئەنوەر دەڵێ: "ڕۆژێک ئامۆزایەکی هاوژینەکەم پەیوەندی کرد و گوتی کچەکەتان لەگەڵ پیاوەکەی و خەسووەکەی شەڕیان کردووە و سووتاوە، منیش چووم بۆ کەرکووک و هێنامەوە بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوا لە هەولێر، بەڵام بەهۆی ئەوەی ڕێژەی سووتانەکەی 100% بوو، پزیشک گوتی کەمتر لە چوار سەعاتی دیکە دەژیت، داوام کرد کە تا توانای قسەکردنی ماوە ئیفادەی لێوەربگرن، بەڵام گوتیان بەبێ فەرمانی دادوەر ناتوانین".

سەهەند دڵشاد، 23 ساڵ، تاقانەی سێ برا بوو

دڵشاد پێش مردنی ڤیدیۆی کچەکەی تۆمار دەکات و پرسیاری لێدەکات. ئەو دەڵێ: "لێمپرسی خۆت خۆت سووتاند؟ سەری بە ئاماژەی نەخێر جوڵاند، دواتر پرسیم کێ تۆی سووتاند؟ بەزۆر توانی ناوەکان بڵێ و گوتی خانە، کە خەسوویەتی، حەمە کە هاوژینیەتی، هەروەها دەستی بردە بنگوێی و گوتی کاوە، مەبەستی ئەوە بوو خەزووری بە تەلەفۆن پێیگوتوون و ئەوانیش سووتاندوویانە".

بەڵام کاوە فەتحوڵڵا، کە باوکی محەممەدە، ڕەتیدەکاتەوە ئەوان سەهەندیان سووتاندبێت و گوتی: "ڕۆژی ڕووداوەکە لەسەر کار بووم لە دووز، تەلەفۆنم بۆ کرا گوتیان سەهەند خۆی سووتاندووە. کوڕەکەم هەوڵیدابوو بیکوژێنێتەوە، بردبووی بۆ گەرماوەکە و بە ئاو کوژاندبوویەوە، دواتریش بردبوویان بۆ نەخۆشخانە".

سەبارەت بە کێشەیان لەگەڵ سەهەند، خەزووری دەڵێ: "ئێمە هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ ئەو کچە نەبووە و ناشزانین بۆچی خۆی سووتاندووە. سەهەند ئێمەی خۆشدەویست، ئێمەش ئەومان زۆر خۆشدەویست".

کێشەی ئەم دوو بنەماڵەیە کەسوکاریشی کردوون بە دوو بەشەوە. هەندێکیان لایەنگری بنەماڵەی سەهەندن و هەندێکیشیان پشتی بنەماڵەکەی دیکە دەگرن.

عیماد عاسی کە مامی کوڕەکەیە، پێیوایە هۆکاری کێشەکە دایک و باوکی سەهەندن و دەڵێت: "محەممەد و بنەماڵەکەی هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ کچەکە نەبوو، بەڵام ئەوان پشتیان لە کچەکەیان کردبوو، هاوکارییان نەدەکرد. تەنانەت ڕۆژی سووتانەکەشی باوکی سەهەند سەعات 9ی شەو هاتە نەخۆشخانە بۆ لای کچەکەی و ڕازیش نەبوو لەوێ بمێنێتەوە، بردییەوە بۆ هەولێر".

بەڵام محەممەد فەتحوڵڵا عاسی کە مامی گەورەی محەممەد و خاڵی سەهەندە، دەڵێت: "دایک و باوکی محەممەد سەلەفین، دەیانویست کچەکە ببێت بە کۆیلەی ئەوان. کوڕەکەشیان کە دانەمەزرابوو، باوکی پارەی پێدەدا، بۆیە هەرچی بگوتبایە دەبوو بەقسەی بکات و ئەویشی کردبوو بە دیلی خۆی".

سەهەند کە ڕۆژی نۆی ئەم مانگە لە نێو ماڵی خەزووریدا سووتا، هێشتا دۆسیەکەی نەچووەتە لای دەزگا ئەمنییەکان. باوکی سەهەند دەڵێت: "لەبەر پرسەی کچەکە دەرفەتمان نەبووە سکاڵا تۆمار بکەین، بەڵام لە چەند ڕۆژی داهاتوو سکاڵا لەسەر مێردەکەی، خەسووی و خەزووری تۆمار دەکەین".



## پزیشکێک بەهۆی مردنی نەخۆشێک دەستگیردەکرێت

**ڕووداو- کەلار**

ڕۆژی 2019/5/18 لە کەلار گەنجێک لەکاتی نەشتەرگەریدا مرد، لەسەر سکاڵای کەسوکارەکەشی پزیشکەکە دەستگیرکرا. مقدەم عەلی جەمال قدووری، گوتەبێژی پۆلیسی گەرمیان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "گەنجەکە ناوی سەرهەنگ جەلال عەبدولقادرە و تەمەنی 27 ساڵە، لەکاتی نەشتەرگەریدا مردووە تەرمەکەی بەمەبەستی توێکاری ڕەوانەی پزیشکی دادوەری سلێمانی کراوە. گوتەبێژی پۆلیسی گەرمیان گوتیشی: "دوای مردنی گەنجەکە لەسەر سکاڵای کەسوکارەکەی و بە بڕیاری دادوەر ئەو پزیشکە دەستبەسەر کراوە کە نەشتەرگەرییەکەی بۆ کردووە".

# پۆلیس نەیگرت و بنەماڵەی کوژراوەکە تۆڵەیان لێکردەوە

**بکوژەکەی سەردار نەکەوتە زیندان و بەرپرسێکی یەکێتی لای خۆی داڵدەی دا**

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو- هەولێر**

ڕەوا لەگەڵ باوکی لە ژوورەوە دانیشتبوون، لە ناکاو هێرش کرایە سەر ماڵەکەیان و دەستڕێژی گوللەیان لێکرا، گوللەیەک بەر ڕەوا کەوت و مرد.

ئێوارەی ڕۆژی 2019/5/14 کوڕێکی تەمەن 20 ساڵ بەناوی ڕەوا بەهائەددین، دانیشتووی شارۆچکەی تەیناڵی سەر بە ناحیەی بازیان لە نزیکی سلێمانی، لە نێو ماڵەکەیدا کوژرا.

کوشتنی ڕەوا پەیوەندیی بە تاوانێکی پێشترەوە هەیە کە بۆ ساڵێک لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، کاتێک لە ڕۆژی 2018/6/22 سەردار تۆفیق، تەمەن 38 ساڵ لەلایەن ڕەوا و برایەکییەوە کوژرا.

محەممەد ئەحمەد کە خاڵی سەردارە، ئەوکات بە (ڕووداو)ی گوتبوو: "کوڕەکەی ئێمە لەسەر کارگەیەک کوژراوە کە بەکرێی گرتبوو، بەڵام ماڵی ڕەوا ئەو کارگەیەیان دەویست، چونکە بەشێک لە کارگەکە کەوتبووە گوندی ئەوان و بەشێکیشی لای ئێمەیە. ئەوان گرێبەستی دوو ساڵیان هەبوو کە گرێبەستەکەیان تەواو بوو، خاوەن کارگەکە ئەمجارە دای بە کوڕە خوشکەکانی من، ماڵی ڕەوا ئەوەیان پێ قبوڵ نەکرا و ڕەوا و براکەی پەلاماری سەردار و براکەیان دا، سەرداریان کوشت و براکەشیان بریندار کرد".

باوکی ڕەوا نەیشاردەوە کە سەردار لەلایەن کوڕەکەی ئەوەوە کوژراوە، بەڵام دەڵێت کوشتنەکە بە ئەنقەست نەبووە، بەڵکو بەرگری لە خۆی کردووە.

بەهائەدین باقی باسی ئەو ڕۆژە دەکات کە کوڕەکەی کوژرا و دەڵێت: "سەعات شەش بوو، کوڕەکەم تازە لە دەرەوە گەڕابووەوە، من لە ژووری میوان دانیشتبووم، ئەویش هاتە لام، هەر ئەوەندەم زانی هێرش کرایە سەر ماڵەکەمان و لە هەموو لایەکەوە تەقەمان لێکرا. ڕەوا هەستایەوە بچێتە ژوورێکی دیکە، گوللەیەکی بەرکەوت، ڕامکرد بینیم گیانی دەرچووە".

بەهائەدین خەمبارە بۆ کوژرانی کوڕەکەی و دەڵێت: "ئەوکات کوڕەکەم نەیدەویست سەردار بکوژێ، دەمەقاڵەیان بوو، سەردار میلی چەکی لە ڕەوا هێنابووەوە، ڕەواش تەقەی لێکرد، ئەوی کوشت و براکەشی بریندار کرد".

چەند ڕۆژێک دوای ڕووداوەکە، بەهائەدین کوڕەکەی تەسلیمی بنکەی پۆلیسی بازیان دەکات. بەڵام دەڵێت "کەسوکاری سەردار لە دادگا سکاڵایان کشاندەوە و گوتیان دەمانەوێت ئەو کورە بەربێت و کێشەکە بە عەشایەری چارەسەر دەکەین. دوای چەند مانگێک کوڕەکەم ئازاد کرا، چەند جارێک خەڵکمان ناردە ماڵی باوکی سەردار بۆ ئەوەی کۆتایی بە کێشەکە بهێنین، بەڵام ئەوان گوتیان ئێمە جاری ئامادەنین کێشەکە چارەسەر بکرێ، ئەوکات زانیم ئەوان نیازی کوشتنی کوڕەکەمیان هەیە".

لەو ڕۆژەوە بەهائەددین ڕێگەی نەداوە کوڕەکەی بۆ ساتێکیش بەتەنیا بچێتە دەرەوە، هەمیشە براکانی لەگەڵ ناردبووە دەرەوە.

> سکاڵایان لەدژی کوڕەکەم کشاندەوە بۆ ئەوەی بەدەستی خۆیان تۆڵە بکەنەوە
>
> باوکی کوژراوەکە



بەهائەددین ڕەتیکردەوە کوڕەکەی لەسەر کارگەکە سەرداری کوشتبێ و گوتی: "سەردار لەلایەن دادگاوە داوا کرابوو، ڕۆژێک ئێمە لە ماڵ نەبووین هێرشی کردبووە سەر ماڵمان و تەقەی کردبوو، قۆڵی ژنەکەم بریندار بووبوو".

بەهائەددین دەڵێت ئەوان وەکو ماڵی سەردار پەنا بۆ چەک نابەن و بە عەشایری کێشەکەیان یەکلایی ناکەنەوە، بەڵکو کارەکە بۆ دادگا و پۆلیس جێدێڵن "کوڕێکم کوژرا، نامەوێ کوڕەکانی دیکەشم لەدەست بدەم".

بەهائەددین پێیوایە لایەنی بەرامبەر بڕوای بە یاسا نییە، بۆیە نەیانهێشت ڕەوا بگیرێ و سزای تاوانەکەی وەربگرێ، ئەوان لە دەرفەتێک دەگەڕان بە دەستی خۆیان تۆڵەی خۆیان بکەنەوە.

بەڵام سیروان ئەحمەد کە خاڵی سەردارە، قسەکانی باوکی ڕەوای ڕەتکردەوە و بە (ڕووداو)ی گوت: "ئێمە بە هیچ جۆرێک داوامان نەکردبوو ڕەوا لە زیندان ئازاد بکرێ، کاتی خۆی من خۆم لەگەڵ دایک و باوکی سەردار چووین لە بنکەی پۆلیس سکاڵا تۆمار بکەین، بەڵام کەس گوێی لە ئێمە نەگرت و سکاڵاکەیان تۆمار نەکرد، پاشان بەهائەدین خۆی کوڕەکەی ڕادەستی پۆلیس کرد، چەند مانگێک لە زیندان مایەوە و هاتە دەرێ".

> پۆلیس گوێی لە ئێمە نەگرت و سکاڵای ئێمەی تۆمار نەکرد
>
> بنەماڵەی بکوژەکە

سەرچاوەیەک لە بنکەی پۆلیسی بازیان کە نەویست ناوی بڵاو بکرێتەوە بە (ڕووداو)ی گوت "ساڵێک لەمەوبەر ڕەوا سەرداری کوشت، ئەوان لە دادگا سکاڵایان تۆمارکرد، داوایانکرد ڕەوا دەستگیربکرێ، بەڵام دەستگیرنەکرا. باوکیشی ڕەوای ڕادەستی پۆلیس نەکرد، بەڵکو چەند مانگێک ناردی بۆ لای فەرماندەیەکی باڵای سەربازی یەکێتی، دیارە ئەو شوێنەیان بە زیندان داناوە". گوتیشی "هەردوو بنەماڵەکە ڕاست ناکەن و پابەند نەبوون بە یاسا".

**بە چەکی براکەی گوللەیەکی لە خۆی دابوو**

# ڕۆژێک پێش تاقیکردنەوەکانی، خۆی کوشت

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو- هەولێر**

ئیسلام بە براکەی گوتبوو کلیلی ماڵەوەی بۆ جێبهێڵن لەوێ سەعی دەکات، بەڵام لە ماڵی براکەی و بە چەکی براکەی گوللەیەک لە خۆی دەدات و خۆی دەکوژێ.

شەوی 2019/5/10 کوڕێکی تەمەن 16 ساڵان بە ناوی ئیسلام محێ، دانیشتووی گوندی سالەی سەر بە قەزای ئاکرێ کە قوتابی پۆلی 10ی ئامادەیی بوو، بە مەبەستی خوێندن دەچێتە ماڵی براکەی و پاشان لەوێ خۆی دەکوژێ.

مهیاد عەبدوڵڵا، ئەفسەری بنکەی پۆلیسی نەخۆشخانەی ئاکرێ، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەو مێردمنداڵە کە گەیەنرایە نەخۆشخانە گیانی دەرچووبوو، بە چەکێکی کلاشینکۆف خۆی کوشتبوو".

دوای ڕووداوەکە پۆلیس ئیفادەی لە کەسوکاری وەرگرت. براکەی لە ئیفادەکەیدا دەڵێت: "من لەگەڵ هاوژینەکەم لە ماڵ دەردەچووین. ئەو بۆ خوێندن هات بۆ ماڵی ئێمە، کە گەڕامەوە بینیم تەرمەکەی لە نێو پارچە زەوییەک لە نێوان ماڵی باوکم و ئێمەدا کەوتبوو".

ڕێبەر محێ کە لە یەکەم ڕۆژی پرسەی براکەیدا قسەی بۆ (ڕووداو) کرد، بە گریانەوە پەسنی براکەی دا و گوتی براکەم قوتابییەکی زیرەک بوو، هەموو هاوڕێکانی خۆشیاندەویست، تا ئێستا دڵمان نەڕەنجاندووە، چونکە کوڕی بچووکی ماڵەوە بوو، زۆر بە ناز پەروەردە کرابوو".

ئەو شەوەی ئیسلام خۆی کوشت، بۆ بەیانی تاقیکردنەوەی هەبووە، بەهۆی ئەوەی ماڵی باوکیان قەرەباڵغە داوای لە براکەی کردبوو کە دەیەوێ بێتە ماڵی ئەوان بخوێنێ. ڕێبەریش کە ئەو شەوە بەنیاز بووە لەگەڵ هاوژینەکەی بچێتە دەرەوە، کلیلی ماڵەکەی بۆ بەجێدێڵێ.

ڕێبەر گوتی: "ئەو ڕۆژە هەینی بوو، ماڵی خەزوورم پەیوەندییان پێوەکردم کە بۆ نانی ئێوارە بچین بۆ لای ئەوان. پێش ئەوەی بڕۆم چووم بۆ ماڵی باوکم و پێمگوتن ئێوارە میوانی ماڵی خەزوورمم. لەو کاتەدا ئیسلام هات و گوتی بەیانی تاقیکردنەوەم هەیە، کە ڕۆیشتن کلیلەکەم بۆ جێبهێڵن لە ماڵی ئێوە دەخوێنم".

ئەویش بەر لەوەی بڕوات کلیلی ماڵەکەی دەداتە ئیسلام و پێیدەڵێت ڕەنگە من دوابکەوم، ئەگەر تەواو بووی بیرت نەچێ دەرگای هۆڵەکە دابخە. ڕێبەر دەڵێت "بەر لەوەی بڕۆم، پارەم پێدا و ماچم کرد، پێمگوت باش بخوێنە".

ئیسلام بەربانگ دەکاتەوە و نوێژی عیشاش لەماڵی خۆیان دەکات، ئینجا دەچێتە ماڵی براکەی.

ڕێبەر دەڵێت "تا سەعات 12ی شەو لە ماڵی خەزوورم بووم. هاوژینەکەم لەوێ مایەوە و منیش بەڕێکەوتم بۆ ماڵەوە، سەعات 12،30 خولەک گەیشتمەوە، بینیم دەرگای ماڵەکەمان کراوەتەوە، ڕامکرد بۆ ژوورەوە، بینیم لە ژووری میوان خوێن ڕژاوە، کلاشینکۆفەکەم لەوێ کەوتبوو، بە پەلە هاتمە دەرەوە بۆ لای ماڵی باوکم بچم. بینیم کەسێک لەسەر پارچە زەوییەکی بەتاڵی نێوان ماڵی من و باوکم کەوتووە، کە سەیرم کرد ئیسلام بوو، هەموو گیانی خوێن بوو، شۆک بووم، نەمدەزانی چی بکەم، نەمدەزانی لە ژیاندا ماوە یان نا، قسەم بۆ نەدەکرا، بە گریانەوە خۆم گەیاندە ماڵی باوکم و لە ڕووداوەکە ئاگادارم کردنەوە. ئینجا بە پەلە خستمانە نێو ئۆتۆمبێل و بردمان بۆ نەخۆشخانە، بەڵام پزیشکەکان گوتیان بەر لەوەی بگاتە ئێرە گیانی دەرچووە".

ڕێبەر کارمەندی پۆلیسە، ئیسلامی برای بە چەکەکەی ئەو خۆی کوشتووە. ڕێبەر ئەو ڕۆژە کە لە دەوام گەڕاوەتەوە، چەکەکەی لە ژووری میوان داناوە و بیری بۆ ئەوە نەچووە چەکەکە هەڵبگرێ.

کەسوکارەکەی هێشتا بەدوای وەڵامی ئەوەوەن کە بۆچی کوڕەکەیان ڕۆژێک پێش تاقیکردنەوەکانی، خۆی کوشتووە؟ کێشەی لەگەڵ کێ هەبووە؟ بۆچی باسی نەکردووە؟

ڕێبەر وای لێکدەداتەوە کە دوای ئەوەی براکەی گوللەی لە خۆی داوە، پەشیمان بووەتەوە و هەوڵی داوە بگاتەوە ماڵی باوکی بۆ ئەوەی بیگەیێننە نەخۆشخانە، بەڵام نەیتوانیوە بگاتە ئەوان و گیانی دەرچووە.



# شنگالییەکی بێکەس لە هەولێر خۆی دەکوژێ



ئەیاد لەسەر باڵەخانەی ئەو هوتێلە خۆی فڕێدایە خوارەوە کە شەوان لێی دەمایەوە

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو- هەولێر**

ڕۆژ تازە سەری دەرهێنابوو، تاک و تەرا ئۆتۆمبێل بە شەقامەکەدا دەڕۆیشتن. ئەیاد خۆی بە باڵەخانەی ئەو هوتێلەدا شۆڕ کردبووەوە کە شەوان لێی دەمایەوە، زۆری نەبرد دەستەکانی بەردان و کەوتە سەر زەوی، دەستبەجێش گیانی دەرچوو.

ئەیاد حەیدەر قاسم، تەمەن 20 ساڵ، خەڵکی قەزای شنگال، نزیکەی سێ مانگ بوو هاتبووە هەولێر و لە دوکانێکی فرۆشتنی جلوبەرگ و یاریی منداڵان کاری دەکرد، شەوانیش لەگەڵ هاوڕێیەکی لە هوتێل لەیالی بەغدا لە شەقامی سوڵتان موزەفەرەددین دەمایەوە. ڕۆژی 2019/5/11 لە سەربانی هۆتێلەکەوە خۆی فڕێدایە خوارەوە و مرد.

هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: " پۆلیس تەرمی گەنجەکەی گواستەوە بۆ پەیمانگەی پزیشکی دادوەری. پەڕاوی لێکۆڵینەوەمان بۆ ڕووداوەکە کردەوە، دەرکەوت ئەو گەنجە خەڵکی شنگالە و هیچ کەسێکی نییە".

عامر حەمید کارمەندی بەشی پێشوازی لە هوتێلەکە دەڵێت :"بەیانی زوو بوو، من لە شوێنەکەی خۆم دانیشتبووم، لە ناکاو گوێم لە دەنگێک بوو، چوومە نێو بەشەکانی هوتێلەکە هیچ نەبوو. کاتێک سەیری دەرەوەم کرد، بینیم کەسێک لە پێش هوتێلەکە کەوتووە و دەوروبەرەکەی هەمووی خوێنە. کە لێی نزیکبوومەوە زانیم میوانێکی هوتێلەکەمانە".

عامر یەکسەر پەیوەندی بە پۆلیسەوە دەکات، زۆری پێناچێ پۆلیس دەگەنە شوێنی ڕووداوەکە و تەرمەکە هەڵدەگرنەوە.

عامر هەندێک زانیاری لەبارەی ئەیادەوە ئاشکرا کرد و گوتی: "سێ مانگ بوو هاتبووە ئێرە، یەکەمجار لە ڕێگەی کەسێکەوە هات کە ئێستاش لە هوتێلەکەمان دەمێنێتەوە. ئەو میوانەمان گوتی: ئەو کوڕە بێکەسە و هیچ شوێنێکی نییە، لەگەڵ خۆم لە ژوورەکەی خۆم دایدەنێم. ئێمەش ڕازی بووین".

بە گوتەی عامر، گەنجە شنگالییەکە کەسێکی زۆر بێدەنگ بووە: "سێ مانگ بوو لێرە بوو، گوێم لە دەنگی نەبوو، تەنانەت چەند جارێک سڵاوم لێکرد، وەڵامی سەلامیشی نەدایەوە".

عامر پرسیاری ئەو بێدەنگییەی ئەیادی لە میوانەکەیان کردووە. ئەویش گوتوویەتی ئەو خەڵکی شنگالە و کەسوکارەکەی لێرە نین و تەنانەت لەگەڵ ئەویش زۆر بە کەمی قسە دەکات.

ئازاد محەممەد عیسا، خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستانە و لە هەولێر کار دەکات، ڕۆژێک لە کاتی گەڕانەوەی بۆ هوتێل ئەو گەنجەی بینیوە لەسەر شۆستەیەک دانیشتووە و دەگری.

ئەیاد باسی خۆی بۆ کردووە کە پارەی پێ نییە و شوێنی مانەوەی نییە و کەسوکاریشی نەماون. بۆیە

ئازاد لەگەڵ خۆی دەیبات بۆ هوتێل، هەروەها لەو دووکانەش دایدەنێ کە بە کرێ گرتبووی و جلوبەرگ و یاری منداڵانی تێدا دەفرۆشت.

ئازاد گوتی: "شەو دیار بوو زۆر ماندوو بوو، زوو خەوی لێکەوت، بەیانی بە یەکەوە چووین بۆ سەر کار، کوڕێکی زۆر بێدەنگ بوو، لە کارکردنیش زۆر ئازا بوو، ئیشەکانی خۆی زۆر بە جوانی دەکرد".

شەوێک ئەیاد بەسەرهاتی خۆی بۆ ئازاد دەگێڕێتەوە، ئەویش دوای ئەوەی خەوێکی ناخۆش بە چەکدارانی داعشەوە دەبینێ. ئازاد دەڵێت: "شەوێکیان ئەیاد لە خەو ڕاپەڕی، گوتی: داعش وازم لێناهێنێ. ئیتر باسی ئەو کاتەی کرد کە داعش هاتن بۆ شنگال. گوتی: ئێمەیان ڕفاند و باوکم کوژرا. من خۆم لە دەستیان ڕزگار کرد، بەڵام نازانم چییان بەسەر دایکم و دوو خوشکەکەم هێنا. تازە خەونم پێوە بینین داعش هەرسێکیانی کوشتبوون".

ئازاد هەستی بە پلانی خۆفڕێدانە خوارەوەی ئەیاد نەکردووە تا ئەو کاتەی لەلایەن کارمەندێکی هوتێلەکەوە لە ڕووداوەکە ئاگادار کراوەتەوە.

بە گوتەی ئازاد، ئەوەی داعش بەسەر ئەو خێزانەی هێنابوو، وای لێکردبوو باری دەروونی جێگیر نەبێ و دواجار پەنا بۆ خۆکوشتن ببات.

# ئەمریکا و ئێران و شەبەحی شەڕ





دلاوەر عەلائەددین
سەرۆکی ئینستیتیوتی مێری

تەنگەهەڵچنین بە ئێران لەلایەن ئیدارەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپەوە سەرسوڕهێنەرە، بەڵام پێشبینیکراویش بوو. پارساڵ ئەمەریکا لە ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران کشایەوە و بەرنامەی ئابلۆقەدانی سەر ئەو وڵاتەی زیندوو کردەوە. ئێستاش وا گرژییەکی دەستکردی لەناکاوی داهێناوە. پرسیار ئەوەیە: ئایا سیاسەتی دۆناڵد ترەمپ هەتا کوێ بڕ دەکات، لەونێوەشدا سیاسەتی عێراق و هەرێمی کوردستان چی بێت؟

## ترەمپ شەڕخوازە؟

سیاسەت و ڕەفتارەکانی دۆناڵد ترەمپ هەمیشە جێگەی سەرنجی جیهان بوونە، بەڵام لە کۆتاییدا دەرکەوتووە کە ترەمپ کورتبینانە وەک بزنسمانێکی پارەپەرست بیر لە بەرژەوەندیی وڵاتەکەی دەکاتەوە. نایشارێتەوە کە خوازیاری پارەیە نەک شەڕ، شەڕەکانیشی زیاتر بۆ داهاتە نەک بەها. ئەوەتا بە ئاشکرا کەوتووەتە دۆشینی دۆستە عەرەبەکانی بەبێ ئەوەی سوپاسگوزار بێ یان گوێ بداتە سەقامگیرکردنی ناوچەکە و بڵاوکردنەوەی بەها دیموکراتییەکان.

دەکرێ لە چاوی سەرۆک ترەمپەوە سەیری نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکرێ، کە لە چەندین وڵاتی دەوڵەمەندی وەک ئێران و عێراق و سووریادا بازاڕی ئەمەریکا لاواز بووە و بەهۆی هەژموونی ئێرانەوە دەرفەتی بزنسی گەورە بۆ کۆمپانیا ئەمەریکییەکان بوونەتە دەگمەن. خۆ کە دەرفەتی بزنسی گەورە تێیاندا هاتنە کایەوە، زۆربەی دۆلارەکان — کۆنتراکتە گەورەکان- ڕوویان لە چین و ڕووسیا و ئەورووپا کردووە. ئەوەش لە کاتێکدایە کە تەنیا لە عێراقدا ئەمەریکا زیاتر لە تریلیۆنێک دۆلاری لە ڕووخانی سەددام خەرج کرد و دواتر بە زیان لێی دەرچوو. لەوانەش زیاتر، کە باراک ئۆباما و ئەورووپییەکان ڕێککەوتننامەی ئەتۆمییان لەگەڵ ئێران واژۆ کرد، لە دوو لاوە گورز بە بزنسی ئەمەریکی کەوت. یەکەمیان، لە جیاتی ئەوەی ڕێککەوتننامەکە بە کێشە ئەمنییەکان و سنووردارکردنی نفوزی عەسکەریی ئێرانەوە ببەستنەوە، کەچی بە پێچەوانەوە ئێرانیان دەوڵەمەندتر کرد کە بتوانێ زیاتریش پەرە بە هەژموونی لە ناوچەکە بدات. دووەمیان، لە دوای هەڵگرتنی ئابلۆقەکە، هیچ کۆمپانیایەکی ئەمەریکی سوودی لە دەرفەتە بازرگانی و ئابوورییەکانی ناو ئێران وەرنەگرتووە و وەرناگرێ.

ئیتر ئامانجی سەرەکی سەرۆک ترەمپ هەڵگیرسانی شەڕ نییە و پێشتریش خوازیاری شەڕی دژی ئێران نەبووە، چونکە دەزانێ پرۆسەی شەڕ گرانبەهایە و بۆ ئابووریی وڵاتەکەی خراپە، هاوکات بۆ دووبارە هەڵبژاردنەوەی بە سەرۆک، گرەو لەسەر شەڕ ناکرێ، چونکە دەنگدەرانی ئەمەریکی دەنگ بۆ ئابووریی بەهێز دەدەن نەک بردنەوەی شەڕ. جۆرج بوشی باوک شەڕێکی گەورەی لە ساڵی 1991 لە عێراق بردەوە، کەچی بەهۆی شڵەقانی ئابووریی وڵاتەکەی، لە هەڵبژاردندا دۆڕاندی.

ئیمڕۆ ترەمپ دەتوانێ دەستپێشخەری لە شەڕێکی گەورەدا بکات، بەڵام مسۆگەر نییە کە کۆتاییهێنان بە شەڕەکە لەسەر دەستی ئەو دەبێ. ئەوەش بێجگە لەو ڕاستیەی کە تەواوی ئیدارەی ئەمەریکی و کۆنگرێس و دۆستە هاوپەیمانەکانی ئەمەریکا (بە ئیسرائیلیشەوە) شەڕ بە بژارەیەکی باش نازانن. بۆیە، بەپێی لۆژیک، جارێ دۆناڵد ترەمپ گرژییەکان تەنیا بۆ کاری پۆپۆلیستی هەڵبژاردن و ملکەچکردنی ئێران بەکاردێنێ، بەڵگەش ئەوەیە کە جووڵە سەربازییەکانی تا ئێستا لە کاری سیمبۆلی یان بەرگریکردن تێنەپەڕیون. تەنانەت کاردانەوەیەکی ئەوتۆی بۆ تەشقەڵە ئێرانییەکانیش نەبووە و هۆشداری داوەتە ڕاوێژکارە نزیکەکانی (وەک جۆن بۆڵتن) کە بە زیادەوە پاڵی پێوە نەنێن و کرژییەکان بەرەو هەڵگیرسانی شەڕ نەبەن.

بەوانەدا دیارە کە ترەمپ مەبەستی شەڕ نییە، مەگەر فیشەکە شێتەیەک- کە بە پلان یان بێ پلان- فتیلەکە داگیرسێنێ، لەو حاڵەتەشدا ڕەنگە ئەمەریکا کاردانەوەیەکی سنووورداری هەبێ. نیەتی ترەمپ زیاتر لەوە دەچێ ئێران پەلکێش بکات بۆ سەر مێزی گفتوگۆ و ڕێککەوتننامەیەکی نوێی لەگەڵدا واژوو بکات. تەنانەت ژمارە تەلەفۆنێکیشی داوەتە سویسرییەکان و سەرۆکی سویسرا (ئۆیلی مۆرەر) بۆ ئەوەی ئێرانییەکان بتوانن ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە کۆشکی سپییەوە بکەن. هەڵبەتە، ئەو تاکتیکە کە لەگەڵ کۆریای باکوور سەری گرت، لەگەڵ ئێران زەحمەتە سەر بگرێ، ئەگەرچی، سەرباری گوتە ئاگرینەکانیان، سیاسەتمەدارانی ئێرانی خەڵکی پراگماتیکن و لە هونەری سیاسەت و دینامیەتی هێزدا لێزانن. ئاشکراشە کە ئێرانییەکان لە بەرژەوەندی خۆیان نابینن، بۆیە بەدوور نازانرێ کە هەرخۆیان دەستپێشخەر بن بۆ گفتوگۆ، لەوەشدا زۆر هونەرمەندن. لە گفتوگۆکانی پێشوویاندا ئێرانیەکان سەلماندوویانە کە زیرەکن، زەحمەتن، چیرەدرێژن و لە کۆتاییدا بە دەستکەوتی نوێوە لێی دەردەچن. کۆشکی سپی ئەوە دەزانێ بەڵام بەو هیوایەیە لەونێوەدا ڕژێمی ئێران هەر لەژێر فشاری ئابووریدا لاواز ببێ و دواتر لە کۆتاییدا دوورنییە بتەپێ.

## کاردانەوەی ئێران

خەمی گەورەی ئێرانیەکان زیاتر پەیوەستە بە پاراستنی ڕژێمەکەیان کە لە مەودای کورتدا توانای خۆڕاگرتنی لە بەرامبەر ئابلۆقەی ئابووری هەیە، بەڵام لەوە ناچێ توانای خۆڕاگرتنی بەرامبەر هێرشی زلهێز هەبێ. لە مەودای درێژیشدا ترسیان لەوەیە ئەگەر ئەو ئابلۆقە توندەی ئێستا بەردەوام بێ، ئەوا ڕژێمەکەیان بکەوێتە بەر هەڕەشەی شلەقانی ناوەکی و هەڵگەڕانەوەی خەڵک و بگرە ڕووخانیشی. بۆیە ئێران لە حاڵەتی ئامادەباشیدایە بۆ هەر ئەگەرێک لە ئەگەرەکان. سەرۆک کۆمار سەرپەرشتی خانەی قەیران دەکات و کە تێیدا دیراسەتی کاریگەریە عەسکەری و ئابووریەکان و داڕشتنی سیاسەتی گشتی بۆ هەڵمەتی دیپلۆماتی و ئامادەباشییەکان دەکرێ.

هەندێک لە سەرکردەکانی ئێران بەلایانەوە باشترە هەر خۆیان دەستپێشخەری شەڕ بن و چاوەڕێی قەدەر نەکەن. جا هەر ئەو لایەنە لەدەستیان دێت فتیلی یەکەم بخەنە ناو بارووتەوە. خۆ دەزانن کە ئەمەریکا و ئیسرائیل توانای وەشاندنی گورزی کەمەرشکێنیان هەیە، بەڵام ئێرانیش تواناکانی خۆی بۆ بەرگری و دەستڕۆیشتن نیشانداوە، کە لە شەڕی مان و نەماندا دوودڵیی لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی بەردەستی ناکات. تەنانەت، ئێران وای دەردەبڕێ کە تەنیا لە ڕێگەی مووشەکی مەودای نزیک و مامناوەندییەوە دەتوانێ بە قەدەر کاریگەریی چەندین بۆمبی ئەتۆمی هێرش بباتە سەر ئیسرائیل و وڵاتە عەرەبیە نەیارەکان.

دیارە کە هەڵگرانی ئەو بۆچوونەی سەرەوە لە ئێران کەمینەن و زۆرینەیان دەیانەوێ لە شەڕ بەدوور بن. سەرباری هەندێ گوتاری ئاگرین، دیارە سیاسەتی گشتیی ئێران ئەوەیە کە پاساوی شەڕ داگیرسان بەدەستەوە نەدەن. بۆیان باشترە کە جارێ هەتا هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا ڕایکێشن، بەو هیوایەی کە ئیدارەی سەرۆک ترەمپ لەبنەڕەتەوە دەگۆڕێ. خۆ ئەگەر نەشگۆڕا، ئەوا لەوانەیە سیاسەتی خودی ئەو ئیدارەیە گۆڕانکاری بەسەردا بێت.

ئێران ڕایگەیاندووە کە تەنیا دوو مانگ چاوەڕێ دەکات و ئەگەر ئەمەریکا سیاسەتەکەی نەگۆڕی ئەوا ئەویش کۆتایی بە ڕێککەوتننامەکە دەهێنێ. هەڵبەتە ئەوە مانای بێباکی دەگەیەنێ و ئەگەری شەڕ زیاتر دەکات، بەڵام لە ڕاستیدا لەوە ناچێ ئێران ئەو هەڕەشەیە بباتە سەر، چونکە دەزانێ ئەو کات دۆستە نێودەوڵەتیەکانی لە دەست دەدات و دواتر ئیسرائیل و سعودیە و ئیمارات و وڵاتانی دیکەی ناوچەکەش پشتئەستوورتر دەبن.

بۆیە تا ئێستا ئێرانیەکان دانیان بەخۆیان و هاوپەیمانە وەکیلەکانیان لە وڵاتانی دراوسێدا گرتووە و خۆیان تا ڕادەیەک لە ورووژاندن و بەرەنگاری عەسکەریی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەمەریکا و ئیسرائیل پاراستووە. ڕێگا دیپلۆماسیەکانیان گرتووەتە بەر بۆ دروستکردنی فشار لەسەر ئەمەریکا لە ڕێگەی ئەورووپا و ڕووسیا و چین و تورکیا و عێراق و وڵاتانی دیکە. ئەوەش جگە لە هەوڵی بێوچان بۆ زیادکردنی داهات و هاتوچۆی بازرگانیی نێوان ئێران و وڵاتانی دراوسێ، هەوڵدان بۆ پشتبەخۆبەستن لە سێکتەری ئابووری جیاوازدا. تەنانەت ئێران پشتبەستنی بە نەوت تا ڕادەی 37% کەم کردووەتەوە.

## نیەتی ئیسرائیل

ئیسرائیل دەمێک بوو، بە تایبەتی لە سەردەمی جۆرج بووشی کوڕ، لۆبی بۆ لێدانی ئێران دەکرد و دواتر زۆر لە دژی ڕێککەوتننامە ئەتۆمییەکەی سەردەمی ئۆباما بوو، ئەوەش نەک تەنیا لەترسی بۆمبی ئەتۆمیی ئێرانی، بەڵکو لەبەر تەشەنەکردنی هێز و هەژموونی ئێرانی لە دەوروبەری. ئیمڕۆ توانای سەربازی (مرۆیی و چەکداری)ی هاوپەیمانە وەکیلەکانی ئێران تا ئەندازەی پەکخستنی ئیسرائیل زیاد بوونە. مووشەکە ئێرانییەکان لە کەلێنە تاریکەکانی ئەو وڵاتانەدا دڵنیایی نابەخشن. بەڵام لە ڕاستیدا لەوە ناچێ ئیسرائیل بیەوێ تووشی شەڕی ئێران ببێ، یان ئەمەریکا تووشی ئەو جۆرە شەڕە بکات، بەڵکو زیاتر مەبەستیەتی ڕەفتار و سیاسەتی ئێرانی لەناوچەکە بگۆڕێ و وازی پێ لە بەرنامەی ئەتۆمی بهێنێ.

دیارە ئیسرائیل متمانەی بە هێز و توانا موخابەراتیەکانی خۆی هەیە تا لە بەرامبەر ئێراندا شەڕ نەدۆڕێنێ، ئەگەرچی مەرج نییە هەموو ئامانجەکانی پێ بێتە دی. لە مەودای کورتیشدا لە بارودۆخەکە ڕازیە، بەڵام ترسی لە ئایندەی دوور هەیە. دەشزانێ کە شەڕ بێسوودە چونکە ئەگەر ئیمڕۆ بنکە ئەتۆمیەکانی ئێران بە بۆمبابارانیش هەڵتەکێنرێن، ئەوا بەرنامەی بۆمبی ئەتۆمی تەنیا چەند ساڵێکی کورت دوادەکەوێ و ئێران سەرلەنوێ دەستپێدەکاتەوە. ئیتر لە ڕۆژگاری ئیمڕۆدا، لەوە ناچێ ئیسرائیل شەڕی بوێ و لۆبیەکەی زیاتر بۆ تەنگەهەڵچنین بووە بە ئێران.

## عێراق و هەرێمی کوردستان

پێگەی عێراق و هەرێمی کوردستان، وەک شانۆیەکی ستراتیژی بۆ ململانێ ئیقلیمی و جیهانیەکان، زۆر گرنگ و هەستیارە و دەکرێ حکومەتەکانی بەغدا و هەولێر پەیڕەوی هەمان پۆڵەسی بکەن لەسەر بنەمای هەمان پرینسیپ.

ئەمەریکا و ئێران دەمێکە لە هەموو ئاستێکی بڕیاردا تۆڕی هاوپەیمانێتییان لەگەڵ هێزە لۆکالیەکانی عێراق بەربڵاو کردووە و لەچوارچێوەی بەرژەوەندی وڵاتەکانیانەوە هەوڵی بەکارهێنانیان داوە. لەولاوە، ئێرانییەکان خەریکی پەرەپێدانی ئاڵوگۆڕی بازرگانین لەگەڵ عێراق، بە تایبەتی لە بواری نەوت. لە بەرژەوەندیی ئەواندایە کە حکومەتی عێراق ڕازی بکەن بەوەی هەناردەی نەوت کەم بکاتەوە و ببێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و تێکدانی پلانەکانی ئەمەریکا، دواتر ببێتە هۆی کۆتاییهێنان بە ئابلۆقەکەی سەر ئێران. بە دیوەکەی دیکەشدا، ئەمەریکییەکان فشارێکی زۆریان خستووەتە سەر عێراقیەکان تا فێڵیان لێ نەکەن و ئابلۆقەکەی سەر ئێران نەشکێنن. بێگومان ئەمەریکا دەزانێ کە عێراق زۆر لاوازە و لە ژێر زێدە فشاردا سەقامگیریەکەی لەدەست دەدات و بەوەش هەر ئێران سوودمەند دەبێ. بۆیە، ئەمەریکا تا ڕادەیەک ئامادەیە فشارەکانی بۆ سەر عێراق سنووردار بکات.

لە عێراقدا، هێزە لۆکاڵیەکان چەندین بەش و لایەنن. هەیانە هەڵگیرسانی شەڕ بە دەرفەت دەزانن بۆ گۆڕینی هاوکێشەکان و ڕزگاربوون لە هەژموونی ئێران بەسەر عێراقدا، کە تا ئێستا ڕۆڵێکی دروستکەرانەی لە سەقامگیرکردنی ئەمنی و گەشەپێدانی ئابووری و سیاسی و دیموکراسی وڵاتەکەدا نەبینیوە. بێگومان ئەوانە بە گەشبینیەکی زێدەوە، بگرە بە ڕەش و سپی، دەڕواننە ئەو ململانێیەی نێوان ئێران و ئەمەریکا و وای دادەنێن کە شەڕی ئەمەریکا دەبێتە شەڕی ڕووخانی ڕژێم، یان داهێنانی نیزامێکی نوێ لە عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەو بۆچوونەش زۆر دوورە لە واقیع و لە بیرکردنەوەی ئەمەریکی و ئێرانی و ئیسرائیلی.

هێزی دیکەش هەن لە عێراق کە هاوپەیمانی ئێرانن و دواڕۆژی خۆیان لەگەڵیدا گرێداوە و دوورنییە لە کاتی شەڕی چارەنووسسازدا هاوکاریشی بکەن. هەندێکی دیکەش نیگەرانن لە سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراق، کە هێشتا ڕوون نییە و ئەوانی پێشتریش بەردەوامێتیان نەبووە. خۆ لەوە ناچێ ئیدارەی ئێستا ئەولەویەتی دابێتە دیموکراسیەت و سەقامگیرکردن، بەڵکو زیاتر لە چوارچێوەی دژایەتیی ئێراندا مامەڵەی لەگەڵ هێزە عێراقیەکان کردووە و زیاتر زمانی هەڕەشەکردن بە پەیامەکانیەوە زاڵە، کە ئەوەش زۆر جیاوازە لە سیاسەتی ئیدارەکانی پێشوو.

ئیمڕۆ چاوی جیهان لەسەر عێراقیەکانە بۆ هەر جموجوڵێکی لایەنگیرانە لەنێو هێزە ئیقلیمی و جیهانییەکاندا. خۆ لە کەشی سیاسی و ئامرازەکانی زانیاری، هیچ شتێک نەماوە لە عێراقدا کە لە ئەمەریکا و ئێران بشاردرێتەوە. واتە، بەزاندنی هەر سنوور و خەتێکی سوور لەلایەن ماسیە بچووکەکانەوە بە ئاسانی دەبینرێ و بە ورووژاندن و شەڕ پێفرۆشتن لەقەڵەم دەدرێ و سزاش بەدوای خۆیدا دێنێ. بۆیە تاکە پێشنیاز بۆ سەرکردە عێراقیەکان و ئەوانی هەرێمی کوردستان بریتییە لە پاراستنی بێلایەنی و دوورکەوتنەوە لە شەڕی حوتەکان هەتا کاتی تێپەڕبوونی ئەو گەوارەیە. گرنگە کە ڕێگە بە هیچ هێزێک نەدرێت ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ هێرش بکاتە سەر بەرژەوەندییە ئەمەریکی یان ئێرانیەکان لە ناوەوەی عێراقدا، یان لە ناو عێراقەوە بەرەو دەرەوە. ئەوکات هیچ هۆکارێک لە ئارادا نابێ کە خاکی هەرێم بکرێتە ئامانج، یان گۆڕەپانی هێرشی تێکدەری هەرلایەکیان.

> "تاکە پێشنیاز بۆ سەرکردە عێراقیەکان و ئەوانی هەرێمی کوردستان بریتییە لە پاراستنی بێلایەنی و دوورکەوتنەوە لە شەڕی حوتەکان هەتا کاتی تێپەڕبوونی ئەو گەوارەیە"

> "ئامانجی سەرەکی سەرۆک ترەمپ هەڵگیرسانی شەڕ نییە و پێشتریش خوازیاری شەڕی دژی ئێران نەبووە"

# نرخی دەرمان لە سلێمانی گران دەکرێ

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو– هەولێر**

ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان کە بەدواداچوونی بۆ نرخی دەرمان لە سنووری پارێزگای سلێمانی کردووە، دەڵێت سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان — لقی سلێمانی، نرخی دەرمانی بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزکردووەتەوە، هەڕەشەی داخستنیشی لەو دەرمانخانانە کردووە کە پابەند نابن بەو نرخەی ئەوان دایانناوە.

سۆران عومەر، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "دوای بەدواداچوون بۆمان دەرکەوت لقی سلێمانی سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان نرخی دەرمانی گران کردووە، لە سیدییەکیشدا نرخی دەرمانەکانی داوە بە هەموو دەرمانخانەکان و هەر دەرمانخانەیەکیش پابەندی ئەو نرخانە نەبێت سزای دەدەن و لەکاتی دووبارەکردنەوەشیدا دەرمانخانەکەی دادەخەن".

سۆران عومەر ئەمە بە "بازرگانی بە مرۆڤ و مژینی خوێنیان" دەزانێ و دەڵێت: "دەرمان هەیە نرخەکەی 100% زیاد کراوە. پێشتر هەر دەرمانێک قازانجی 10% بۆ 12%ی دەخرایە سەر، بەڵام بەپێی نرخە تازەکانی سەندیکا دەرمان هەیە تاوەکو 100% قازانجی خراوەتە سەر".

سۆران عومەر دەشڵێت کە وەزیری تەندروستی لەسەر ئەو بابەتە هاتووەتە دەنگ و پێیڕاگەیاندووە کە سەندیکای دەرمانسازان بۆی نییە لەسەر هەرزانیی نرخی دەرمان هیچ دەرمانخانەیەک سزا بدات، گرنگ ئەوەیە دەرمانەکە قاچاخ یان ساختە نەبێت و لەمەودوا تەندروستی سلێمانی چاودێری ئەو مەسەلەیە دەکات".

> ئەو دەرمانخانانەی دەرمان بە هەرزان دەفرۆشن دەبێ سزا بدرێن
>
> سەندیکای دەرمانسازان

بەڵام سەندیکای دەرمانسازان و بەڕێوەبەرایەتی کواڵیتی کۆنترۆڵی دەرمان، بەرگری لەو هەنگاوەی لقی سلێمانیی سەندیکای دەرمانسان دەکەن.

دکتۆر عەدنان شێروانی، جێگری سەرۆکی سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەوەی لقی سلێمانی سەندیکای دەرمانسازان کردوویەتی 100% یاساییە، ئەوان گشتاندنیان بۆ نرخی نزیکەی پێنج هەزار جۆری دەرمان کردووە کە لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە نرخاندنیان بۆ کراوە. لقی سلێمانیش بەسەر دەرمانخانەکانیدا دابەش کردووە و پێوەی پابەندی کردوون".

بەپێی قسەی دکتۆر عەدنان، هەندێک دەرمانخانە بە هەرزانکردنی نرخی دەرمان یاری بە بازاڕ دەکەن "ئەوانە بەهۆی زۆریی فرۆشی دەرمانەکانیان، هەروەها هێنانی بڕێکی زۆر دەرمان لە کۆگا و کۆمپانیاکان، 15% بۆ 20%ی دەرمانەکان بێبەرامبەر وەردەگرن، بۆیە دەرمانەکە بە نرخی کۆگا و بە هەرزان دەفرۆشن، بەڵام ئەوان قازانج لە فرۆشتنی ئەو دەرمانە دەکەن کە بێبەرامبەر وەریانگرتووە، بۆیە ئەوانە کەسانی فێڵبازن نەک خێرخواز و لە خەمی خەڵکدا بن".

جێگری سەرۆکی سەندیکای دەرمانسازان پێیشوایە ژمارەی ئەو دەرمانخانانە زۆر کەمن و دەڵێ: "لە هەرێمی کوردستان 1100 دەرمانخانە هەیە کە 300یان لە سلێمانین، نزیکەی 20 دەرمانخانە لە سلێمانی ئەو فێڵە دەکەن و پێویستە سزا بدرێن، چونکە بازاڕی دەرمانیان شێواندووە".

کواڵیتی کۆنترۆڵی دەرمان کار لەسەر دانانی نرخی دەرمانەکان دەکات. عیسا عەبدولڕەحمان، گوتەبێژی کواڵیتی کۆنترۆڵی دەرمان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئێمە لەڕێگەی لیژنەیەکی دەرمانسازی 7 کەسییەوە لە هۆبەی نرخ دانانەوە، ئەو نرخانە دادەنێین کە سەندیکای دەرمانسازان– لقی سلێمانی لەڕێگەی سیدییەکەوە دابوویان بە دەرمانخانەکان".

سەبارەت بە گرانکردنی نرخی دەرمانیش، گوتەبێژی کواڵیتی کۆنترۆڵی دەرمان گوتی: "ئەو پەرلەمانتارە لە بابەتەکە تێنەگەیشتووە، هیچ دەرمانێک گران نەکراوە، بەڵکو هەندێک دەرمان نرخەکەی 100% یان 50% دابەزیوە، ئێمە حیسابمان بۆ کۆمپانیا و کۆگا و دەرمانخانە و نەخۆشیش کردووە".

بەڵام بەپێی ئەو لیستی نرخەی کە سەندیکا بۆ دەرمانخانەکانی ناردووە و کۆپییەکی دەست (ڕووداو) کەوتووە و ناوی 101 دەرمانی تێدایە، سەرجەم دەرمانەکانی نێو لیستەکە نرخیان گران کراوە.

عیسا عەبدولڕەحمان دەڵێ: "هەندێک دەرمانخانە شوێنەکە و کارمەندەکە هی خۆیەتی، کڕیاری زۆریشیان هەیە. هەروەها گرێبەستێکی ناشەرعییان لەگەڵ کۆگا و کۆمپانیاکە هەیە، ئۆردەرێکی گەورەیان پێدەدەن و شیرینی باش وەردەگرن، بۆیە بە نرخێکی کەمتر دەرمانەکە دەفرۆشن، ئەمەش دەبێتە هۆی قۆرخکردنی بازاڕ، بۆیە کواڵیتی کۆنترۆڵ دەیەوێت لەڕێگەی دانانی نرخەوە ڕێگە لەو قۆرخکارییە بگرێت و لە هەموو دەرمانخانەیەک یەک نرخ بۆ دەرمان هەبێت".

کواڵیتی کۆنترۆڵی دەرمان پێیوایە بڕیارەکەی لقی سلێمانی سەندیکای دەرمانسازان نایاسایی نییە. عیسا عەبدولڕەحمان گوتی: "ئەمە هەنگاوی یەکەمە بۆ ئەوەی نرخی دەرمان ڕێکبخرێتەوە و یەک نرخی لە بازاڕ دروست ببێت کە ماوەی زیاتر لە دوو ساڵە زۆر بەجدی کاری لەسەر دەکەین. دەشمانەوێت نرخی دەرمانەکە لەسەر ستیکەر دابنێین، بەڵام دەرمانخانەکان پابەند نابن پێوەی. هەروەها چاودێریش لەسەر نرخی دەرمان وەکو پێویست نییە، بۆیە پێویستە لیژنەیەکی هاوبەش هەبێت بۆ یەکخستنی نرخی دەرمان".



| | دەرمان | نرخی پێشوو | نرخی ئیستای سەندیکا |
|---|---|---|---|
| 1. | Combisar tab 160mg/5mg bilim | 13500 | 19500 |
| 2. | Exforge 10mg/160mg | 34000 | 51000 |
| 3. | Exforge 5mg/160mg | 34000 | 42000 |
| 4. | Exforge HCT 10mg/160mg/12.5mg | 36000 | 55000 |
| 5. | Exforge HCT 10mg/160mg/25mg | 36000 | 48500 |
| 6. | Vastarel tab | 15000 | 18000 |
| 7. | Tenvia plus 80mg/12.5mg | 13500 | 17000 |
| 8. | Diovan 160mg | 20000 | 28500 |
| 9. | Co-diovan 160mg/12.5mg | 20000 | 28500 |
| 10. | Co-diovan 160mg/25mg | 20000 | 28500 |
| 11. | Co-diovan 80mg/12.5mg | 15000 | 19500 |
| 12. | Covas H 16mg/12.5mg | 14500 | 18500 |
| 13. | Losar-denk 50mg | 7000 | 12000 |
| 14. | Losar-denk 50mg/12.5mg | 7750 | 12000 |
| 15. | Losar-denk 100mg | 11000 | 13500 |
| 16. | Betaloc 50mg | 10000 | 13000 |
| 17. | Betaloc 100mg | 16000 | 21000 |
| 18. | Coronis 6.25mg | 4500 | 6000 |
| 19. | Coronis 12.5mg | 5000 | 6750 |
| 20. | Tenormin 50mg | 11500 | 14000 |
| 21. | Tenormin 100mg | 10000 | 12000 |
| 22. | Telmodip 80mg/10mg | 16000 | 20000 |
| 23. | Telmodip 80mg/5mg | 13000 | 16250 |
| 24. | Tiara trio 5mg/12.5mg/160mg | 17000 | 28500 |
| 25. | Potenza 160mg/12.5mg/5mg | 22000 | 27000 |
| 26. | Arbiten 160mg/12.5mg | 12750 | 15750 |
| 27. | Arbiten 160mg/25mg | 15750 | 16750 |
| 28. | Candesartan 8mg Atb | 9000 | 14000 |
| 29. | Candesartan 16mg Atb | 14000 | 19000 |
| 30. | Ayra 8mg | 11000 | 14500 |
| 31. | Ayra 16mg | 16500 | 22000 |
| 32. | Ayra 16 plus | 17750 | 22500 |
| 33. | Atacand 8mg | 19000 | 25000 |
| 34. | Atacand 16mg | 25000 | 33000 |
| 35. | Atacand 16 plus | 25000 | 33000 |
| 36. | Lisi TAD HCT 10mg/12.5mg | 9000 | 11500 |
| 37. | Coveram 5mg/5mg | 25000 | 29000 |
| 38. | Coversyl 5mg | 12750 | 14500 |
| 39. | Coversyl 10mg | 12750 | 14500 |
| 40. | Coversyl 10mg/2.5mg | 19500 | 23250 |
| 41. | Glyceryl trinitrate 500mcg bristol | 10000 | 12000 |
| 42. | Galvus met 50mg/850mg | 42000 | 46500 |
| 43. | Galvus met 50mg/1000mg | 43000 | 46500 |
| 44. | Janumet | 52000 | 66000 |

# بۆ ئەم شوێنانەی جەستە دژەخۆر لەبیر مەکە

**ڕووداو — وەمەنز هێڵس**

گەرمای هاوین دەبێتە هۆی ئارەقەکردنی زۆر، ئەمەش وشکبوونەوەی پێستی لێدەکەوێتەوە. بۆ دووربوون لەم گرفتە دەبێ بەردەوام ئاو بخۆیتەوە، بەڵام یەکێکی دیکە لە گرفتەکانی وەرزی هاوین ئەوەیە تیشکی خۆر بەر پێست دەکەوێت و مەترسیی سووتان و گرفتەکانی دیکەی پێست زیاد دەکات، بۆ ڕێگەگرتن لەمەش پزیشکانی پسپۆڕی پێست هەمیشە ڕێنمایی دەدەن کە دژەخۆر بەکاربهێنرێ. دکتۆر دێبرا جالیمان، پسپۆڕی پێست لە زانکۆی ئیکان دەڵێت: "زۆر جار خەڵکی دژەخۆر تەنیا بۆ ڕوخساریان بەکاردەهێنن، بەڵام هەندێک شوێنی دیکە لە جەستەمان هەن کە ئەوانیش دەبێت دژەخۆریان لێبدرێت، ئەگەرنا لە مەترسییەکانی تیشکی خۆر بەدوور نابین". پسپۆڕەکەی پێست ئەو شوێنانە دەستنیشان دەکات کە پێویستە دژەخۆریان لێ بدرێ:



## پێڵووی چاوەکان

هەروەک چۆن کەسێک دژەخۆرەکە لە ڕوخسار دەدات، دەبێت لە پێڵووی چاوەکانیشی بدات، چونکە ئەگەر پێڵووی چاوەکان و پێستی ژێر چاو تیشکی خۆریان بەرکەوێت، چرچ و لۆچی دەکات و هۆکارێکی پیربوونی پێشوەختەیە، بەڵام دەبێت بە ئاگادارییەوە دژەخۆر بدەی لەو شوێنە، بۆ ئەوەی مەترسیی لەسەر چاوەکانت دروست نەبێت.

## پشتە دەست

توێژینەوەیەکی زانکۆی تێکساس دەریخستووە، بەرکەوتنی تیشکی خۆر بە پێستی پشتە دەست، مەترسیی شێرپەنجەی پێست دروست دەکات، ئەم جۆرە شێرپەنجەیەی پێست خێراتر بڵاودەبێتەوە، بۆیە باشترین ڕێگە بۆ کەمکردنەوەی ئەو مەترسییە، لێدانی دژەخۆرە لە پێستی پشتە دەست.

## لێو

ئەو پێستەی لێو دادەپۆشێت، بڕێکی کەمی میلانینی تێدایە، بۆیە تیشکی خۆر زۆر بە ئاسانی دەتوانێت زیان بەو پێستە بگەیەنێت، کەواتە گرنگە بۆ لێوەکانیش دژە خۆری تایبەت بەکاربهێنی بۆ ئەوەی مەترسیی شێرپەنجەی لێو کەم بکاتەوە.

## گوێیەکان

ئەگەری سەرهەڵدانی شێرپەنجەی پێست لە پێستی گوێیەکانیش بەهۆی بەرکەوتنی تیشکی خۆر ئەگەرێکی زۆرە، بۆیە کاتێک دژە خۆر لە پێستت دەدەی، نابێت پێستی گوێیەکان لەبیر بکەی.

## حەوت سوودی خورما

# ڕۆژانە لە سێ دەنک خورما زیاتر مەخۆ



**ڕووداو– برایت سايد**

خورما دەوڵەمەندە بە ڕیشاڵ و شەکری سروشتی، بەمەش دەبێتە جێگرەوەیەکی باشی شەکری دەستکرد و چەندین سوودیشی هەن. هەرچەندە زێدەڕۆیی لە خواردنیدا سوودەکانی پێچەوانە دەکاتەوە، بۆیە پسپۆڕانی خۆراک ڕێنمایی دەدەن کە ڕۆژانە سێ دەنک خورما بەسە بۆ ئەوەی کاریگەرییە ئەرێنییەکانی لەسەر جەستە دەربکەون، د.جولی ڕۆبنسۆن، پسپۆڕی خۆراک لە زانکۆی داکۆتا لە ماڵپەڕی برایت سايد لەبارەی سوودەکانی خورما نووسیویەتی و ئەم خاڵانەی خستووەتەڕوو:

### – دڵ دەپارێزێ:

خورما ئاستی چەوریی سیانی لە خوێندا کەمدەکاتەوە کە بەرزبوونەوەی ئەم چەورییە ڕێگە خۆش دەکات بۆ تووشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ، هەروەها خورما بەهۆی دەوڵەمەندی بە پۆتاسیۆم پەستانی خوێن ڕێکدەخات، بەمەش مەترسیی جەڵتە کەم دەکاتەوە.

### – گوشاری دەروونی و خەمۆکی ناهێڵێ:

خورما ڕێژەیەکی زۆری ڤیتامین B6ی تێدایە، ئەم ڤیتامینەش بۆ تەندروستی دەمارەخانەکان پێویستە و هانی دروستکردنی هۆرمۆنی سیرۆتۆنین دەدات کە بە هۆرمۆنی دڵخۆشی دەناسرێت، بەم میکانیزمەش ئەگەری خەمۆکی و گوشاری دەروونی کەمدەکاتەوە.

### – ئەگەری شێرپەنجەی کۆڵۆن لاواز دەکات:

خورما کۆئەندامی هەرس بەگشتی و کۆڵۆن بەتایبەتی لە زیانەکانی بەکتریا زیانبەخشەکان دەپارێزێت. توێژینەوەکان دەریانخستووە ئەوانەی خورما دەخۆن یارمەتی گەشەی بەکتریا سوودبەخشەکان دەدەن و مەترسی سەرهەڵدانی خانە شێرپەنجەییەکانی کۆڵۆن کەم دەکەنەوە.

### – وزەیەکی زۆر بە جەستە دەدات

خورما بە شەکری سروشتی دەوڵەمەندە، دەتوانرێت وەک سەرچاوەیەکی وزە بۆ جەستە بەکاربهێنرێت لەجیاتی شەکرە دەستکردەکان.

### – نۆرەکانی هەستیاری کەمدەکاتەوە:

بۆ ئەو کەسانەی لەگەڵ گۆڕینی وەرزەکان تووشی هەستیاری دەبن، دەتوانن سوود لە خورما وەربگرن بۆ ئەوەی نۆرەکانیان کەمبکاتەوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی خورما میکانیزمەکانی هەوکردن لە جەستەدا کەمدەکاتەوە.



### – بەهێزکردنی ئێسکەکان:

خورما دەوڵەمەندە بە فۆسفۆڕ، پۆتاسیۆم، کالیسیۆم و مەگنیسیۆم، بەمەش یارمەتی بەهێزکردنی ئێسکەکان دەدات، بەتایبەت بۆ بەتەمەنەکان، چونکە لەگەڵ هەڵکشانی تەمەندا، مەترسیی پووکانەوەی ئێسکەکانیش زیاد دەکات.

### – کۆئەندامی هەرس چالاک دەکات:

ڕیشاڵەکانی نێو خورما هۆکارن بۆ چالاکبوونی کۆئەندامی هەرس و قەبزی ناهێڵن، توێژینەوەکانیش دەریانخستووە ئەوانەی خورما دەخۆن کۆئەندامی هەرسیان تەندروستتر و چالاکترە.

ئەوروپییەکان تیرۆر بە گەورەترین هەڕەشە دەزانن

## هەڵبژاردنی یەکێتیی ئەوروپا..

# چاکسازی نەک پۆپولیزم



له هەڵبژاردنی پەرلەمانی یەکێتیی ئەوروپادا زیاتر لە 400 ملیۆن دەنگدەر مافی بەشدارییان هەیە

**رووداو- هەولێر**

لە دوایین هەفتەی ئەم مانگەدا، هەڵبژاردنی پەرلەمانی یەکێتیی ئەوروپا بەڕێوەدەچێ کە تێیدا پرسی مانەوەی یەکێتیی ئەوروپا بەو فۆرمەی ئێستای، کۆچبەران، سەرهەڵدانەوەی ناسیۆنالیزم، بەهێزبوونی رادیکاڵیزمی ئیسلامی و بارودۆخی ئابووریی ئەوروپا، مێشکی دەنگدەرە ئەوروپییەکان داگیر دەکەن.

### هەڵبژاردن لە سەردەمی برێگزت و پۆپولیزمدا

هەڵبژاردنەکانی رۆژانی 23 هەتا 26ی پەرلەمانی ئەوروپا یەکەم هەڵبژاردنی گشتیی ئەوروپین کە دوای برێگزت و سەرکەوتنی پارتە پۆپۆلیست و ئەنتی ئەوروپییەکان بەڕێوەدەچێت (نۆ حکومەتی ئەوروپی پارتی دژە یەکێتیی ئەوروپی تێدایە). بۆیەش زۆربەی چاودێران چاوەڕێ دەکەن سەرکەوتنی پۆپۆلیست و ئەنتی ئەوروپییەکان لە ئاستە نیشتمانییەکە رەنگدانەوەی لە دەنگەکانیان لە هەڵبژاردنە ئەوروپییەکەشدا هەبێ.

راپۆرت و راپرسییەکی هاوبەشی ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەوروپا (ECFR) و کۆمپانیای بەریتانی (YOUGOV) دەریدەخات هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە ئاڵۆزترن لەوەی لە ململانێی نێوان ئەو دوو بەرەیەدا کورت بکرێنەوە.

### داتاکان

یەکێتیی ئەوروپا زیاتر لە 400 ملیۆن دەنگدەری هەیە، لەو ژمارەیە 43% بڕیاریان داوە دەنگ بدەن، 57%کەی دیکەش ئەگەری یەکجار کەمە بەشداری بکەن. 15% بۆ 30%ی ئەوانەی دەنگدەدەن، هێشتا یەکلانەبوونەتەوە دەنگیان بۆ کێ دەبێ. 97 ملیۆن کەس لە هەڵبژاردنی ئەمجارە دەنگ بە لایەنێکی دیکە دەدەن. لە وڵاتانێکی وەکو ئەڵمانیا، فەرەنسا، دانیمارک و هەنگاریا 6% بۆ 7%ی دەنگدەرانی پارتە نەریتییەکان بیر لەوە دەکەنەوە دەنگ بە پارتە پۆپۆلیستەکان بدەن، 6%یش لە دەنگدەرانی پارتە پۆپۆلیستەکان دەنگ بۆ پارتە نەریتییەکان دەدەن.

### یەکێتیی ئەوروپایەک بە گۆڕانکارییەوە

بەپێچەوانەی زۆربەی چاوەڕوانییەکان، لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا ململانێ لە نێوان لایەنگران و دژبەرانی یەکێتیی ئەوروپادا نابێ. وەک لە راپۆرتەکەدا هاتووە، تەنانەت پارتە بە رواڵەت دژە ئەوروپییەکانیش لەدوای هاتنە سەر دەسەڵات وازیان لە ئەجێندای هەڵوەشاندنەوە یان لاوازکردنی یەکێتیی ئەوروپا هێناوە، لە بری ئەوە هەوڵی دانانی بناغەیەکی نوێ بۆ پەیوەندیی نێوان وڵاتانی ئەندام و یەکێتیی ئەوروپادا دەدەن.

راپرسییەکە دەریدەخات ئەوەی ئەوروپییەکان دەیانەوێ پارتە پۆپۆلیستەکان نییە، بەڵکو گۆڕانی سیستەمی کارەکانی یەکێتیی ئەوروپایە. تەنیا 25%ی بەشداربووانی راپرسییەکە پێیانوایە شوناسی ئەوروپی هێندەی شوناسە نیشتمانییەکەی خۆیان گرنگ نییە. لە وڵاتێکی وەک هەنگاریا زیاتر لە 60%ی خەڵک پێیانوایە شوناسە ئەورپییەکەیان هێندەی شوناسە هەنگارییەکەیان گرنگە. لەلایەکی دیکەشەوە لە دانیمارک نزیک 40%ی خەڵک رایان وایە شوناسە ئەوروپییەکە هێندەی شوناسە نیشتمانییەکەیان گرنگ نییە.

راپرسییەکان دەریدەخەن خەڵکی ئەوروپا، یەکێتیی ئەوروپا بە بەشێک لە سیستەمی حوکمڕانی وڵاتەکەی خۆیان دەزانن، بەڵام بەشێک لە بەشداربووان پێیانوایە یاساکانی یەکێتییەکە بەربەستی بۆ پێشکەوتنی وڵاتەکانیان دروستکردووە، بەشێکی دیکەش (وەکو پۆڵەندا، هەنگاریا، رۆمانیا و ئیسپانیا) جەخت دەکەنەوە یەکێتیی ئەوروپا لە زێدەڕۆیی و فەشەلی حکومەتەکانی خۆیان دەیانپارێزێ.

### کۆچبەران کێشە گەورەکەی دەنگدەران نابێ

یەکێک لەو پرسیارانەی لە بەشداربووانی راپرسییەکە کراوە ئەوەیە گەورەترین مەترسیی سەرولاتەکان و یەکێتیی ئەوروپا بە گشتی چییە، بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەش حەوت بژاردە خراوەتە بەردەستی وەڵامدەرەوەکان، واتە کۆچبەران، ناسیۆنالیزم، ئیسلامییە رادیکاڵەکان، رووسیا، ئابووری، گۆڕانی کەشوهەوا و ئەوانی دی.

بەگوێرەی راپۆرتەکە هەنگاریا تاکە وڵاتە کە تێیدا دەنگدەران پێیانوایە کۆچبەران هەڕەشەی یەکەمە لەسەر وڵاتەکەیان. لە هیچکام لە وڵاتانی دیکە کۆچبەران تەنانەت بە دوو هەڕەشەی یەکەمی سەر وڵاتەکانیش لە قەڵەم نادرێن.

راپرسییەکە دەنگدەرانی بەسەر دوو بەرەی لایەنگر و دژبەری ئەوروپادا دابەشکردووە، لە دەنگدەرە دژەئەوروپییەکاندا، نزیکەی 26% پێیانوایە کۆچبەران مەترسیین لەسەر وڵاتەکەیان، لە بەرەی لایەنگرانی یەکێتیی ئەوروپاش تەنیا 11% کۆچبەران بە هەڕەشە دەزانن، بەو پێیەش 18%ی بەشداربووانی راپرسییەکە کۆچبەر بە هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر وڵاتەکەیان لەقەڵەمدەدەن.

ئیسلامییە رادیکاڵەکان ئەو هەڕەشەیەن کە هەردوو بەرەی لایەنگر و دژبەرانی یەکێتیی ئەوروپا بە هەڕەشە هەژماری دەکەن. بەشێوەیەکی گشتی نزیک 24%ی خەڵکی ئەوروپا پێیانوایە تیرۆریزم و ئیسلامی رادیکاڵ مەترسییە بۆ سەر وڵاتەکەیان.

هەڵکەوتنی جیۆپۆلیتیکی وڵاتەکانیش رۆڵی لەوە هەیە خەڵکی وڵاتان چی بە مەترسی بزانن. خەڵکی وڵاتانی رۆژهەڵاتی و باکووری رۆژهەڵاتی ئەوروپا، رووسیا بە مەترسییەکی گەورە دەزانن، لەوانەش رۆمانیا، پۆڵەندا، دانیمارک و سوید. بەشێوەیەکی گشتی 5%ی ئەوروپییەکان وەک هەڕەشە سەیری رووسیا دەکەن.

لە ساڵی 2015ەوە ناوەندەکانی میدیا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئەوروپا کۆچبەر وەک مەترسییەکی گەورە دەبینن، بەڵام راپرسییەکەی (ECFR) و (YOUGOV) دەریدەخات لەو وڵاتانە زیاتر نیگەرانی ئاستی گەندەڵی و ناکارامەیی حکومەتەکانیانن، نەک کۆچبەران.

لە وڵاتێکی وەکو پۆڵەندا کە حکومەتێکی راستڕەویشی هەیە 19%ی خەڵک گەندەڵی بە مەترسی یەکەم دەزانن و تەنیا 7%یان وەک هەڕەشەی یەکەم لە کۆچبەران دەڕوانن. جیا لەمە لە پۆڵەندا رێژەی ئەو خەڵکەی بە هاتنی کۆچبەران نیگەرانن 27%یە.

### بۆچی یەکێتیی ئەوروپات دەوێ؟

یەکێتیی ئەوروپا کۆمەڵێک دەستکەوتی بۆ خەڵکی 28 وڵاتی ئەندامی هەبووە، لەوانەش گەشتی ئازادانە و بێ ڤیزا، دراوی هاوبەش، دروستکردنی بەرەیەکی هاوبەش بۆ رکابەریی زلهێزە ئابوورییەکانی وەک چین و ئەمریکا و پەرەپێدانی دیموکراسی و سەروەریی یاسا.

بەپێی راپرسییەکە زۆربەی خەڵک نیگەرانن لەوەی ئەگەر یەکێتیی ئەوروپا هەڵوەشێتەوە بازاڕی یەکگرتوو و هاتوچۆی ئازادانە لە نێوان وڵاتانی ئەوروپا نەمێنێ. خەڵکی رۆمانیا، پۆڵەندا و هەنگاریا نیگەرانن لەوەی بە نەمانی یەکێتیی ئەوروپا ئاستی دیموکراسی، سەروەری یاسا دابەزێ.

دانیشتووانی زلهێزە ئابوورییەکانی ئەوروپا وەکو ئەڵمانیا، فەرەنسا، ئیتاڵیا، ئیسپانیا و نەمسا پێیانوایە یەکێتیی ئەوروپا توانای ئەوەیان پێدەدات پێکەوە بەرەنگاری سیاسەتە ئابوورییەکانی ئەمریکا و چین ببنەوە.

هیچ هەڵبژاردنێکی پەرلەمانی یەکێتیی ئەوروپا هێندەی ئەمجارە ئەوروپی نەبووە، لەبەر ئەوەی بەپێی راپرسییەکان چاوەڕێ دەکرێ بەرەی پۆپۆلیستەکان کە دژی یەکێتیی ئەوروپان زیاتر لە 30%ی دەنگەکان بەدەست بهێنن، کە ئەگەر بەرە پێکبهێنن دەبنە گەورەترین بەرەی پەرلەمانی ئەوروپا.

لە رۆژی 23ی ئایار هەردوو وڵاتی هۆڵەندا و بەریتانیا دەنگدەدەن، رۆژی دواتر کۆماری ئیرلەندا و کۆماری چیک دەنگدەدەن، لە رۆژی سێیەمدا لاتڤیا، ماڵتا و سلۆڤاکیا دەنگی خۆیان دەخەنە سندوقەوە و وڵاتەکانی دیکەش لە رۆژی 26ی مانگ دەچنە سەر سندوقەکان.

لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی یەکێتیی ئەوروپادا یاسای هەڵبژاردنی وڵاتەکان باڵادەستە، لەوانەش تەمەنی دەنگدان و سیستەمی دەنگدانی (لیستی داخراو یان کراوە). ئەنجامی هەڵبژاردنەکانیش کاژێر 12ی شەو بە کاتی هەولێر رادەگەیێنرێ.

# ترەمپ نایەوێ لە ئێـ



ترەمپ لە راوێژکارەکانی بێ ئومێد بووە و پێیوایە تووشی

**رووداو- هەولێر**

نزیک دوو هەفتەیە جموجۆڵە سەربازی و هەواڵگرییەکان لە کەنداو زیادیان کردووە، راوێژکارانی کۆشکی سپی و بەرپرسانی هەواڵگری و سەربازیی ئەمریکا باسی هەڕەشەی ئێران لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەکەن، بەڵام سەرۆکی ئەمریکا پێیوایە راوێژکارەکانی دەیانەوێ پەلکێشی شەڕی بکەن.

### بەزمەکە لە کوێوە دروست بوو؟

رۆژی حەوتی ئایار مایک پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا گەشتەکەی بۆ ئەڵمانیا هەڵوەشاندەوە و بە سەردانێکی چاوەڕواننەکراو گەیشتە بەغدا. بەگوێرەی راپۆرتێکی (رۆیتەرز)، گەشتەکەی پۆمپیۆ دوای ئەوە بوو کە هەواڵگریی ئەمریکی بە کۆشکی سپی راگەیاندووە میلیشیا شیعەکانی عێراق هاوەنیان لە نزیک بنکەیەکی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق جێگیر کردووە.

کاربەدەستێکی سەربازیی عێراق بە ئاژانسەکەی راگەیاندووە "پەیامی ئەمریکییەکان روون بوو، ئەوان دەیانویست عێراق رێگری لەو گروپانە بکات کە هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەکەن. ئەوان گوتیان ئەگەر لەسەر خاکی عێراق هێرش بکرێتە سەر ئەمریکییەکان، ئەوە ئەوانیش (واتە ئەمریکییەکان) بێ هاوئاهەنگی لەگەڵ عێراق بەرگری لە خۆیان دەکەن".

رۆژێک پێش سەردانەکەی پۆمپیۆ بۆ بەغدا، کۆشکی سپی بڕیاری دابوو کەشتی فڕۆکەهەڵگری ئابراهام لینکۆڵن رەوانەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بکات. سێ بەرپرسی واشنتن بە رۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکییان راگەیاندووە، هەواڵگریی ئەمریکا وێنەی کۆمەڵێک بەلەمیان بۆ کۆشکی سپی ناردبوو کە لە کەنداو دەسووڕانەوە و مووشەکیان بەسەرەوە بووە، ئەوەش ترسی ئەوەی دروستکردبوو کە هێزەکانی ئێران دەشێ لە کەشتییەکانی ئەمریکا بدەن.

### لێکەوتەکان

هەفتەی رابردوو ئیمارات، سعوودیە و نەرویج نەتەوە یەکگرتووەکانیان ئاگادار کردەوە کە کەشتییە بازرگانییەکانیان لە سنوورە ئاوییەکانی ئیماراتدا کراونەتە ئامانج و زیانیان پێگەیشتووە. لە ئاگادارکردنەوەکەدا هیچ وڵات یان لایەنێک بە گومانلێکراوی هێرشەکان ناوزەد نەکراوە.

رۆژی سێشەممە، واتە دوو رۆژ دوای هێرشی سەر کەشتییەکان، حکومەتی سعودیە رایگەیاند کە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان دوو وێستگەی دەرهێنانی نەوتی سعوودیەیان کردووەتە ئامانج و دواتریش هێزە شیعەکانی حووسی لە یەمەن بەرپرسیارێتی هێرشەکەیان گرتە ئەستۆ.

بەڵام کاریگەریی گرژییەکان تەنیا لە کەنداو نەمانەوە. رۆژی چوارشەممە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا داوای لە ستافە ئاسایی وڵاتەکەی لە باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا و کونسوڵخانەی ئەو وڵاتەکە هەولێر کرد عێراق جێبهێڵن، هاوکات داوای لە ستافی دیپلۆماسی وڵاتەکەی لە لوبنان و ئیمارات کرد زۆر دەرنەکەون. هەردوو حکومەتی ئەڵمانیا و هۆڵەنداش رایانگەیاند مەشقە سەربازییەکانیان لە عێراق و هەرێمی کوردستان هەڵدەپەسێرن.

### ناکۆکییەکانی ناو ئیدارەی ئەمریکی

یەکەم ناکۆکییەکان لەو رۆژە دەرکەوتن کە وێنە هەواڵگرییەکان رەوانەی کۆشکی سپی کران. بەگوێرەی راپۆرتێکی (تایمز)ی ئەمریکی ناکۆکییەکان پەیوەندییان بە دوو پرسی سەرەکییەوە هەبوو، یەکەمیان ئاستی هەڕەشەکان و نیازی ئێران و دووەمیان هەنگاوی داهاتووی ئەمریکا بووە. بەرپرسێکی باڵای ئەمریکیش پێیوایە کشاندنەوەی بەشێک لە ستافە دیپلۆماسییەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان زێدەڕۆییە.

بەگوێرەی راپۆرتەکە بەرپرسانی سەربازیی ئەمریکا لە سەرەتادا قەناعەتیان بەوە نەکردووە کە هەڕەشەکانی ئێران لە کەنداو رووی لە زۆربوونە، بۆیەش هەواڵگری وێنەی ئەو بەلەمە ئێرانیانەیان بۆ دەنێرێ کە مووشەکیان لەسەرە. بەو حاڵەشەوە ژمارەیەک لە کۆنگرێسمانەکانی ئەمریکا پێیانوانەبووە ئێران خەریکی هەڕەشەی نوێ بێ.

لە لوتکەی ناکۆکییەکاندا دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا دێ کە ساڵی رابردوو کشانەوەی وڵاتەکەی لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی نێوان ئێران و گروپی 5+1 راگەیاند. ژمارەیەک بەرپرسی ئاگاداری ئەمریکی بە رۆژنامەی (واشنتن پۆست)ی ئەمریکییان راگەیاندووە ترەمپ لە راوێژکارە باڵاکانی خۆی بێئومێد بووە و پێیوایە راوێژکارەکانی خەریکن تووشی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئێرانی دەکەن، لە کاتێکدا ترەمپ گفتوگۆی راستەوخۆ لەگەڵ ئێرانییەکانی دەوێ.

کاربەدەستێکی ئەمریکی لەوبارەوە بە (پۆست)ی گوتووە: "ترەمپ گفتوگۆ لەگەڵ ئێرانییەکان و رێککەوتنێکی دەوێ. ئەو لەگەڵ باس و خواستی گۆڕینی رژێمدا ئاسوودە نییە". جەختی لەوەش کردووەتەوە هەڵوێستی ترەمپ و جۆن بۆڵتن، راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی کۆشکی سپی لەو بارەوە جیاوازە. بەرپرسێکی باڵای کۆشکی سپیش ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە ئەگەر ئێران "جووڵەیەکی گەورە" نەکات، ترەمپ بەتوندی وەڵامیان ناداتەوە.

سەرۆکی ئەمریکا لە تویتێکی رۆژی چوارشەممەیدا "شەڕی نێوخۆ"ی کۆشکی سپی رەتکردەوە، بەڵام نەیشاردەوە جیاوازی بۆچوون هەیە. لە تویتەکەی ترەمپدا هاتووە "هیچ شەڕێکی نێوخۆ لە ئارادا نییە، بۆچوونە جیاوازەکان دەخرێنەڕوو و من بڕیاری یەکلاکەرەوە و کۆتایی دەدەم. دڵنیام ئێران بەمزووانە خوازیاری گفتوگۆ دەبێ".

### ئەوروپییەکان خۆیان دوور دەگرن

ناوەڕاستی هەفتەی رابردوو، پۆمپیۆ لە بروکسڵ لەگەڵ بەرپرسانی باڵای وڵاتانی ئەندامی یەکێتیی ئەوروپا کۆبووەوە. لە کۆبوونەوەکەشدا زانیاری لەبارەی هەڕەشەکانی ئێران خستووەتە بەردەستی ئەوروپییەکان، لەوانەش هێرشەکانی سەر کەشتییە بازرگانییەکان لە کەنداو، بەڵام لێدوانی بەرپرسانی یەکێتیی ئەوروپا دەریدەخات ئەوان دەیانەوێ لە

# کامیرۆن.. گۆڕەپانی شـ

**رووداو- هەولێر**

وڵاتەکە ناوی ئەمبەزۆنیایە، زیاتر 20 گروپی جوداخوازی تێدایە کە دەیانەوێ ناوچەی خۆیان لە کامیرۆن جیابکەنەوە و دەوڵەتێکی نوێ دروستبکەن. شەڕی ئەمبەزۆنیا لە بنەڕەتدا شەڕی شوناسی زمانی و کولتوورییە کە لە نیو دەیەی رابردوودا پەرەی سەندووە.

### لە پۆلەکانی خوێندنگەوە بۆ مەیدانەکانی شەڕ

دۆخی ناوچە ئینگلیزیزمانەکانی کامیرۆن لە ساڵی 2016 تێکچوو، کاتێک مامۆستا و پارێزەرانی هەردوو هەرێمی باکووری رۆژئاوا و باشووری رۆژئاوای کامیرۆن لەدژی پرۆگرامی خوێندن و سیستەمی دادوەریی حکومەتی فەرنسیزمانی کامیرۆن رژانە سەر شەقامەکان. ئەوکات باسی سەربەخۆیی زۆر کز بوو.

بەڵام رەوشەکە لە کۆتایی 2017 گۆڕا. پۆڵ بیا کە لە ساڵی 1982ەوە سەرۆکی کامیرۆنە، بڕیاری دا بە توندی بەرپەرچی خۆپیشاندەران بدرێتەوە. بەگوێرەی راپۆرتێکی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی، دەستوەشاندنی حکومەت و توندوتیژییەکانی دواتر، کاریگەری گەورەی لەسەر ناوچە ئینگلیزیزمانەکان داناوە، بە جۆرێک لە 20 مانگی رابردوودا زۆربەی خوێندنگاکان داخراون، 170 گوند وێرانکراون، 530 هەزار کەس لەناوخۆی کامیرۆن ئاوارە بوون و 35 هەزار کەسیش رایانکردووە بۆ نایجیریا.

ئەو دوو ناوچەیە 20%ی ئابووریی کامیرۆن پێکدەهێنن، هەتا ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی گشتگیر لەبارەی قەبارەی زیانە ئابوورییەکانی ئەو شەڕە نەکراوە، بەڵام ئەنجوومەنی فەرمانبەرانی کامیرۆن (GICAM) مەزەندە دەکات بەهۆی شەڕەوە 410 ملیۆن دۆلار زیان بەر ناوچەکان کەوتبێ، 6400 کەس هەلی کاریان لە کیس چووبێ.

لە کۆتایی 2017 وە باری نائاسایی بەسەر ناوچە ئینگلیزیزمانەکاندا سەپێنراوە، حکومەت هەزاران سەرباز، پۆلیس و هێزی تایبەتی بۆ ناوچەکانی باکووری رۆژئاوا و باشووری رۆژئاوا رەوانە کردووە. هەرچەند ئەو هەنگاوە زیانی گەورەی بە گروپە جوداخوازەکان گەیاندووە، بەڵام حکومەت نەیتوانیوە کۆنترۆڵی تەواوی شارۆچکەکان بکات.

ئێستا خەڵکی هەردوو ناوچەکە کە بە ناوچەی کامیرۆنی باشووریش ناسراوە، لە نێوان حکومەتێک کە هەڵوێستی ناگۆڕێ و ژمارەیەک



شەڕی ناوخۆی کامیرۆن لە بنەڕەتدا شەڕی شوناسی زمانی و کولتووریی نێوان فەرەنسیزمان و ئینگلیزیزمانەکانە

# ـران بدات



شەڕێکی دەکەن

کێشمەکێشی ئەمریکا و ئێران لە کەنداو دوور بن. بەرپرسێکی باڵای وڵاتێکی ئەورووپی بە (پۆست)ی ئەمریکی ڕاگەیاندووە: "پۆمپیۆ هیچ بەڵگەیەکی پیشانی ئێمە نەدا" کە نیگەرانییەکانی واشنتن لە جموجۆڵەکانی ئێران پشتڕاست بکاتەوە. هایکۆ ماس، وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیاش پاش کۆبوونەوە لەگەڵ پۆمپیۆ ڕایگەیاند: "ئێمە نامانەوێ کار بگاتە ململانێی سەربازی (نێوان ئەمریکا و ئێران)". ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد ڕوون و ئاشکرا دیارە ئەمریکا و ئەورووپا: "ڕێچکەی جیاوازیان گرتووەتەبەر".

لە ڕابردوودا، ئەورووپا و ئەمریکا لە چوارچێوەی پەیماننامەی ترانس ئەتلانتیکدا مامەڵەیان لەگەڵ دۆخی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەکرد، بەڵام ململانێی ئێران و ئەمریکا و هەڵوێستی ئەورووپییەکان دەریدەخات ئەو جۆرە هەماهەنگییانە بەرەو لاوازی چوون. ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران واژۆی فەرەنسا، بەریتانیا و ئەڵمانیای بەسەرەوەیە، هەر سێ وڵاتیش جەختیان لەوە کردووەتەوە دەیانەوێ لە ڕێککەوتنەکەدا بمێننەوە، هەتا ئەو کاتەی ئێران پابەندی ڕێککەوتنەکە بێ.

## ئیسرائیلیش جەنگەکەی ناوێ

لە چەند هەفتەی ڕابردوودا، ئیسرائیل یەکێک لەو لایەنانە بووە کە لەبارەی هەڕەشەی هێرشی ئێران بۆ سەر هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق و بەرژەوەندییەکانی سعودیە و ئیمارات لە کەنداو هۆشداری دابووە ئەمریکییەکان، بەڵام بەرپرسانی

> ترەمپ گفتوگۆی دەوێ و بە گۆڕینی ڕژێمی ئێران ئاسوودە نییە
>
> بەرپرسێکی ئەمریکی

پێشووی سەربازی و هەواڵگریی ئیسرائیل جەخت دەکەنەوە لەوەی حکومەتی تەلەبیب جەنگی ناوێ، بەڵکو دەیەوێ لەناوەوە ڕژێم بگۆڕدرێ یان ئێران قایل بێ بەوەی ڕێککەوتنێکی ئەتۆمی نوێ لەگەڵ ڕۆژئاوادا بکات.

ئامۆس یادلین، بەرپرسی پێشووی هەواڵگریی ئیسرائیل، لە لێدوانێک بۆ ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: "هیچکەسێک بیر لەوە ناکاتەوە لە ڕێگەی سەربازییەوە ڕژێم لە ئێران بگۆڕێ، بەڵکو ئامانج ئەوەیە ئابووریی ئێران لاواز بکرێ و وەها لە خەڵکی ئێران بکرێ خۆیان ڕژێمەکە بگۆڕن، ئاکامێکی پۆزەتیڤی دیکەی ئەو هەوڵەش دەکرێ ئەوە بێ کە ڕێککەوتنێکی باشتر (لەوەی ئێستا) بێتە ئاراوە".

ئیسرائیلییەکان نیگەرانن لەوەی لە حاڵەتی سەرهەڵدانی جەنگی لە نێوان ئێران و ئەمریکا، جەنگی حیزبوڵڵا کە لە باشووری لوبنان و ڕۆژئاوای سووریان، یەخەی حکومەتی تەلەبیب بگرێ. بەرپرسانی ئیسرائیلی لەوەش دەترسن ئێران سیستەمی مووشەکی بۆ عێراق بگوازێتەوە و لەوێوە ئیسرائیل بکاتە ئامانج.

## عێراقییەکان شپرزە بوون

عێراق لە 20 ساڵی ڕابردوودا دوو جەنگی ئەمریکای لەسەر خاکی خۆی بینیوە، لە کاتێکدا هێشتا دوو ساڵ بەسەر کۆتاییهاتنی شەڕی داعش لەو وڵاتەدا تێنەپەڕیوە. بەرپرسانی عێراقی نیگەرانن لەوەی گرژییەکانی ئەمدواییەی نێوان تاران و واشنتن جارێکی دیکە خاکی ئەو وڵاتە بکاتە مەیدانی جەنگێکی ناوچەیی، هەر بۆیە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا هەوڵەکانیان چڕکردووەتەوە بۆ ئەوەی ڕێگە لە ڕووداوی نەخوازراو بگرن.

سەعید ئەلجەیاشی، بەرپرسێکی باڵای ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی عێراق، لە بارەی هەوڵەکان بە (نیویۆرک تایمز)ی ڕاگەیاندووە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا کۆبوونەوە لەگەڵ گروپە میلیشیاییەکاندا کراوە، بۆ ئەوەی پێیان بڵێن: "هەرکەسێک هەرچی (لەدژی ئەمریکییەکان) بکات، خۆیان بەرپرسیارن، نەک عێراق".

عێراق دەیان گروپی میلیشیایی شیعەی تێدایە، کە ژمارەی چەکدارەکانیان نزیکەی 140 هەزارە و لە 2014 بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێرشەکانی داعش لە ژێر چەتری حەشدی شەعبیدا کۆبوونەوە. پاش تێکشکانی خەلافەتەکەی داعش، کۆنترۆڵکردنی ئەو گروپانە بووە بە تەحەدایەکی گەورەی بەردەم حکومەتی عێراق. ئەمریکا داوای عێراق کردووە هەموو ئەو گروپانە بهێنێتە ژێر چاودێری حکومەت.

هەفتەی ڕابردوو، لەیس ئەلئەسەری، گوتەبێژی عەسایب ئەهلی هەق، لە لێدوانێک بۆ (ڕۆیتەرز) لێدوانەکانی ئەمریکا لەبارەی هەڕەشەی میلیشیاکان بە "بێ بنەما" وەسفکرد و گوتی "ئەوە درۆ گەورەکە لەبارەی هەبوونی چەکی کۆمەڵکوژ لە عێراقمان بیردەخاتەوە". چەکی کۆمەڵکوژ و پەیوەندی ڕژێمی بەعس و ئەلقاعیدە دوو لە هۆکارەکان بوون کە بەرپرسانی ئیدارەی جۆرج بوش، سەرۆکی پێشووتری ئەمریکا بۆ هێرشی 2003ی سەر عێراق دەیانخستەڕوو.

سەلاح عوبەیدی، گوتەبێژی موقتەدا سەدر، بە (تایمز)ی ئەمریکی گوتووە :"بەداخەوە ئێمە گروپمان هەن کە دەیانەوێ لە ئێرانییەکان ئێرانیتر بن. نیگەرانیشین لەوەی ڕەنگە حکومەت نەتوانێ گروپەکانی نزیک لە ئێران کۆنترۆڵ بکات و ئەوەش کێشەیەکی گەورە دەبێ بۆ عێراق". ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە حکومەت هیچ پلانێکی نییە بۆ ئەو مەبەستە، لەکاتێکدا "عێراق ناکرێ شوێنی یەکلاکردنەوەی ململانێکانی ئەمریکا و ئێران بێ".

# ـەڕی 20 گروپی جوداخواز



گروپی چەکدار کە تموحی سەربەخۆییان بەهێزتر دەبێ، گیریان خواردووە.

حکومەتی کامیرۆن دەستکاریکردنی سیستەمی حوکمڕانی لە مەرکەزیەتی بەهێزەوە بۆ لامەرکەزی بە تابوو دەزانێ. کامیرۆن لە ساڵی 1972 سیستەمی فیدراڵیی هەڵوەشاندەوە، بەڵام لە 1996 جارێکی دیکە دەرفەتی یاسایی و دەستووری بۆ لامەرکەزییەت ڕەخساند، بێ ئەوەی بیرۆکەکە هیچکات بە کردەوە جێبەجێ بکرێ.

بەشی فەرەنسیی کامیرۆن لە ساڵی 1960 سەربەخۆیی ڕاگەیاند و بەشەکەی ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا ساڵی دواتر ئەو هەنگاوەی نا. ئەوکات ئینگلیزیزمانەکانی باکووری ڕۆژئاوا دەیانویست لەگەڵ کامیرۆنی فەرەنسی بکەون، بەڵام جەماعەتەکەی باشووری ڕۆژئاوا هەوڵیان بۆ ئەوە بوو لەگەڵ نایجیریا یەک بگرن کە ئەویش تازە سەربەخۆیی وەرگرتبوو. باشووری ڕۆژئاوا هەمیشە سەنتەری جووڵە سیاسی و کولتوورییەکانی ئینگلیزیزمانەکان بووە، بەڵام ئێستا هەردوو ناوچەکە داوای جیابوونەوە کۆیان دەکاتەوە.

گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی پێیوایە مەرکەزیبوونی لەرادەبەدەری دەسەڵات، گەورەترین خاڵی لاوازی کامیرۆنە و هەر ئەوەش قەیرانی ناوچە ئینگلیزیزمانەکانی لێکەوتووەتەوە، لەکاتێکدا نوخبە سیاسییەکانی ناوەند هەتا ئێستاش پێیانوایە ئەو قەیرانەی ئێستا بە ڕێگەچارەی سەربازی چارەسەر دەبێ، بەڵام بەرپرسانی هێزە ئەمنییەکان پێیانوایە لەپاڵ دەستکردنەوە سەربازییەکان دەبێ هەنگاو بەرەو بەهێزکردنی هەرێمەکان هەبێ، لەبەر ئەوەی هێزە ئەمنییەکان ناتوانن بۆ ساڵانێکی زۆر دۆخەکە کۆنترۆڵ بکەن.

هێزەکانی سوپای ئەمبەزۆنیا (AMF) لە کۆمەڵێک گروپی چەکداری جیاجیا پێکهاتووە، ئەوەش وایکردووە ئەندامانی ئەو هێزە لە یەک کاتدا ئەندام و گوێڕایەڵی هێزی دیکەش بن، وەکو هێزەکانی دراگۆنی سوور و هێزەکانی بەرگریی کامیرۆنی باشوور، بەڵام زۆربەی هێزەکان بەدەست نەبوونی چەک و تەقەمەنییەوە دەناڵێنن.

## دیاسپۆرا و شۆڕش

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی گۆڤاری (فۆرین پۆڵسی) ئەمریکی، کەمیی چەک یەکێک لەو فاکتەرانەیە کە ڕێگەی بۆ حکومەت خۆشکردووە چالاکیی گروپە جوداخوازەکانی وەک هێزەکانی سوپای ئەمبەزۆنیا کۆنترۆڵ بکات، بەڵام ئەم دۆخە دەشێ لە داهاتوودا بگۆڕێ، لەبەر ئەوەی دیاسپۆرای ئینگلیزیزمانی کامیرۆن دەستیان بە هەڵمەتی کۆکردنەوەی هاوکاریی دارایی و سەربازی بۆ گروپە جوداخوازەکان کردووە.

مارشاڵ فۆنچا، سەرۆکی ئەنجوومەنی سەربازیی ئەمبەزۆنیا یەکێکە لەو کۆمەڵە خەڵکەی دەستیان بەو هەڵمەتە کردووە. فۆنچا کە لە ئەمریکا نیشتەجێیە، بەگۆڤارە ئەمریکییەکەی ڕاگەیاندووە کە هەوڵیداوە بە ناوبژیوانیی "فەرماندە هاوسۆزەکانی سوپای نایجیریا" لە دوو سەرچاوەی بیانییەوە چەک بۆ هێزەکانی سوپای ئەمبەزۆنیا دابین بکات، ئەنجوومەنی سەربازیی ئەمبەزۆنیا باڵی سیاسیی هێزەکانی سوپای ئەمبەزۆنیایە.

ژمارەیەک لە سەربازانی سوپای نایجیریا کە لەگەڵ (AMF) ڕاهێنانیان کردووە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە چەکدارە جوداخوازەکانی کامیرۆن زۆرجار لە سنوورەکان ئاودیو دەبن و چەک و پێداویستیی سەربازیی دیکە دەکڕن. بەپێی ڕاپۆرتەکەی گروپی قەیران، بەشی زۆری چەکدارانی گروپە جوداخوازەکان خەڵکی کۆمەڵگای ئینگلیزیزمانی کامیرۆنن، بەڵام دەیان کەسی نایجیریش لەناو ئەو هێزەدا هەن کە بە چەکی خۆیانەوە هاتوونەتە ناوچەکە و بەرامبەر پارە ڕاهێنان بە جوداخوازەکان دەکەن، زۆربەی گروپەکانیش چەکدار و فەرماندەی ئافرەتیان تێدایە.

## دۆخی مرۆیی

باشووری ڕۆژئاوای کامیرۆن یەکێک لە گەورەترین بەرهەمهێنەرانی کاکاوە لە جیهاندا، بەڵام حکومەتی کامیرۆن ژمارەیەکی زۆری گوندەکانی کامیرۆنی باشووری سووتاندووە، خەڵکێکی زۆری ئەو ناوچانە لەترسی شەڕی حکومەت و هێزە جوداخوازەکان ڕوویان لە دارستانەکان کردووە و بۆ تێرکردنی سکیان قەناعەت بەوە دەکەن کە لە دارستانەکاندا دەستیاندەکەوێ.

ساموئێل ئاگبا ئیشادۆ، خاوەنی کێڵگەی کاکاو، یەکێکە لەوانەی سوپای کامیرۆن لە ئۆکتۆبەری 2018 خانووەکەی سووتاندووە. ساموئێل بە (فۆرین پۆڵسی) دەڵێ: "هەر دەنگی تەقە بەرزبووەوە، ئێمە ڕامانکردە ناو کێڵگەکەوە، 24 سەعات لەوێ ماینەوە". کاتێکیش گەڕانەوە بینییان خانووە وێرانەکەیان هێشتا دووکەڵی لێهەڵدەستێ. ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ (HRW) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە دەیان گوند لە ناوچە ئینگلیزیزمانەکان وێرانکراون.

هەتا ناوەڕاستی 2018، شەڕ و پێکدادان زیاتر لە ناوچەکانی کامیرۆنی باشوور بوو، بەڵام لەو کاتەوە چەکدارانی گروپە ئینگلیزیزمانەکان دەستیان بە هێرش بۆ سەر ناوچە فەرەنسیزمانەکان کردووە. ئەو گۆڕانکارییە لە تەکتیکی جوداخوازەکان مەترسی ئەوەی دروستکردووە کە شەڕ و ململانێی نێوان حکومەت و جوداخوازەکان بۆ ململانێی نێوان کۆمەڵگای ئینگلیزیزمان و فەرەنسیزمان بگۆڕێ.

# تموحی تورکیا لە ئیدلب کەمی کردووە؟

> بەدوور نازانرێ تورکیا، دواجار ئیدلب وەک وەرەقەیەک لەگەڵ ڕووسەکان بەکاربهێنێ لەبەرامبەر لێدان لە یەپەگە



کورد فاکتەرێکی سەرەکی هاوکێشەکانی ئیدلبە

**رووداو – هەولێر**

هەفتەی ڕابردوو وەزیرانی بەرگریی ڕووسیا و تورکیا هێورکردنەوەی دۆخی ئدلیبیان تاوتوێ کرد، لە کاتێکدا هەوڵە دیپلۆماسییەکانی تورکیا لەگەڵ ڕووسەکان بەردەوامە بۆ ئەوەی ڕێگە لە پێکدادانی زیاتری هێزەکانی حکومەتی سووریا و ئۆپۆزیسیۆن بگیرێ. شارەزایان پێیانوایە پرسی کورد بەشێک لە حیساباتی تورکیا لە ئدلیب پێکدەهێنێ و ڕووسیاش بێبەرامبەر بە داواکاری ئەنقەرە ڕازی نابێ.

لەکاتێکدا ئەمریکا و ئەورووپییەکان لە دوورەوە چاودێریی داهاتووی سووریا دەکەن، تورکیا هەتا ئێستاش بە بایەخەوە مامەڵە لەگەڵ پەرەسەندنەکانی دۆخی ئەو وڵاتە دەکات، بۆیەش ئەگەرچی پشتگیری لە ئۆپۆزیسیۆنی سووریا دەکات، بەڵام پەیوەندی نزیکی لەگەڵ دوو هێزی پاڵپشتی ڕژێمی سووریاش دروستکردووە، واتە ئێران و ڕووسیا.

هەفتەی ڕابردوو مەولوود چاوشئۆغڵو، وەزیری دەرەوەی تورکیا، بە میدیای وڵاتەکەی ڕاگەیاند کە وڵاتەکەی لە داهاتوویەکی نزیکدا لەگەڵ ئەندامانی گروپی هاوکاری کۆدەبێتەوە کە لە هەرسێ وڵاتی ڕووسیا، تورکیا و ئێران پێکدێ و جەختی لەوەش کردەوە کە "ئێمە هەوڵەکانمان زیاد کردووە، هێرشەکانی ڕژێم دەبێ کۆتاییان بێ".

تورکیا و ڕووسیا لە ئەیلوولی 2018 لە سۆچی لەسەر دروستکردنی ناوچەی لەچەکداماڵراو لە پارێزگای ئیدلب و پاککردنەوەی پارێزگاکە لە چەکدارانی هەیئەی تەحریری شام (بەرەی نوسرەی جاران) ڕێککەوتن. ئەوکات هێزەکانی حکومەتی سووریا بە پاڵپشتی هێزی ئاسمانیی ڕووسیا بەنیازی هێرشێکی هەمەلایەنە بۆ سەر ئیدلب بوون کە دەکرا سەدان هەزار کەس لەو پارێزگایەوە ئاوارەی تورکیا بکات.

بەگوێرەی ئامارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، نزیکەی 3.5 ملیۆن کەس لە پارێزگای ئیدلبن کە زۆرینەیان ئاوارەی ناوچەکانی دیکەی سووریان، واتە هێندەی ئەو کۆچبەرە سووریانەی ئێستا لە تورکیا نیشتەجێن.

فابریس بلانش، شارەزای کاروباری سووریا لە پەیمانگەی واشنتن، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئامانجی ڕێککەوتنەکە لە ڕوانگەی تورکیاوە تەنیا ڕێگری لە هاتنی لێشاوی کۆچبەرە سوورییەکان نەبوو، بەڵکو ئەنقەرە نەشیدەویست "سەرنجی لەسەر ئامانجە سەرەکییەکەی لابدرێ، واتە ڕێگری لە بەهێزبوونی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا".

بەبۆچوونی بلانش لەگەڵ دەنگۆی کشانەوە یان کەمبوونەوەی ژمارەی هێزەکانی ئەمریکا لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا و ئەو گفتوگۆیانەی بۆ ڕەواندنەوەی نیگەرانییەکانی تورکیا لە جموجۆڵی یەپەگە کراون "ڕەنگە نیگەرانییەکانی تورکیا لەوە کەمبووبێتەوە کە ئۆپەراسیۆنی ئیدلب (لەلایەن ڕژێمەوە) دەکرێ سەرنجی ئەوان لەسەر یەپەگە لابدات".

بەگوێرەی ڕاپۆرتی پەیمانگەی واشنتن، لە پارێزگای ئیدلب زیاتر لە 50 هەزار چەکداری ئۆپۆزیسیۆن هەن، لەو ژمارەیەش 20 بۆ 30 هەزاریان چەکداری هەیئەی تەحریری شامن کە لە شوباتی ئەمساڵ شکستیان بە چەکدارانی بەرەی نیشتمانی بۆ ڕزگاری هێنا، ئەو بەرەیە لە ساڵی 2017 بە پشتگیری تورکیا دامەزرا. بەو پێیەش پلانی تورکیا بۆ پاککردنەوەی ناوچەکە لە چەکدارانی نزیک لە قاعیدە شکستی هێناوە.

هێزەکانی ڕژێمی سووریا مەترسییەکی ئەوتۆی ئەمنییان لەسەر نەماوە، بۆیەش لە دابینکردنی هێزی خۆی و میلیشیا شیعەکانی ناوچەکە دەستی کراوەیە، جگە لەوەش لە یەک ساڵی ڕابردوودا ژمارەیەکی زۆر چەکداری سوننەی هێناوەتە ڕیزەکانی سوپاوە کە ڕژێم لەو ئۆپەراسیۆنەدا کەڵکیان لێوەدەگرێ، بۆ ئەوەی هەم وەفای ئەو هێزانە تاقی بکاتەوە و هەم کەلێن لە کۆمەڵگای عەرەبی سوننەی سووریدا دروستبکات.

کێشەیەکی دیکەی تورکیا بۆ ڕێگری لە هێرشەکانی ئیدلب ئەوەیە ڕووسیا هەر لە سەرەتاوە وەک بەڵێنێکی ڕاستەقینە مامەڵەی لەگەڵ ڕێککەوتنی سۆچی نەکردووە. بلانش پێیوایە لای ڕووسەکان ڕێککەوتنەکە ئامرازێکی کاتییە بۆ ئەوەی تورکیا لە خۆیان نزیک بکەنەوە، لە کاتێکدا پەیوەندییەکانی ئەنقەرە و واشنتن لەسەر یەپەگە ئاڵۆزی تێکەوتبوو.

دۆخی ئیدلب وەرەقەیەکی دیکەیە بە دەست ڕووسیاوە بۆ ئەوەی تورکیا لە ڕێککەوتنی کڕینی سیستەمی دژەمووشەکی S400 پاشگەز نەبێتەوە. ئەمریکا و ئەندامانی دیکەی ناتۆ دژایەتی خۆیان لەگەڵ ئەو ڕێککەوتنەی نێوان ئەنقەرە و مۆسکۆ دەربڕیوە.

نیکۆلاس دانفۆرس، لێکۆڵەر لە ناوەندی مارشاڵ فاندی ئەڵمانی، لە لێدوانێکدا بۆ ماڵپەڕی (ئەلمۆنیتەر) دەڵێت: "تورکیا لە دۆخێکی سەختدا گیری خواردووە، دەیەوێ لە نێوان واشنتن و مۆسکۆ مانۆڕ بکات و لەهەمانکاتدا لە ژێر گوشاری ئەو دوو وڵاتەدا سیاسەتی سەربەخۆی خۆیشی هەبێ".

بلانش بەدووری نازانێ ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا، دواجار ئیدلب وەک وەرەقەیەک لەگەڵ ڕووسەکان بەکاربهێنێ لەبەرامبەر لێدان لە بەرژەوەندییەکانی یەپەگە، وەک چۆن سەرەتای ئەم مانگە هێزەکانی نزیک لە تورکیا لە تەل ڕەفعەت لە باکووری حەلەب هەڵیانکوتایە سەر هێزەکانی یەپەگە، بەو پێیەش هێزە عەرەبە سوننەکان و کورد "وەرەقەی مامەڵەی نێوان تورکیا و ڕووسیان و چارەنووسیان گرێدراوە بە یەکدییەوە".



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# کورد و سەرژمێری ساڵی 2020

ئەگەر لە هەموو دونیادا سەرژمێری بە ئامانجی ناسینی کۆمەڵگە بێ بە مەبەستی دارشتنی پلانی ستراتیژیی خزمەتگوزاری گشتی لە بوارەکانی تەندروستی، پەروەردە، ئابووری، کۆمەڵایەتی، دیاریکردنی رەگەز، تەمەن، داهاتی نەتەوەیی، چڕیی دانیشتووان و دابەشبوونی جوگرافی، هەروەها مەبەستگەلێکی تری دیمۆگرافی، ئەوا لە عێراق لە دروستبوونی دەوڵەتەکەوە، بەهۆی کێشەی ناسنامەی وڵات و ململانێی نێوان پێکهاتەکانی، ئامانجی سەرەکی لە سەرژمێریی دانیشتووان، سیاسی بووە.

هەموو ئەو سەرژمێرییانەی لە عێراق کراون، چ ئەوانەی بەهۆی کێشەی ویلایەتی مووسڵەوە بەریتانیا و تورکیا و سوید و کۆمەڵەی گەلان کردوویانە، یان ئەوانەی کە حکومەتی عێراق خۆی کردوونی، لە هەموویاندا ئامانجە سیاسییەکە رەنگی داوەتەوە. بۆ هەر کەسێک کەمترین بایەخی بۆ ناسینی کێشەکانی عێراق هەبێت، تەنها بە وردبوونەوە لە ئەنجامی سەرژمێرییەکان ئەو راستییەی بۆ دەردەکەوێت کە لە هەندێ ناوچەی دیاریکراو، سەرژمێری هاوشێوەی ئامرازە دەوڵەتییەکانی تر ئامرازێک بووە بۆ ئامانجی ململانێی ناسنامەی نەتەوەیی و سیاسەتی پاکتاوی رەگەزی بەکارهاتووە.

دوای لکاندنی ویلایەتی مووسڵ بە عێراقەوە لە ساڵی 1926، یەک ساڵ دوای ئەوە پرۆسەی سەرژمێری لە عێراق ئەنجام دەدرێت. هەموو ئەو سەرژمێریانەی وڵاتانی بێلایەن و تەرەف لە کێشەکانی ئەوسای عێراق کردوویانە، بەو داتا و سەرژمێریانەی خودی عێراقیشەوە کە پێشتر خستوویەتییە ڕوو، بەراورد بکرێن بە ئەنجامی سەرژمێری ساڵی 1927، ئەو راستیە دەردەخات کە لە یەکەم سەرژمێرییەوە عێراق پەنای بردووەتە بەر ساختەکاری لە تۆمارکردنی رێژەی کورد و عەرەب لە ناوچەکانی (مووسڵ و کەرکووک و دیالە). ئامانجەکەش بە روونی دیارە کە بۆ کەم نیشاندانی رێژەی کورد و زیادکردنی رێژە و پێگەی عەرەبە لەو هێڵەی کە کوردستان و عەرەبستان لەیەک جیادەکاتەوە. هەر 10 ساڵ جارێکیش کە سەرژمێری ئەنجامدراوە، رێژەکان بە قازانجی ژمارەی عەرەب بەرزبووەتەوە.

لە دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە لە 1921 تا کەوتنی سەدام لە 2003، لە نێوان هەر 10 ساڵێکدا پرۆسەی سەرژمێری بەڕێوە براوە. تەنانەت لەو هەلومەرج و بارودۆخە دژوارانەشدا کە عێراق پێیدا تێپەڕیوە، سەرباری نالەباریی رەوشی زۆرێک لە ناوچەکان چونکە ئامانجەکە سیاسی بووە، پرۆسەکە پەکنەخراوە. لەکاتێکدا ئەگەر ئامانجەکە بۆ دارشتنی پلانی خزمەتگوزاری گشتی بێت بۆ تەواوی کۆمەڵگا، وەک چۆن لەژێر ناوی پرۆسەی سەرژمێری گشتیدایە، کەواتا دەبێت هەموو وڵاتەکەش بگرێتەوە. بەڵام بەغدا لەبەر ئەوەی ئەم پرۆسەیەی وەک ئامرازی سیاسەتی بەعەرەبکردن بەکاربردووە، ئەو دەرفەتانەشی قۆستووەتەوە کە بەهۆیەوە دەتوانێ ناوچەیەک یان کۆمەڵە خەڵکێکی دیاریکراو لە سەرژمێری مەحرووم بکات و بەهۆیانەوە رێژەی عەرەب لەو ناوچانە بۆ ئاستێکی باڵاتر بەرز بکاتەوە.

لە سەرژمێری ساڵی 1965، هەروەها لە 1977، لە 1987، ئەم 30 ساڵە کوردستان بە هۆی شەڕی نێوان شۆڕشی کورد و حکومەتی عێراق، بە دۆخێکی دژواردا تێپەڕیوە. خەڵکانێکی زۆری کورد لەلایەن عێراقەوە بەردەوام مەترسی کوشتنیان لەسەر بووە و راوەدوو نراون، لە هەر شوێنێ بەغدا پەی پێببردبن هەوڵی لەناوبردنی داون و تەنانەت چەکی یاساغی نێودەوڵەتی بۆ ئەم ئامانجە بەکار بردووە، ئیتر لەکوێ دەرفەتی ئەوەی بۆ رەخساندوون لە سەرژمێریی دانیشتواندا ناویان تۆمار بکرێت. تەنانەت لە ساڵی 1987 بە بریاری تایبەتی (عەلی حەسەن مەجید) بەشێکی زۆری خەڵک و جوگرافیای کوردستان لە سەرژمێری هێنرانە دەرەوە و دواتر بەپاساوی ئەوەی ئەمانە وەک عێراقی ئەژمار نەکراون، لە پرۆسەی بەدناوی ئەنفالدا بێسەروشوێنی کردن. لە سەرژمێری ساڵی 1997 لە کاتێکدا نەتەوەیەکگرتووەکان بەهۆی بریاری نەوت بەرانبەر بە خۆراک تا ئەندازەیەکی زۆر دەیانتوانی یارمەتی عێراق بدەن لە سەرژمێرییەکی گشتی بە هەرێمی کوردستانیشەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئامانجی راستەقینەی بەغدا شتێکی تر بوو، ئەوکات سێ پارێزگاکەی هەرێمی لە سەرژمێری گشتی دەرکرد.

ئەمە دواتر لە فراوانکردنی ناوچەی عەرەبی سوننەنشین و بەرتەسککردنەوەی ناوچە شیعییەکانیش لە سەرژمێرییەکانی سەردەمی بەعس بەهۆی دەستکاریکردنی یەکە ئیدارییەکانی پارێزگاکانەوە، رەنگیداوەتەوە. ئەم سیاسەتە لە بە ئامرازکردنی پرۆسەی سەرژمێری بۆ ئامانجی سیاسی، هۆکار بوو بۆ ئاڵۆزتربوونی کێشەکانی عێراق و قووڵکردنەوەی ناکۆکی نێوان پێکهاتەکانی، لە نێوان کورد و عەرەب. هەروەها لە نێوان عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعە. بۆیە چاوەڕوان دەکرا دوای کەوتنی سەدام هەموو لایەنە سیاسییەکان و نوێنەری گروپ و پێکهاتە جیاجیاکان یارمەتیدەربن لەوەی سەرژمێرییەکی دوور لە ئامانجی سیاسی و دوور لە بەئامرازکردنی بۆ ململانێ، ئەنجام بدرێت. وەک ئەو نەریتە 10 ساڵیەش کە عێراق پەیڕەوی کردبوو، دەبوو لە ساڵی 2007 بۆ یەکەمینجار پرۆسەیەکی سەرژمێری پاک و دوور لە غەرەزی سیاسی بەڕێوە بچێت. بەڵام هەمان ئەو عەقڵیەتانەی لە رابردوودا عێراقیان بەو کاولکاریانەدا برد، گرفتیان خستە بەردەم سەرژمێری گشتی و سەرەتا بۆ سێ ساڵ و دواتر وەک بڕیار درا بۆ ساڵی 2017 دواخرا. هۆکاری رووکەشیان هەرچییەک بووبێت، هۆکارە شاراوە راستەقینەکە ئەوە بوو کە دوای کەوتنی سەدام بەشێک لە کورد دەرفەتی ئەوەی بۆ رەخسا بگەڕێتەوە سەر خاکی خۆی لە ناوچەکانی نەینەوا و لە کەرکووک و لە گەرمەسێر. ئەگەر لە هەردوو قۆناغەکەدا 2007 یان 2017 سەرژمێری ئەنجام بدرایە، ژمارەی کورد بەجۆرێک بوو کە دڵخوازی شۆڤینیە تازەکانی دوای سەدام نەبوو. بۆیە گرفتیان دروستکرد و نەیانهێشت سەرژمێری گشتی لە عێراق ئەنجام بدرێت.

بەڵام ماوەیەکی کورتی دوای 16ی ئۆکتۆبەر بەسوودوەرگرتن لەوەی کورد لەو ناوچانە پێگەی لاواز بووەو خەڵکێکی زۆر لە خورماتوو لە ناوچە کوردیەکانی دیالە، لە کەرکوک و دەشتی نەینەوا ئاوارە و سەرگەردان بوون. بڕیاریاندا ساڵی 2020 سەرژمێری بکرێ. ئیدارەی هەموو ئەو ناوچانەش کەوتووەتە دەستی عەرەب و لەو کاتەوە بۆ ئێستا و لە ئێستاشەوە تا وادەی سەرژمێری، عەرەبێکی زیاتری بۆ دەهێنن و لەو بەشەی خاکی کوردستان نیشتەجێی دەکەن. ئامانجەکەش درێژەپێدانی سیاسەتی بەعەرەبکردنە و دەیانەوێ شەرعیەتی یاسایی و رەوایەتی پێبدەن بۆ ئەوەی لە هەر پرۆسەیەکی داهاتوودا بگەڕێنەوە بۆ سەرژمێری 2020 و بیکەن بە بناغەی هەر رێگەچارەیەک بۆ ئەو ناوچانە بێتە پێش.

دەبێت کورد لە دۆخێکی لەم شێوەیەدا رێگە نەدات سەرژمێری لە عێراق بکرێت، وەک چۆن ئەوان لەو هەلومەرجەدا کە دڵنیابوون زۆرینەی دانیشتووانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە کورد پێکدێت، بە پاساو و هۆکاری ناڕەوا دوو جار پرۆسەی سەرژمێرییان دواخست. پێویستە کوردیش رێگە بە ئەنجامدانی سەرژمێری نەدات، تەنانەت ئەگەر پێویستی بە هەڵگیرساندنی شەڕێکش بووە لەو ناوچانە.

بەشێوەیەکی گشتیش دەبێت کورد خۆی رووبەڕووی ئەو پرسیارە بکاتەوە کە ئێستا عێراق گەیشتووەتە 40 ملیۆن و کەمتر لە 10 ساڵی تر دەگاتە 50 ملیۆن، کورد چی دەکات لە بەرانبەر ئەو گەشەکردنە ناسروشتیەی رێژەی عەرەب لە عێراق؟



ئازاد وەڵەدبەگی

# نەبوونی دەستوور و ڕۆڵی لە ناسەقامگیریی سیاسی- یاسایی

گومان لەوەدا نییە کە دەستوور وەک یاسای باڵا و دایکی یاساکان بە پێویستییەکی حاشاهەڵنەگر دادەنرێت لە هەر وڵاتێکدا، بە تایبەت لەو وڵاتانەی کە لە قۆناغی گەشەکردن و گوزەر بەرەو دیموکراسیدان. دەستوور وەک چارت یا گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی لە نێوان فەرمانڕەوایان و فەرمانلەسەرکراواندا گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە جگە لەوەی کە سنووری ماف و ئەرکەکانی دەسەڵات و هاووڵاتیان دیاری دەکات، لە هەمان کاتدا شێواز، بنەما و پێکهاتە سەرەکییەکانی سیستەمی حوکمڕانی دەستنیشان دەکات و سنووری دەسەڵاتەکانیان ڕەنگڕێژ دەکات.

بەندی (120) لە دەستووری ساڵی 2005ی عێراق ڕێگەی داوە بە هەرێمەکان کە دەستووری تایبەت بە خۆیان هەبێت، بە مەرجێک ناکۆک نەبێت لەگەڵ دەستووری عێراق کە بە دەستووری دایک دادەنرێت. هەرێمی کوردستان هەر لە سەرەتای دروستبوونییەوە هەستی بە بۆشایی نەبوونی دەستوور کردووە، هەربۆیە یەکەمین هەوڵ لەم بوارەدا لە ساڵی 2002 هاتەئاراوە و، بەپێی بڕیاری ژمارە (26) ی پەرلەمانی کوردستان لە 2002/7/11 پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان خرایەڕوو، بەڵام ئەم هەوڵە بێ ئەنجام مایەوە و دەستوور ڕووناکایی نەبینی. پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعسیش هەوڵی دووەم هاتەئاراوە و بەپێی بڕیاری ژمارە (5) ی پەرلەمانی کوردستان لە 2005/9/8 لیژنەی نووسینەوەی دەستوور لە (18) کەس پێکهات و پرۆژەی دەستوور لە (122) بەندا نووسرایەوە و لە دانیشتنی ڕۆژی 2009/6/24 پەرلەمان بە 95 دەنگ پرۆژەکەی پەسند کرد و، بڕیار وابوو لە 2009/7/25 ڕاپرسی لەسەر بکرێت، بەڵام ئەو ڕاپرسییە بە هۆی ململانێی لایەنە سیاسییەکان و گوشارە دەرەکییەکان سەری نەگرت و بەم جۆرە ئەو هەوڵەش لەبار برا.

هەندێ لە لایەنە سیاسییەکان وەک گۆڕان و دواتریش یەکێتی داوایان کرد پرۆژەی دەستوور بگەڕێندرێتەوە بۆ نێو پەرلەمان بۆ ئەوەی هەموار بکرێتەوە، بەڵام پاشان پەرلەمان لە ژێر ڕۆشنایی ئەو گوشار و داواکارییانە، لە خولی چوارەم لە بری هەمواری پرۆژەی دەستوور، یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2015ی یاسای ئامادەکردنی دەستووری هەرێمی کوردستان- عێراقی پەسند کرد، کە بەپێی بەندی (2) لە یاساکە، لیژنەیەکی نوێ بۆ نووسینەوەی دەستوور دانرا. بەهۆی ململانێی نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و گرفتەکانی بەردەم پرۆسەی سیاسی و ئەو گرژییانەی کە لە پەیوەندیی نێوان ئەو لایەنانە کەوتەوە، کارەکانی ئەم لیژنەیە بە ناتەواویی مایەوە و نەگەیشتە ئامانجی کۆتایی خۆی. هەربۆیە دەبینین، نووسینەوەی دەستووری کوردستان بە چەندین قۆناغی پڕ لە کێشە و ئاڵۆزدا تێپەڕیوە کە ئەنجامەکەی ئەوە بووە هەرێمی کوردستان تاکوو ئێستا نەیتوانیوە ببێتە خاوەنی دەستووری خۆی. هەرچەند لە لایەکەوە دەکرێ ئەم ململانێ هزری و سیاسی و یاساییانە بەوە بخوێندرێنەوە کە بەشێکن لە قۆناغەکانی پێگەیشتن و کامڵبوونی سیاسیی کۆمەڵگەی کوردستان، بەڵام لە هەمان کاتدا نەبوونی دەستووریش بۆ خۆی بووەتە گرفت لەبەردەم پرۆسەی سیاسی و یاسایی لە کوردستاندا و جۆرێک لە ناسەقامگیریی سیاسی- یاسایی دروستکردووە.

بۆ نموونە لە چەندین ساڵی ڕابردوودا یەکێک لە خاڵە ناکۆکەکان لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بووە، بە سەرنجدان بەوەی یاسا ئاسانتر لە دەستوور هەموار دەکرێتەوە، هەربۆیە ئەم یاسایە بە ئاسانی کەوتووەتە بەر نەشتەری بەرژەوەندیی و خواستی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و بە گوێرەی خواست و بەرژەوەندییەکانی خۆیان ساڵانە نەشتەرگەری بۆ دەکەن.

لە ساڵی 2017 یاسای ژمارە (2)ی دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێم دەرچوو، کە تێیدا دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بەسەر سەرۆکی حکومەت، سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجوومەنی دادوەریدا دابەشکران. ساڵی 2018 یاسای هەڵپەساردنی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (10) لە لایەن پەرلەمانەوە دەرچوو. پاشان لە ساڵی 2019 یاسای ژمارە (1) ی کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان- عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک تا پەسندکردنی دەستوور دەرچوو. هەرچەندە بە ڕواڵەت ئەوانە یاسان و هەموار دەکرێنەوە، بەڵام ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین ئەو یاسایە بە گوێرەی خواستی لایەنە سیاسییەکان ساڵانە هەموار دەکرێتەوە هەتا ئاستی هەڵپەساردن و دابەشکردن و کاراکردنەوە، ئەمەش کۆی سیستەم و پرۆسێسی سیاسی و یاسایی وڵات دەخاتە ژێر نیشانەی پرسیارێکی گەورەوە.

ئەگەر پێشتر هەرێمی کوردستان خاوەن دەستووری خۆی بووایە و ئەو بابەتانە لە دەستووردا جێگیر کرابان، ئەو ناسەقامگیری و ناجێگیرییەی ئێستا سەبارەت بەو یاسایە هاتووەتە ئاراوە، بەو ئاسانییە ڕووی نەدەدا و پرۆسەی سیاسی و یاسایی سەقامگیری زیاتری بەخۆیەوە دەبینی، چونکە هەمووارکردنەوەی دەستوور بەو ئاسانییەی یاسا نییە و، بە کۆمەڵێک قۆناغی قورس و ئاڵۆزدا تێدەپەڕێت و لە کۆتاییدا دەبێت بخرێتە ڕیفراندۆمەوە. هەربۆیە دەبینین نەبوونی دەستوور، جگە لەوەی کە بووەتە هۆکارێک بۆ ناسەقامگیریی سیاسی- یاسایی، لە هەمان کاتدا ڕۆڵی هەبووە لە پەرەپێدانی گرژی و ئاڵۆزیی نێوان لایەنە سیاسییەکان. بوونی دەستوورێکی مەدەنی و مۆدێرن و نەگۆڕ دەرگە لەسەر زۆر مشتومڕی لایەنە سیاسییەکان دادەخات و دەرفەتی زیاتر بۆ ئاشتەوایی سیاسی- کۆمەڵایەتی دەڕەخسێنێ، لە هەمان کاتیشدا ڕێگر دەبێت لەبەردەم لایەنە سیاسییەکان کە بە بڕوبیانووی جۆراوجۆر دەستکاریی سیستەمی سیاسی و یاسایی وڵات بکەن.



سادق ئەلمالکی*

# ئێران بە تەنیایە و پێویستی بە مانۆڕە

هەڵوێستی ئێران بەرامبەر گرژییەکانی لەگەڵ واشنتن روونە. ئێران نە حەزی لە جەنگە و نە گفتوگۆش. بەڵام ناتوانێ هەموو لایەنەکانی ئەو گرژییە بە تەنیا کۆنترۆڵ و ئیدارە بکات. موعجیزەیە ئەگەر ئێران بێ دانوستاندن بتوانێ خۆی لە جەنگ بەدووربگرێ.

ئەمریکا وەک هەر وڵاتێکی دیکە بیر لە بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکاتەوە. لە پرۆسەی بڕیاردانی ئەمریکییەکانیشدا حیساباتی زیان و قازانج رۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێ. ئەگەر لەسەر ئەو بڕوایە بین کە واشنتن بێ هیچ لێکدانەوەیەک ئەو هێزە سەربازییە زەبەلاحە دەنێرێ و لەولاشەوە لێدوانی لێکدژ لەبارەی جەنگ و ئاشتی دەدات، ئەوە خۆمان تووشی نوکتەیەکی ناخۆش کردووە کە دەکرێ ترازیدیای لێبکەوێتەوە.

هەنگاوی وەک کشاندنەوەی ستافی حکومیی نازەرووری و ئاگادارکردنەوەی هێزەکانی ئەمریکا بۆ ئەوەی لە حاڵەتی ئامادەباشیدا بن، هەروەها هەڵپەساردنی کاتیی راهێنانە سەربازییەکان لەلایەن ئەڵمانیا و هۆڵەندا لەسەر داوای هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی بەسەرکردایەتیی ئەمریکا، دەکرێ وەک مانۆڕێکی ئەمریکا لە قەڵەم بدەین بۆ ئەوەی ئێران ناچار بکات دانوستاندن قەبووڵ بکات. ئەگەر ئەو هەنگاوەش کاری نەکرد، ئەوە دەبێ چاوەڕێی جەنگێکی سنووردار بین.

ئێران دەتوانێ بڵێ لەم قەیرانەدا حەزی نە لە جەنگ و نە لە دانوستاندنیش نییە، بەڵام ناتوانێ بڕیار لەوە بدات لایەنەکەی دیکە چی بکات. بۆیە قەیرانەکە دەبێ بە وریاییەوە هەڵبسەنگێنرێ، تاوەکو باشترین چارەسەری مومکین بدۆزرێتەوە.

هیچ لۆژیکی نییە چاوەڕوانی ئەوە لە ئێران بکرێ واز لە بەرنامەی ئەتۆمی و توانایە مووشەکییەکان و نفووزە ناوچەییەکەی خۆی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بهێنێ، چونکە لەو حاڵەتەدا سەدام حوسێنێکی دیکە دەشێ هێرش بکاتە سەر ئێران و بەو پێیەش سێبەری شەڕ باڵ بەسەر ئێراندا بکێشێ. لە ژینگەیەکی سەقامگیر و ئاشتیانەدا کە تێیدا لۆژیکی رێساکانی گفتوگۆ باڵادەستن، رۆژهەڵاتی ناوەڕاستێکی بەهێز دەتوانێ لە رێگەی باڵانسی هێزەوە لەو قەیرانە بە سەلامەتی دەربچێ، قەیرانێک کە ئەگەر جڵەو نەکرێ دەرئەنجامی نەخوازراوی گەورەی دەبێ. پاش هەشت ساڵ جەنگی وێرانکار لەگەڵ عێراق لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو، ئێستا روونە کە ئێران وەک هەموو وڵاتانی دیکەی ناوچەکە حەزی لە جەنگ نییە. بەڵام ئەوە بەو واتایەش نییە کە ئێران خۆی بەدەستەوە بدات و رێگە بدات بچووکی بکەنەوە.

دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، توانیویەتی دۆخی ئابووری ئەمریکا باشتر بکات، بەڵام بەو سیاسەتەی بەرامبەر ئێران پەیڕەوی کردووە، زیانی بە ئەمریکا گەیاندووە. بەردەوامیی ئەو هەنگاوانەی ترەمپ دەتوانێ زیانی گەورە بە بانگەشەی ئەمریکا بۆ سەرکردایەتی جیهانیش بگەیەنێ. رووخانی کۆمۆنیزم بووە هۆی ئەوەی سەرنجەکان لەسەر دیوە نامرۆییەکەی کاپیتالیزم لابچن، بەڵام لەو کاتەوەی ترەمپ دەسەڵاتی ئەمریکای وەرگرتووە، جارێکی دی رووی راستەقینەی ئیمپریالیزم بۆ جیهان دەرکەوتووە.

تاوەکو ئێستا بروکسل، بەیجینگ و مۆسکۆ ئەوەندەی چاوەڕوان دەکرا وەڵامی کەڵەگایی کۆشکی سپییان نەداوەتەوە. بێگومان رەنگە ئەوان هەڵسوکەوتی ئەمریکایان لە بیری خۆیاندا تۆماركردبێ و لە کات و شوێنی خۆیدا کاردانەوەیان بەرامبەری هەبێ. هەڵبەت گرنگە ئەوەمان لەبیر بێ کە ناکرێ کاردانەوەیان بەرامبەر رەفتارە سەیروسەمەرەکانی ئەمریکا وەک شتێکی پەیوەندیدار بە ئێران لێکبدەینەوە. ئەو خاڵەش بە روونی دیاربوو کاتێک ئێران هەندێک لە پابەندییەکانی لە چوارچێوەی رێککەوتنی ئەتۆمیی هەڵپەسارد. چین، سێ وڵاتە ئەوروپییەکە و رووسیا نەک هەر پشتی ئێرانیان نەگرت، بگرە رەخنەیان لە بڕیارەکەی ئێرانیش گرت.

کەواتە ئەمریکا هۆکاری سەرەکی ئەم قەیرانەی ئێستایە لەگەڵ ئێران. کشانەوە لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە، ناوزەدکردنی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی وەک رێکخراوێکی تیرۆریستی، سەپاندنی سزاکان، هەوڵەکان بۆ گەیاندنی هەناردەی نەوتی ئێران بۆ سفر و سزاکانی سەر کەرتی کانزای ئێران هەموویان بەشێکن لە پەیڕەوکردنی سیاسەتی "ئەوپەڕی گوشار"، بۆ ئەوەی ئێران ناچار بکەن یان مل بدات، یان بێتە ناو جەنگێکی مومکینەوە.

لای کۆمەڵگای نێودەوڵەتی تەواو روونە کە ئێمە لە ئێران جەنگمان ناوێ و ئەوە ئەمریکایە بەدوای پێکدادانندا دەگەڕێ. زمان و هەڵسوکەوتی سیاسیی ترەمپ ئێرانی کردووەتە ئامانج. گەر لێدوانەکەی سەرۆک ڤلادیمیر پوتین لەبارەی مانەوەی رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران لەبەرچاو بگرین کە گوتی رووسیا ئاگرکوژێنەوە نییە، ئەوە بۆمان دەردەکەوێ ئێران دەبێ لەبەرامبەر ئەو گوندەییەدا خۆڕاگری بنوێنێ، هەروەها هەرخۆی بەتەنیا و بەناوی هەموو جیهانەوە باجی رەفتاری ترەمپیش بدات کە هەڕەشە لە نەزم و سەقامگیریی جیهان دەکات.

ئێران دەبێ خۆی لە تەڵەکانی ترەمپ و هەواداره ناسراو و نەناسراوەکانی بەدووربگرێ. تاران دەبێ لە زماندا هەڵوێستێکی ئاشتیانە پەیڕەو بکات، کە ترەمپ لێی تێبگات. رەنگە ئەوکات بشێت هەلومەرجەکانی یارییەکە گۆڕانکارییان تێدا بکرێ و هەڕەشەکانی ئەمڕۆ بۆ دەرفەتێک لەداهاتوودا بگۆڕدرێن.

*** سادق ئەلمالکی دیپلۆماتی پێشووی ئێران و شرۆڤەکاری سیاسییە.**

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



رێبوار کەریم وەلی
rebwar@rudaw.net

# یەکێتییەکان گەڕاونەتەوە خاڵی سفر

1

یەکێتییەکان (چونکە یەک نین) لەناوخۆیاندا تا ئەو شوێنە تەبان (واتا گیڤ دەبنەوە) کە بیانەوێ کێشە ناوخۆییەکانی خۆیان بکەنە بابەتێکی ستراتیژی بەرامبەر بە پارتی، لە کوێ پارتی تەنازولی بۆ کردن، یان لەگەڵیان ڕێککەوت، ئەوجا دەکەونە گیانی یەکتری.

سەرباری ئەوەی کە یەکێتییەکان لەگەڵ پارتیدا، بۆ پێکهێنانی حکومەت و بەرکەوتەکانیان ڕێککەوتوون، بەڵام ئەو مشتومڕەی ئەمڕۆ لەناویاندا بە دوو ئاراستە بەردەوامە، هەمان ئەو قسانەیە کە لە ڕۆژی دوای هەڵبژاردنەوە دەیانکرد. ئاراستەی یەکەم چۆنیەتی دابەشکردنی ئەو پۆستانەی بە بەریاندەکەوێ لەسەر بنەمای باڵەکان، بنەماڵەکان یان ناوچەکان؟ ئاراستەی دووەمیش پۆستەکانی پارێزگاری کەرکووک و وەزارەتی داد لە بەغدا.

گومان لەوەدا نییە کە کۆسرەت ڕەسوڵ دانوستاندنێکی سەرکەوتووانەی لەگەڵ پارتیدا کرد و بەرکەوتەی یەکێتی (وەک گۆڕان) زیاترە لە حەجمی نوێنەرایەتیە پەرلەمانییەکەی، بەڵام هێشتا نە میکانیزم و نە مەرجەعیەتێکیان هەیە کە بتوانن کێکەکە لە نێوان خۆیاندا بەش بکەن. دوایین تەرح ئەوەیە کە لەسەر ئەساسی پارێزگاکان، پۆستەکانی هەرێم و دەرەوەی هەرێم دابەش بکرێن. یەکێتییەکانیش وەکو پارتی لە دیاریکردنی هەندێک کەس بۆ هەندێک پۆست لەژێر گوشاری ئیقلیمیدان و ئێران ڕازی نییە هەندێک پۆستی ئەمنیی باڵا دەستاودەستیان پێ بکرێ، ئەوەش وایکردووە کە دابەشکردنەکان هەر ڕۆژە بە جۆرێک بێت. نموونەیەکی سادە ئەوەیە کە لەکاتێکدا هەمووان پێشبینیی دوو ساڵ بە دوو ساڵ بۆ بێگەرد تاڵەبانی و ڕێواس فایەق بۆ سەرۆکایەتیی پەرلەمان دەکەن، لەپڕ جارێکی دیکە ناوی قوباد تاڵەبانی بۆ سەرۆکایەتیی پەرلەمان دێتەوە گۆڕێ. هەمان ئەم تەرحە لەسەرەتاوە لەناو یەکێتییەکاندا هەبوو کە قوباد تاڵەبانی سەرۆکایەتیی پەرلەمان وەربگرێ و دەرباز کۆسرەت ڕەسوڵیش ببێتە سەرۆکی دەزگای ئاسایشی هەرێم و، پۆستە وەزارییەکانی دیکە بە ئەندامانی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی پڕ بکرێنەوە. هەر بۆیەشە ئێستا بەشێکی زۆری ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی یەکێتییەکان بەدوای پۆستەوەن کە لە ڕابردوودا کەمتر ئەو حەزەیان هەبوو.

ئێستا لەناو یەکێتییەکان ئەگەر ئەولەوییەت بۆ پۆستە حکومیەکان بێت، دوای ئەوە ڕازیکردنی ئەوانەیە کە دەکەونە دەرەوەی حکومەت و دەبێ لەناو حزبەکەیاندا بە پۆست و پلە قەرەبوو بکرێنەوە. تا سەرەتای مانگی شەش کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەستبەکار دەبێت و دوای ئەوەش یەک دوو هەفتە دەرفەت لەبەردەم یەکێتییەکاندا ماوە، ئەگەرنا دوور نییە ئەو کابینەیەش بێ وەزیرەکانی یەکێتی سوێند بخوات.

## گۆڕان چی ماوە؟

2

دوو ساڵ بەسەر مردنی ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفادا تێپەڕی. ناهەقییە ئەگەر بگوترێ مردنی ئەو فاکتەرێک بووە بۆ ئەو وەزعەی ئێستا گۆڕان لەڕووی ڕێکخراوەییەوە تێیکەوتووە؛ نوشستییەکە لەسەردەمی ئەوەوە دەستیپێکرد و گۆڕان تووشی سەرگەردانی بوو. گۆڕان لە دوو ساڵی ڕابردوودا، لە ریفراندۆمێک و دوو هەڵبژاردندا کەوتە بەردەم تاقیکردنەوەی گەورە و، لە هەرسێکیاندا بۆی دەرکەوت کە ئیدی تین و تاقەتی جارانی نەماوە. وەک وەرزشکارێک کە ئیتر سەردەمی لاوێتی و گوڕ و تینی لەدەستداوە، دەبێ توانای خۆی بۆ شتێکی دیکە تەرخان بکات.

گۆڕان توانای ئۆپۆزیسیۆنبوونی خۆی لەدەستدا. ئەوەش لە دوو هەڵبژاردنی ڕابردوودا ئەگەر تەزویریشیان لێ نەکرابایە، پێوەی دیار دەبوو. بۆیە خەسڵەت و پێکهاتەی ئەو سەرکردایەتییەی ئێستا، بۆ ئۆپۆزیسیۆنبوون نییە و، بگرە هی کەسانێکی سیاسیی زیرەکە کە بتوانن لە دانوستاندنی بەشداربوون لە دەسەڵاتدا 12 کورسییەکەیان زەربی دوو بکەن.

دەست لەکارکێشانەوەی بەکۆمەڵی کادیر و هەڵسوڕاوانی گۆڕان، دەلالەتە لەوەی کە بزووتنەوەکە لە ماهییەتی بنچینەیی خۆی لایداوە و، بەرگری لە دەستکەوتەکان و بەرکەوتەکانی حوکمڕانی دەکات. بەوەش بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بووەتە دەمڕاستی دەسەڵات. پێگەی جەماوەریی گۆڕان (تەنانەت کادیرانیشیان) بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر کەوتووەتە ژێر هەژموونی پارتی و یەکێتی و هەندێکیان لەبەر عەیبە نەبێ، دەچنە ناو ئەو حزبانەوە.

لەگەڵ پێکهاتنی حکومەتیش، ژمارەیەکی دیکە لەوانەی کە ئومێدی ئەوەیان هەبووە پێگەیەکیان بەرکەوێ و بەریان نەکەوێ، خیلافاتی ناو گۆڕان قووڵتر و بەرەو ئینشیقاق دەبەن. ئەوە بە زەرەری پارتی و لە قازانجی یەکێتییە.

## نەوشیروان مستەفا کەی و لە کوێ وەفاتی کرد؟

3

19ی مایس وەک ساڵیادی مردنی ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفا لە سلێمانی دیاری کراوە. هەق نییە، شوێن و کاتی وەفاتی نەوشیروان مستەفا کە بە زاکیرە ئەفسانەییەکەی بەشێکی گەورەی مێژووی هاوچەرخی کوردی پاراست، هێشتا جێگەی پرسیار بێت. ڕۆژی 19ی مایس کە تەرمەکەی بەخاک سپێردرا و گوترا کە ئەو بەیانییە لە سلێمانی وەفاتی کردووە، وا بڵاوکرایەوە کە چەند ڕۆژێک پێشتر گەڕاوەتەوە سلێمانی.

ئەوە لە کاتێکدا کە پێش یەک دوو مانگ بۆ بەشداری لە پرسەی هاوژینەکەی ڕێگەی پێنەدرابوو سواری فڕۆکە بێت، وەک چۆن مستەفا بارزانیش کە دەیویست لەسەر خاکی کوردستان بمرێت، ڕێگەی پێ نەدرا و لە ئەمریکا وەفاتی کرد.

زانیاریی زۆر هەبوو کە لەکاتی وەفاتیدا لە کوردستان کۆچی دوایی نەکردووە، چونکە ئەو تابووتەی کە پێیانگواستەوە بارکۆدی هێڵی ئاسمانیی تورکیای پێوە بوو، بەڵام ئەوەی بووەتە هۆی وروژاندنی ئەم باسە، ئەوەیە کە عەبدولڕەزاق شەریف دوای دەرکردنی لە بزووتنەوەکە وەک ڕێکخەری ژووری ڕاگەیاندن، لە بەشی دووەمی نووسینەکەیدا دەڵێ عومەری سەید عەلی گوتوویەتی: "تەرمی کاک نەوشیروان لە خەستەخانەیە. لەگەڵ برادەران، دۆستەکانمان هەموو شتێکمان حازر کردووە. ئەمشەو بە تەیارەیەک کە ماڵی مام جەلال حازریان کردووە، درەنگانێک ئەیهێنینەوە بۆ گردەکە و لە ئیسعافێکی سەلاجە دایدەنێین".

هێنانەوەی تەرمی نەوشیروان مستەفا چ پێویستی بە تەیارەیە ئەگەر لە سلێمانی وەفاتی کردبێت؟ دەرکەوت مام جەلال و کاک نەوشیروانیش هەر لە دەرەوەی کوردستان مردوون. بۆ مێژوو ئەوە ڕاست بکەنەوە.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# شینەکە بۆ پارێزگارە یان بۆ گەنمی سووتاو؟

ئەوەی لە ڕۆژانی ڕابردوودا لە کەرکووک و خانەقین و مەخموور بەسەر جووتیارانی کورد هێنرا، بەدڵی یەکێتییە. ئامانجەکەش ئەوەیە گوشار لەسەر پارتی دروست بکەن بۆئەوەی پەلە بکات لە ڕازیبوون بە بەربژێرێکی یەکێتی بۆ پۆستی پارێزگاری کەرکووک. کە دەڵێم بەدڵی یەکێتییە، مەبەستم ئەوە نییە کە یەکێتی خۆی گەنمی ئەو خەڵکە بێکەس و بێدەرەتانە کوردەی ئەو ناوچانە دەسووتێنێ، بەڵکو ئەوەیە کە هەر کەسێک دەیسووتێنێ بەدڵ و ڕەنگە بە چاونووقاندنی یەکێتییەکان لەو ناوچەیە ئەو کارە بکات.

بەڵگەش ئەوەیە کە پارێزگارە سەپێنراوەکەی کەرکووک لە نوێترین لێدوانیدا دەڵێت لەگەڵ یەکێتی هاوبەشییەکی سەرکەوتووانەی هەیە!! بەڵام لەگەڵ پارتیدا نییەتی. جا لە کەس شاراوە نییە کە لەو ڕۆژەوەی ڕاکان جبووری بووەتە پارێزگار، هەڵمەتێکی نوێی تەعریبکردنی بێویژدانانەی نوێ بەرامبەر کورد لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەودا بەڕێوەدەچێ. بەڵگەیەکی ئەو پەیوەندییە باش و سەرکەوتووانەیەی جبووری لەگەڵ یەکێتی هەیەتی و شانازیی پێوەدەکات، ئەو بەڵگەنامەیەیە کە گوایە بەناوی پێکهاتەکانی کەرکووکەوە واژۆ کراوە و تێیدا داوا دەکرێت پارێزگاری سەپێنراو تاوەکو کاتی هەڵبژاردن بمێنێتەوە، هیچ نەبێت وەک جێگری پارێزگار. هەڵبەت یەکێتی باش دەزانێت کە ئەگەر لەگەڵ پارتی پێکهات، ئەو بەڵگەنامەیە هیچ نرخێکی نامێنێ، بەڵام بۆ هاندانی پارتی بۆ پەلەکردن لە یەکلاکردنەوەی پۆستی پارێزگار و بۆ ڕازیکردنی ڕاکان جبووریش ئەو پێشهاتە شتێکی باشە هەبێت.

ئەگەر ڕاستیتان دەوێت دەبێ پەلە بکرێت لە دانانی پارێزگارێکی کورد بۆ کەرکووک، بۆئەوەی چیدیکە خەڵکی ئەو ناوچانە هەست بەو بێکەسییە نەکەن و دۆخەکەش بەرەو ئاڵۆزبوون نەچێت. ئێمە دەزانین کێشەی زەویوزار و کۆمەڵایەتی لەنێو کورد و عەرەب و پێکهاتەکانی دیکەشدا بابەتی هەستیارن و ئەگەر زوو چارەسەر نەکرێن ڕەنگە سەربکێشن بۆ شەڕی نێوان ئەو پێکهاتانە، بەڵام ئەوەی کە بتەوێت لەسەر حیسابی دەغڵودان و قووتی مەمرە و مەژیی جووتیارێکی گەرمیانی گوشار دروستبکەی بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو کەیسە و وەرگرتنی پۆستی پارێزگار، ئەمە شوورەییە.

لەکاتی شەڕی داعشدا بۆ کاری ڕۆژنامەڤانی بە زۆر لەو ناوچانەدا گەڕاوم کە ئێستا ئەو کێشانەیان تێدایە. میوانی دانیشتووانی گوندی مێخاس بووم لە نزیک خانەقین، کە لە ڕۆژانی ڕابردوودا دەغڵودانەکانیان ئاگری تێبەردرا. دەزانم دۆخی بژێویی ئەو خەڵکە چەندە خراپە و دەشزانم چۆن کاتێک زانییان داعش بووەتە هەڕەشە و کەس فریایان ناکەوێت، هەر خەڵکی گوندەکە چەکیان هەڵگرت و شەڕیان لەدژی داعش کرد و خۆیان پاراست. بۆیە بەدووری مەزانن دیسان گوندییەکانی گەرمیان بەرامبەر ئەوانەی دەچنە سەر ماڵ و حاڵیان ئەم کارە بکەن و ئەنجامەکەشی خراپ بێت و شەڕێکیماڵوێرانکەر لەو ناوچانەدا هەڵبگیرسێت.

مەترسییەکی دیکەی سەر ئەو ناوچانە، بەهێزبوونەوەی ئەو هێزانەیە کە خۆیان وەکو داعش دەناسێنن. ئەمە زۆر گرنگتر و پێویستترە کە زووتر لە مەسەلەی پارێزگاری کەرکووکیش یەکلایی بکرێتەوە. شەڕی ئەو هێزانە لە ناوچە دابڕێنراوەکاندا تەنیا بە هاوبەشی لەنێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق دەکرێت. هەر ئەو کارە هاوبەشەش دەتوانێت ڕێگە لە ئاڵۆزیی دیکەی نێوان پێکهاتەکان و بەردەوامبوونی سووتاندنی دەغڵودانی جووتیارانی کورد بگرێت. بۆیە ئەگەر یەکێتی بەڕاستی خەمی خەڵکی ئەو ناوچانەیەتی و شینەکەی بۆ هەریسەکە نییە، دەبووایە لە سەرۆککۆمارەکەیەوە تا دەگاتە پەرلەمانتارە کەرکووکیەکانی، لە بەغدا گوشاری ئەوەیان دروستکردبایە کە جارێکی دیکە پێشمەرگە بەشداربێتەوە لە دۆسیەی ئەمنیی ئەو ناوچانە. پاراستنی دەستوور و یەکپارچەیی خاکی ئەو عێراقەش کە ئەوانە لە ماوەی ڕابردوودا زۆریان لەسەر گوت، هەر بەوە دەکرێت کە ڕێگری بکەن لە هەڵایساندنی ئەو جۆرە شەڕانەی دەبنە هۆی ناکۆکی لەنێوان پێکهاتەکانی عێراق.



هێڤیدار ئەحمەد
ئەندامی پەرلەمانی کوردستان

# 4 مانگ بە ملیارێک دۆلار

لوقمانی حەکیم لەسەر قەرز دەڵێ "بەردم گواستووەتەوە، ئاسنم هەڵگرتووە، بەڵام هیچ شتێک هێندەی قەرز قورس نەبووە"، ڕەنگە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لە هەمووان زیاتر لە مانای ئەم ڕستەیە بگات کاتێک بە قەرز توانی ئەم هەرێمە لە داڕووخان ڕزگار بکات. ئێستاش پێش ئەوەی کابینەکە تەسلیم بکات، زۆرترین قەرزەکانی سەر هەرێمی کوردستان دەداتەوە.

## چەند قەرز هەیە و چۆن دەدرێتەوە

کاتێ نووری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی پێشووتری عێراق بە پێشنیاری هەندێ کەس مووچە و بودجەی هەرێمی کوردستانی لە مانگی شوباتی 2014 بڕی بۆ ئەوەی خەڵک دژی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان ڕاپەڕن، نێچیرڤان بارزانی ئەوکات باش لەبیرمە یەک بەڵێنی دا، ئەویش ئەوە بوو کە پیلانەکە سەرناگرێ، هەرچەندە بەدیلەکە (پاشەکەوت و وەرگرتنی قەرز)، بەدیلێکی قورس بوو، بەڵام سەرئەنجام قەوارەی هەرێمی کوردستان مایەوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان دوو هەنگاوی زۆر ناخۆشی گرتەبەر، یەکەم: پاشەکەوتی مووچە کە سەرەتا 53% لە مووچەی فەرمانبەران پاشەکەوت کرا و ئێستا نزیکەی (10 ملیار دۆلار) لەسەر حکومەت کەوتووە. دووەم: وەرگرتنی قەرز بوو لە کۆمپانیا و بانکەکانی نێو هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی تورکیا، ئەویش 10 ملیار دۆلار بوو. شتی باش لەو دوو قەرزە، هەم پاشەکەوت و هەم قەرزی دیکە، ئەوەیە کە سوودی بانکیی لەسەر نەبووە.

## قەرزەکان چۆن دەدرێنەوە؟

حکومەتی هەرێمی کوردستان 260 ملیۆن دۆلار قەرزداری بانکەکانی نێو هەرێمی کوردستانە. پلانی حکومەت بۆ دانەوەی قەرزی بانکەکان ئەوەیە تاوەکو ساڵی 2022 ئەم قەرزە سفر بکرێتەوە، ئەویش بۆ هەر مانگێک 10 ملیۆن دۆلار دەداتەوە.

قەرزی کۆمپانیاکانیش، حکومەتی هەرێمی کوردستان لەکاتی قەیرانەکە قەرزی داوەتەوە و لە ماوەی ساڵ و نیوێکدا دوو ملیار دۆلار قەرزی داوەتەوە.

بەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دانەوەی قەرزی تورکیا کە لە گەرمەی قەیرانی داراییدا بۆ مووچە و خەرجیی شەڕی داعش وەریگرتبوو، لە مانگی تەمووزی داهاتوو تەواوی ئەو قەرزە دەدرێتەوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی فرۆشتنی نەوتەوە وەک بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری بە منی گوت " بە تێکڕا هەموو مانگێ زیاتر لە 250 ملیۆن دۆلار، ئەو قەرزەی لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە دەدرێتەوە". واتە بەو شێوەیە هەر چوار مانگ یەک ملیار دۆلار قەرز دەدرێتەوە.

ئەگەر بەپێی ڕێککەوتن بەغدا بەردەوام بێ لە ناردنی بەشێک لە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان، ئەوەی بەغدا دەینێرێ لە کۆی 881 ملیار دینار، مانگانە (453 ملیار دینارە)، دەکاتە 59%ی کۆی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان.

ئەمەی لە هەرێمی کوردستان دەگوزەرێ لە مەسەلەی دامەزراندن و ژمارەی زۆری فەرمانبەر و مووچەخۆر لە دنیادا وێنەی نییە. 68%ی داهاتی هەرێمی کوردستان بۆ مووچەیە. پێویستە ئەمە لە پڕۆژەی چاکسازیدا چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە و بەرامبەر ئەوە، حکومەت دەرفەتی کار لە کەرتی تایبەتدا دروست بکات. دەبێ کەرتی تایبەت بەشێوەیەک کارا بکرێ خەڵک بە ئاستەم چاوی لە دامەزراندن بێت.

شتێکی دیکە کە لە مەسەلەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستاندا هەیە و لە دنیادا وێنەی نییە، مەسەلەی دەرماڵەیە، بۆ نموونە ئەگەر فەرمانبەرێک 100 دنیار مووچەی بێ، 57 دیناری دەرماڵەیە و 43 دنیار مووچەی بنەڕەتییە!

## بایۆمەتری دۆلارێکی نەگەڕاندەوە

لەگەڵ سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی و پاشەکەوتی مووچە، حکومەتی هەرێمی کوردستان پەنای بۆ سیستەمی (بایۆمەتری) برد، خەڵک هەندێک ئومێدیان بۆ گەڕایەوە کە ئەم سیستەمە هەرچی بندیوار و سەردیوار هەیە ئاشکرای دەکات و پارەیەکی زۆر بۆ خەزێنەی حکومەت دەگەڕێنێتەوە، بەڵام ئەم ڕێکارە یەک دیناریشی نەگەڕاندەوە. ئەوەتا پێش هەنگاوی حکومەت بۆ پاشەکەوتی مووچە و دواتر کە نەما حکومەت هەمان پارە دەداتە مووچەخۆران، ئەدی کوا بەرهەمی بایۆمەتری!

لە بایۆمەتریدا ئاشکرا بوو کە فەرمانبەری وا هەیە زیاتر لە 4 مووچەی هەیە، بەڵام هیچ ڕێکارێک بۆ ڕاگرتنی نەگیراوەتە بەر. وابزانم جگە لە زیادکردنی خەرجی لەسەر حکومەت، تاوەکو ئێستا ئەو بایۆمەترییە هیچی بۆ حکومەت نەگەڕاندووەتەوە.

## سەرچاوەی داهاتی هەرێمی کوردستان بۆ مووچە

360 ملیار دینار لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکان

453 ملیار دینار لە بەغداوە دێت

61 ملیار دینار وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان

22 ملیار دینار لەلایەن ئەمریکاوە دەدرێ بۆ هێزی پێشمەرگە

سەرجەمی دەکاتە 896 ملیار دنیار، حکومەتی هەرێمی کوردستان 881 ملیاری دەداتە مووچە، خەرجیی مانگانەی حکومەت بۆ دامەزراوەکان و کڕینی دەرمان و پێداویستی قوتابخانە و پڕۆژە و... هتد.

بەگوێرەی ڕێککەوتنی (سیاسی) نێوان هەولێر و بەغدا، حکومەتی عێراق مانگانە 68 ملیار دینار وەکو مووچە بۆ پێشمەرگە خەرج دەکات، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەو پارەیە لە 2019 دا نەگەیشتووە، گریمان گەیشت و وەک دەڵێن بەغدا مووچەی 4 مانگی پێشمەرگە پێکەوە دەنێرێ. ئێستا ئەگەر بینێرێ دەبێتە 5 مانگ. بەڵام لە ئەسڵدا مووچەی پێشمەرگە بە یەکەکانی حەفتا و هەشتاوە مانگانە 140 ملیار دینارە. واتە ئەوەی بەغدا ئەگەر بینێرێت بۆ پێشمەرگە 72 ملیار دیناری کەمە.

بۆ 2020 پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێککەوتنێکی تۆکمەتر لەگەڵ عێراق واژۆ بکات بۆ دەستەبەرکردنی شایستەی دارایی زیاتری هەرێمی کوردستان. بەڕێز نێچیرڤان بارزانی کاتێ کابینەی هەشتەمی گرتە دەست، قەیران دوای قەیران بەرۆکی حکومەتەکەی گرت، ئێستاش نەخشەڕێگای داناوە بۆ نەهێشتنی ئاسەوارەکانی ئەو قەیرانانە. حکومەتی داهاتوو دیسان هەر لە دەستی پارتی دیموکراتی کوردستاندا دەبێ، بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکایەتی ئەو حکومەتە دەکات و سەرەتای کارکردنی حکومەتی داهاتوو، هەنگاوی تەواوکاری کابینەی هەشتەم دەهاوێژێت کە چاکسازییە و ئەمە ئێستا پێش هەموو لایەنێک خواستی پارتی و پارتییەکانە و قسەیەک هەیە دەڵێ "ئەوەی لەسەر بیر بێ، دەبێ بە تەدبیر بێ".

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

**RÛDAW**

ئەردەوان کامکار:

## 100 هەزار سەنتوورژەن لە ئێران هەن

10




خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەری نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: بەختیار مستەفا bextyar@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران: هونەر مەرجان، کاکە مەلا ئەسعەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی Tel: 0751 811 00 04 – 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net









